حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی
سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# کارایی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوا لە ژینگەی هاریکاری لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا

نامەیەکە

پێشکەش ئەنجومەنی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی-زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پەروەردە- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان

لە لایەن
ئاوات کەریم مستەفا

بە سەرپەرشتی
پ.د. سۆلاڤ فایەق محمد

٢٧١٦کوردی ٢٠١٦زاینی

**بڕیاری سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (کارایی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوا لە ژینگەی هاریکاری لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازانی پۆلی هەشـــتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا) لە لایەن فێرخواز (ئاوات کەریم مســـتەفا)ەوە بە چاودێریی من لە زانکۆی ســـلێمانی – ســـکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی- ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە پەروەردە- ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژوودا.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: پ.د. سۆلاڤ فایەق
ڕێکەوت: /   /   ٢٠١٧

## بڕیاری لێپرسراوی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەو پێشنیار و ڕێنماییانەی لە لایەن سەرپەرشتیار و هەڵسەنگێنەری زمانەوانی ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د نزار شکور شاکر
ڕێکەوت: /    /    ٢٠١٧

**بڕیاری سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

بەپێی ئەو پێشنیاری لیژنە خوێندنی باڵا ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت: /     /     ٢٠١٧

**بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (کارایی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشـــیکاوا لە ژینگەی هاریکاری لەســـەر دەســـتکەوت و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازانی پۆلی هەشـــتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا) لەژێر چاودێریی من پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، بە جۆرێکە هەڵە و گوزارشـــتی زمانەوانی نادروستی تێدا نییە و لەو پێناوەدا واژۆم کرد.

واژۆ:

ناو:

ڕێکەوت: /    /    ٢٠١٦

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن**

ئێـــمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگـــۆ و هەڵســـەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (کارایی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوا لە ژینگەی هاریکاری لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازانی پۆلی هەشـــتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا)، خوێندەوە و لەگەڵ فێرخواز (ئاوات کەریم مســـتەفا)دا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد، بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (      ) بڕوانامەی ماستەر لەپەروەردە/ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی مێژووی پێبدرێت.

سەرۆکی لیژنە
واژۆ :
ناو:
ڕێکەوت : / / ٢٠١٦

ئەندام و سەرپەرشتیار
واژۆ:
ناو:
ڕێکەوت: / / ٢٠١٦

ئەندام
واژۆ:
ناو:
بەروار : / / ٢٠١٦

ئەندام
واژۆ :
ناو:
ڕێکەوت: / / ٢٠١٦

لە لایەن ئەنجوومەنی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی پەسەند کرا.

ڕاگری سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی
ڕێکەوت / / ٢٠١٦

﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾

سورة: المائدة

اية: (٢)

**پێشکەشە بە:**

**دایکم کە پارچەیەکە لە میهرەبانی**

**ڕۆحی باوکم**

**خوشک و براکان**

**هەموو ئەوانەی بەردەوام تێدەکۆشن دژی جەهالەت و نەزانی**

**هەڵبەتە ئەگەر شیاوی گەورەیتان بێت**

**توێژەر**

# سوپاس و پێزانین

– لە سەرەتاوە دەبێت سوپاسی (د.سۆلاڤ فایەق) بکەم کە سەرەڕای قبوڵکردنی وەک سەرپەشتیار، لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا زەحمەتی زۆری کێشا لەگەڵمدا، هیوادارم تەمەندرێژ بێت.

– هەروەها دەبێت سوپاس دایکی ئازیزم بکەم کە بەردەوام لە ژیانمدا پاڵپشتم بووە و قوربانی گەورەی داوە، سوپاسی خوشک و براکانم دەکەم کە هەموو کات گەورەترین یارمەتیدەرم بوون.

– سوپاسی هاوڕێی ئازیزم (کامەران ئەحمەد) دەکەم، کە لەخۆبووردوانە هەرکات پێویستم بە یارمەتی بووبێت دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووم خوا نموونەی زۆر بکات.

– سوپاس مامۆستا (شەهلا) دەکەم کە ماندوونەناسانە یارمەتیدەرم بووە.

– سوپاسی یەکە بە یەکەی کارمەندانی کتێبخانەی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی سلێمانی دەکەم کە زۆر یارمەتیاندام.

– لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا ئازیزانە دەکەم کە بە بیرکردنەوەکانیان تاریکیی ڕێگای ژیانمیان ڕووناک کردۆتەوە.

– سوپاسی ئەو شارەزا و پسپۆڕانەش دەکەم کە دروستی زمانەوانی و زانستی فۆرمەکانیان دەرهێناوە.

– سوپاسی خوێندنگای گەلاڕێزانی کچانی بنەڕەتی دەکەم کە هاوکارییان کردم لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا.

توێژەر

# پوختەی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کارایی هێڵکاریی ئیشکاوایە لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو لە شاری سلێمانی، میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی نیمچەئەزموونی کە پێک هاتبوو لە دوو گروپی (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو)، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٥٠) فێرخوازی کچ کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون، هاوئاستکردنی گۆڕاوەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەم بوارانەدا کراوە: (تەمەن، نمرەی فێرخوازەکان، ئەنجامی زیرەکی، وەدەستهێنانی بڕوانامەی باوکان، وەدەستهێنانی بڕوانامەی دایکان.) ماوەی تاقیکردنەوەکە (ماوەی وانەوتنەوەکە) دیاری کردووە، بۆ فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) بە (٣) مانگ بە تێکڕای (٢٤) بەشە وانەی مانگانە. واتە بە کۆی (٧٢) بەشە وانە بۆ هەر کۆمەڵەیەک لەو دوو کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی یەکسان، کە تاڕادەیەک گۆڕاوەکان کۆنترۆڵکراون.

## گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

-هەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥)، بە تێکڕایی ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی وەدەستهێنانی پراکتیزەکراوی پاشینە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵکاریی ئیشکاوە خوێند بوو، لە چوارچێوەی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، وەک لە فێرخوازانی گروپی کۆنترۆکراو کە بەپێی ڕێگەی ئاسایی وانەیان وەرگرتبوو.

-نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥) بە تێکڕایی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هەر دوو پراکتیزەکردنی پێشینە و پاشینە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە خوێندنیان بەپێی شێوازی باو (ئاسایی) وەرگرتبوو.

-بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥) بە تێکڕایی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هەر دوو پراکتیزەکردنی پێشینە و پاشینە لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی فێرخوازانی گروپی ئەزموونکراو، کە خوێندنیان بەپێی شێوازی هێڵکاریی ئیشکاوە خوێندبوو، لە چوارچێوەی فێربوونی هاریکاری بە گروپ.

-نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥) بە تێکڕایی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هەر دوو پراکتیزەکردنی پێشینە و پاشینە، لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە خوێندنیان بەپێی شێوازی باو (ئاسایی) وەرگرتبوو.

-بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥) بە تێکڕایی ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی پراکتیزەکراوی پاشینە، لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێلکاریی ئیشکاواوە خوێند بوو، لە چوارچێوەی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، فێرخوازانی گروپی کۆنترۆکراو کە بەپێی ڕێگەی ئاسایی وانەیان وەرگرتبوو.

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی پێشکەش کرد کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

- چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و بابەتانەی کە گرنگی بە بیرکردنەوەی تێڕامانی دەدەن لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانە و کەسانی پسپۆڕ.
- پێویستە بەردەوام ۆرکشۆپ بۆ مامۆستایانی مێژوو بکرێتەوە، لە هێلکاری و پڕۆگرامەکانی تایبەت بە بیرکردنەوەی تێڕامانی ئاگادار بکرێنەوە و فێر بکرێن.
- زیادکردنی وانەیەکی تر کە گرنگی بە بیرکردنەوە بدات، بەتایبەت وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، چونکە ئێستا لە گشت وڵاتە پیشکەوتووەکان گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدرێت.

## پێرستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناونیشان | |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | ب |
| بڕیاری لێپرسراوی خوێندنی باڵا | ت |
| بڕیاری سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | ث |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی | ج |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | ح |
| ئایەتی قورئان | خ |
| پێشکەشکردن | د |
| سوپاس و پێزانین | ذ |
| پوختەی توێژینەوە | ر |
| پێرستی ناوەڕۆک | س |
| پێرستی خشتەکان | ض |
| پێرستی هێڵکارییەکان | ط |
| پێرستی پاشکۆکان | ط |
| **بەشی یەکەم** | |
| ١-١کێشەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١-٢:گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١-٤: گریمانەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١-٥: سنووری توێژینەوەکە | ٦ |
| ١-٦: دیاریکردنی زاراوەکانی | ٧ |
| **بەشی دووەم** | |
| ٢-١:ئەدەبیاتی توێژینەوەکە | ١١ |
| ٢-١-١: هێلکارییە مەعریفییەکان | ١١ |
| ٢-١-١-١: ڕێکخستنەوەی شێوە و تیۆری سکیما | ١١ |
| ٢-١-١-٢: ڕێکخستنەوەی شێوە و هەر دوو نیوە گۆی مێشکی لای ڕاست و چەپ | ١٢ |
| ٢-١-١-٣: ڕێکسختنەوەی شێوەکان و شێوازی فێرکردن | ١٢ |
| ٢-١-١-٤: بەکارهێنانی ڕێکخستنەوەی شێوەکان | ١٣ |
| ٢-١-٢: ستراتیژی ئیشیکاوا | ١٤ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٢-١: چەمکی ستراتیژی ئیشیکاوا | ١٥ |
| ٢-١-٢-٢: هەنگاوەکانی ستراتیژی ئێسکی ماسی | ١٦ |
| ٢-١-٢-٣: لایەنە ئەرێنییەکانی (پۆزەتیڤ) بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکی ماسی: | ١٨ |
| ٢-١-٢-٤: ڕۆڵی مامۆستا لە پراکتیزەکردنی ستراتیژی ئێسکی ماسی لە وانەوتنەوەدا: | ١٩ |
| ٢-١-٢-٥:ڕۆڵی فێرخواز لەم ستراتیژییەدا | ٢٠ |
| ٢-٢-٦: تایبەتمەندییەکانی ئەم ستراتیژە | ٢١ |
| ٢-١-٣: فێربوونی هاریکاری | ٢١ |
| ٢-١-٣-١: کارلێکی نێو پۆل لە شێوازی فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢١ |
| ٢-١-٣-٢: تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی پۆلێکی هاریکاری بە گروپ | ٢٢ |
| ٢-١-٣-٣: ئامرازەکانی  فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٥ |
| ٢-١-٣-٤: ڕاسپێردراوەکانی دانیشتنەکانی وروژێنەری بیرکردنەوەی لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٦ |
| ٢-١-٣-٥: هەڵسەنگاندنی فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٦ |
| ٢-١-٣-٦: جۆرەکانی  فێربوونی هاریکاری بەگروپ | ٢٧ |
| ٢-١-٣-٧: هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، ئەمانەی خوارەوەن | ٢٨ |
| ٢-١-٣-٨: سوودەکانی  فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٨ |
| ٢-١-٣-٩: بنەماکانی پێکهێنانی گروپ | ٢٩ |
| ٢-١-٣-١٠: ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٩ |
| ٢-١-٣-١١: نموونەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپ | ٢٩ |
| ٢-١-٣-١٢: بنەماکانی فێربونی هەرەوەزی | ٣١ |
| ٢-١-٣-١٣: ڕێوشوێنەگرتنەبەری فێربوونی هەرەوەزی | ٣١ |
| ٢-١-٣-١٤: لایەنە ئەرێنیەکانی فێرکردنی هەرەوەزی وەک ستراتیژییەکی وانە وتنەوە | ٣٢ |
| ٢-١-٣-١٤-١: دەستکەوتی فێرخواز لە ڕێگەی فێربوونی هەرەوەزییەوە | ٣٢ |
| ٢-١-٣-١٤-٢: کارامەییەکانی فێربوونی هەرەوەزی | ٣٣ |
| ٢-١-٣-١٤-٣: ستراتیژییەکانی فێربوونی هەرەوەزی | ٣٣ |
| ٢-١-٤-١: جۆرەکانی بیرکردنەوە | ٣٨ |
| ٢-١-٤-٢: بیرکردنەوەی تێڕامانی | ٣٨ |
| ٢-١-٤-٣: گرنگی فێرکردنی تێڕامانی | ٣٩ |
| ٢-١-٤-٤: فێرکردنی تێڕامانی لە ڕووی زمان و زاراوەوە | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٤-٥: گرنگی بیرکردنەوەی تێڕامانی | ٤١ |
| ٢-١-٤-٦: قۆناغەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی | ٤٢ |
| ٢-١-٤-٧: ڕۆڵی فێرکردنی تێڕامانی لە باشکردنی فێرکرندا | ٤٣ |
| ٢-١-٤-٨: فێرخوازی تێڕاماو | ٤٦ |
| ٢-١-٤-٩: فێرکردنی تێڕامانی | ٤٨ |
| ٢-١-٤-١٠: ڕێگرەکانی بەردەم فێرکردنی تێڕامانی | ٤٩ |
| ٢-١-٤-١١: ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردنی تێڕامانی | ٥٠ |
| ٢-١-٤-١٢: ئەو تەکنیکەکانەی کە هاوکاری پیادەکردنی تێڕامانی دەدەن | ٥٠ |
| ٢-١-٤-١٣: کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بیرکردنەوەی تێڕامانی | ٥١ |
| ٢-٢: توێژینەوەکانی پێشووتر | ٥٤ |
| **بەشی سێیەم** | |
| ٣-١: میتۆد و دیزاینی توێژینەوەکە | ٥٩ |
| ٣-٢:کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە | ٦٠ |
| ٣-٣:نموونەی توێژینەوەکە | ٦٠ |
| ٣-٤: هاوتاکردنی گۆڕاوەکانی نموونەی توێژینەوەکە | ٦٠ |
| ٣-٤-١:تەمەن ژمێردراو بە مانگ | ٦١ |
| ٣-٤-٢: نمرەی ڕابردووی فێرخوازان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤): | ٦٢ |
| ٣-٤-٣: ئاستی ژیری | ٦٢ |
| ٣-٤-٤: دەستکەوت خوێندنی باوک | ٦٣ |
| ٣-٤-٥: دەستکەوت خوێندنی دایکان | ٦٤ |
| ٣-٥: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٦٥ |
| ٣-٦: دروستی ناوەکی و دەرەکی لە دیزاینی توێژینەوەکدا | ٧٥ |
| ٣-٧: ئامرازە ئامارییەکان | ٧٧ |
| **بەشی چوارەم** | |
| ٤-١:دەرئەنجامی توێژینەوەکە | ٨١ |
| ٤-٢:خستنەڕووی دەرئەنجامەکان | ٨١ |
| ٤-٣:دەرئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە | ٨٥ |
| ٤-٤: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٨٥ |
| ٤-٥: پێشنیازی توێژینەوەکە | ٨٦ |
| سەرچاوەکان | ٨٨ |
| پاشکۆکان | ٩٤ |

## پێرستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
| --- | --- |
| ٦٠ | خشتەی (١) ژمارەی هەردوو گرووپی ئەزموونی کۆنترۆڵکراو |
| ٦١ | خشتەی (٢) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی تەمەن بۆ هەر دوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو |
| ٦٢ | خشتەی (٣) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی نمرەی ڕابردووی خوێندکاران لەنێوان ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو |
| ٦٣ | خشتەی (٤) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی ئاستی زیرەکی لەنێوان ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو |
| ٦٤ | خشتەی (٥) بەهای هاوکۆلکەی کای دووجای دووبارەبووەوەی دەستکەوتی خوێندنی(بڕوانامە)ی باوکان هەر دوو گرووپەکانی توێژینەوەکە |
| ٦٥ | خشتەی (٦) بەهای هاوکۆلکەی کای دووجای دووبارەبووەوەی دەستکەوتی خوێندنی(بڕوانامە)ی دایکان هەر دوو گرووپەکانی توێژینەوەکە |
| ٦٦ | خشتەی (٧) یەکەکانی بابەتی خوێندن |
| ٦٨ | خشتەی (٨) نەخشەی تاقیکردنەوە بۆ ئامانجە ڕەفتارییەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| ٦٩ | خشتەی (٩) جۆر و ژمارەی بڕگەکان بۆ هەر پرسیارێک لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| ٧٥ | خشتەی (١٠) هاوکێشەی ئاسانی و قورسی و جیاکاری و پێوەری ئەنجامگیری |
| ٨١ | خشتەی ژمارە (١١) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت لەنێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینە |
| ٨٢ | خشتەی ژمارە (١٢) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێرامانی لەنێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینە |
| ٨٣ | خشتەی ژمارە (١٣) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێرامانی لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو |
| ٨٤ | خشتەی ژمارە (١٤) دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێرامانی لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ گرووپی ئەزموونی |

## پێرستی هێڵکارییەکان


| ناونیشانی هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|
| هێڵکاریی (١) کە هەنگاوەکانی ستراتیژی هێڵکاریی ئیشیکاوا ڕوون دەکاتەوە | ١٧ |
| هێڵکاری (٢) میتۆد و دیزاینی توێژینەوەکە | ٥٩ |


## پێرستی پاشکۆکان


| ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پاشکۆی (١) زانیاری دەربارەی خوێندکار | ٩٥ |
| پاشکۆی (٢) نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ ئەنجامدانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە | ٩٦ |
| پاشکۆی (٣) پێوەری وێلسۆن و ئایزنک بۆ بیرکردنەوەی تێڕامانی | ٩٧ |
| پاشکۆی (٤) خشتەی شیکاری ئامانجە ڕەوشتییەکان بە پێی ئاستەکانی پۆلێنکاری بلوم | ١٠١ |
| پاشکۆی (٥) لیستی ناوی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە فۆڕمی توێژینەوەکەیان هەڵسەنگاندووە | ١٠٩ |
| پاشکۆی (٦) نمرەی ساڵانی پێشووی خوێندکاران | ١١٠ |
| پاشکۆی (٧) کلیلی وەڵامەکانی تاقیکردنەوەی زیرەکی | ١١٢ |
| پاشکۆی (٨) تاقیکردنەوەی زیرەکی | ١١٣ |
| پاشکۆی (٩) پلانی ڕۆژانە | ١٢١ |
| پاشکۆی (١٠) تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی | ١٢٥ |
| پاشکۆی ژمارە (١١)تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ١٢٩ |
| پاشکۆی ژمارە (١٢) تاقیکردنەوەی زیرەکی | ١٣٣ |

# ١- بەشی یەکەم

# ناساندنی توێژینەوەکە

## The Theoretical Framework of Research

١-١: کێشەی توێژینەوەکە

١-٢: گرنگی توێژینەوەکە

١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە

١-٤: گریمانەکانی توێژینەوەکە

١-٥: سنووری توێژینەوەکە

١-٦: دیاریکردنی زاراوەکان

# ١:(ناساندنی توێژینەوەکە)

## ١-١: کێشەی توێژینەوەکە (Research Problem):

ئاڕاستە پەروەردەییە نوێیەکان لەسەر پێویستی هەمەچەشنەکردن لە شێوازی وانەوتنەوە و ستراتیژییەکانی جەخت دەکەنەوە، تاوەکو فێرخواز هەوڵ بدات خودی خۆی ببێتە بڕیاردەرێک بۆ فێرکردن و کۆششکردنی لە بواری خوێندن و دۆزینەوەی زانیارییەکان. بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکان و بەکارهێنانی کارامەییە خۆییەکانیان لە پرۆسەی فێرکردندا، بگرە ئەمەش هەرگیز نایەتە دی گەر ڕۆڵی مامۆستای باو گۆڕانکاریی تێدا نەکرێت، مامۆستا بووەتە تەنیا سەرچاوەیەک بۆ زانیارییەکانی فێرخواز. لە کاتێکدا دەبێت بۆ فێرکردن ڕۆڵی وەک ڕاوێژکار و شارەزا و ڕێپیشاندەر و ئاسانکار بێت، سەرباری ئەمەش فێرزانێکە لەگەڵ فێرخوازەکاندا، ڕۆڵی وروژێنەری پرسیارەکان و ڕەخنەگر و ڕاڤەکردن دەبینێت و هاوڕێیانە و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و بیروبۆچوونەکانیان دەوروژێنێت، هاوکارییان دەکات بۆ گۆڕینی کارامەییەکانیان لە هەڵوێستێکی نوێدا، هەمەچەشنی لە بەکارهێنانی ستراتیژییە نوێیەکان کە بگونجێت لەگەڵ هەڵوێستە فێرکارییەکاندا. بایەخ و گرنگییەکی زانستی زۆر درا بە بابەتەکانی بیرکردنەوە، کە ئەم بایەخدانەش خۆی دەبینێتەوە لە گەشەپێدانی ستراتیژی وانەوتنەوەی و مەشق و ڕاهێنان و پلاندانان بۆ پرۆگرامەکانی فێرکردن و مەشقەکان و ئەنجامدانی توێژینەوەی پێویست لەم بوارەدا. پراکتیزە پەروەردەیی و دەروونییەکان، کە کاریان بە بنەماکانی پەروەردەیەکی مەبەستدار کردووە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئەویش بۆ ڕێکخستنی هزر و بیرکردنەوەی فێرخوازان و سوود وەرگرتن لە تواناکانیان و بەگەڕخستنیان لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرنامەیەک، کە پێداویستییەکانیان پڕ بکاتەوە و هاوکارییان بکات بۆ گەشەیەکی دروست، بەوپێیەی هزر و بیرکردنەوە دادەنرێن بە ئامرازێکی بنچینەیی بۆ دەستکەوتی زانیاری. ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە لەوە دەرچوو، کە تەنیا بە زانیاری و ڕاستی شتەکان مێشکی فێرخواز پڕ بکات، بەڵکو ئەو خاڵەی تێپەڕاند و ئێستا کار بۆ گەشە و فێرکردنی بیرکردنەوەی فێرخواز دەکات، تاوەکو تاکەکان بتوانن بەپێی داواکارییەکانی ژیانێکی هاوچەرخ ڕەفتار بکەن. (**أبو جادو و نوفل: ٢٠١٠ :٢٩**).

لەبەر ئەوە پێویستە مەشق و ڕاهێنان بە فێرخوازەکانمان بە شێوەیەی گشتی و بە تایبەتی بکرێت، ببێتە هۆی گەشەکردن و هانیدانیان، سەرەڕای مەشق و ڕاهێنان، دەکرێت لەسەر گەشەی تواناکانیان بۆ بەهێزکردنی پلاندانی خودی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ گرفت و کێشە مێژووییەکان بۆ گەیشتن بە ڕاڤە و لێکدانەوەیەک، بەمەش فێرخوازان دەبنە چاودێرێک بۆ زانیارییەکانیان و ئاستی بیرکردنەوەویان و پێشکەوتن لە بابەتەکانیاندا.

فێرکردنی کارامەیی بیرکردنەوەی  نایەتەدی لەژێر ســـایەی خوێندنێکی باودا، لە بەرانبەر ئەوەشدا پێویستە گەڕان بەدوای ستراتیژێکی وانەوتنەوەی تر ئەنجام بدرێت، کە هاوکاری مامۆستایان بکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەدا، لە ڕێگەی کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی توانا عەقڵییەکانی فێرخواز، تاوەکو زیاتر توانایان هەبێت بۆ بەسـتنەوەی زانیارییە نوێیەکان بە زانیارییەکانی پێشووییانەوە، لەم بارەیەوە زۆرێک لە پەروەردەکاران بایەخ و گرنگی بـە وەســـتهێنـانی کـارامـەییـە بیرکردنەوەی یـەکـانی فێرخواز دەدەن، لـەپێنـاو بەرزکردنەوەی ئاسـتی هۆشـیارییان و ئاڕاسـتەکردنی بیرکردنەوەیان بۆ ئاڕاسـتەیەکی گونجاو و شیاو. (**زیتون:٢٠٠٩: ٩٥**)

لەم ماوەیەدا گرنگی زۆر دراوە بە فێرخواز تاوەکو ببێتە چەقی فێربوونی پرۆســـەی فێرکاری، ڕۆڵی مامۆسـتاش خۆی لە ئاسـانکاری بۆ پرۆسـەی فێربوون و پشـتگیریکردنی فێرخواز دەبینێتەوە، فێرخواز دادەنرێت بە تەوەرەی پرۆسەی فێرکردن تاوەکو درک بکات بە بایەخی پرۆسەی فێربوون و زیاتر ڕۆچێت بۆ نێو تێگەیشتنی چەمکەکان و لێکدانەوە و ڕاڤەیان بۆ بکات و ڕەهەندەکانیان بدۆزێتەوە، زیاتر بیرکردنەوە و تێڕامانیان بۆ ئەنجام بدات.

لەم بوارەدا ژمارەیەک ســـتراتیژی نوێ دەرکەوتن، کە هەوڵ بۆ دەســـتکەوتی توانای بیرکردنـەوەی تێڕامـانی فێرخواز دەدەن، کـە بـە ســـیســـتمـەکانی زانیـاری (هێڵکـارییـە فێرکارییەکان) ناوزەد دەکرێن. (**امبو سعيدى و البلوشي: ٢٠١١ :٤٢٧**).

لەو سـتراتیژانەش سـتراتیژی ئێسـکەماسـییە (Fish Bone) یان هێڵکاریی ئیشـکاوایە (Ishikawa Diagram)، ئەو ستراتیژییە، کە هاوکاری فێرخواز دەکات بۆ کاراکردنەوەی زانیارییەکانی پێشـــووتری و بیکاتە پێگەی دەرچوون یاخود تەوەرەی جەختکردنەوە، بۆ بەســـتنەوەی بە زانیارییە نوێیەکانی و پێشـــبینی شـــێوازی نوێ لە زانیارییەکان بکات و هەروەها فیدباک بۆ زانیارییەکانی کە فێری بووە بکات، بۆ تێگەیشـــتنی بابەتەکان و بەگەڕخستنی زانیارییە بونیادییە هاوشێوەکانی. (**إبراهيم :٢٠٠٥: ١٢٤**).

ئەمەش وای کرد توێژەر شـــوێنپێی پســـپۆڕان و شـــارەزایانی ڕێگەی وانەوتنەوە و دەروونناسان بگرێتەبەر، پێداچوونەوە بۆ توێژنەوەکانی پێشووتر بکات، کە پراکتیزەکراون بۆ سـتراتیژییەکانی سیسـتەمی زانیارییەکان، لە نێویاندا سـتراتیژی (هێڵکاریی ئیشـکاوا)ی هەڵبژارد، کە یەکێکە لە ســـتراتیژییەکانی ســـیســـتەمی زانیارییەکان، ســـەرەڕای ئەمەش هاوکاری فێرخوازان دەکات بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتە فێرکارییەکان و بەستنەوەیان بە کارامەییەکانی پێشـووترییەوە، ئەوەش دەبێتە باشـترین شـێوە تیگەیشـتن لە ناوەڕۆکی ڕاســـتییەکان و چەمکەکان. ئەمە وەها لە مامۆســـتایانی وانەی مێژوو دەکات وەک یەک ســـەیری هەموو فێرخوازان لەنێو پۆلدا بکەن و جیاوازیی تاکایەتی لەنێویاندا لە بەرچاو بگرن، کەشـــێکی هاریکاری گروپی بســـازێنێ لەنێو پۆلدا، تاوەکو ببێتە گەشـــەپێدەر و

وورژێنەری کارامەیی پرسـیارکردن و ڕەخنەگرتن لە بیروبیرکردنەوەی یەکتر. دەتوانرێت گرفتەکە دیاری بکرێت، لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە:

- ئایا کارایی بەگەرخستنی ستراتیژیی ئێسکەماسی چییە لە ژینگەیەکی هاریکاریی گرووپیدا، بۆ دەستکەوتەکانی فێرخواز لەناو پۆل، پەرەدان بە گەشەی بیرکردنەوەی تێڕامانیان لە وانەی مێژوودا؟

## ١-٢:گرنگی توێژینەوەکە (Research Significance):

ئێستا دنیا لە گۆاڕنکارییەکی یەکلاکەرەوە دایە، گرنگییەکی زۆر بە زانیاری و ڕۆڵی لە پێشکەوتن و گەشەکردندا دراوە، بە شێوەیەک کە ببێتە بزوێنەری پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش لە ئەنجامی ئەو شۆڕشانەی لە بواری زانست و پەیوەندییەکاندا هاتوونەتە کایەوە، گۆڕانکارییەکی بەرچاویش لە شێوازەکانی فێرکردندا ئەنجام دراوە، کە ئەمەش وای کردووە پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی گرنگ و پڕبایەخ لە بنیاتنانی زانیارییەکان و هاتنەکایەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بگێڕێت، کە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت وەک لەوەی لە ڕابردوودا هەیبووە، ڕوونتر بڵێین ئێستاکە چاکسازییەکانی بواری فێرکردن، یەکێکە لە خواستە گرنگەکانی زۆربەی وڵاتانی دنیا.

ئەگەر کۆمەڵگە نوێیەکان، کۆمەڵگایەکی خێران بن لە گۆڕانکارییەکاندا، کە پەرەدراوە بە بوارەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ و زانستی نوێ و میتۆدەکانی، ئینجا پراکتیزەکردنی ئەمانە تاوەکو زیاتر خێرا و گۆڕاوتر بن، خەڵکی لەنێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، هەوڵ دەدەن بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بگەنەوە، کە لەم نێوەندەدا بێگومان ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەر بواری پەروەردە، پێویست دەکات زۆر بە ڕوونی و ئەرێنییانە وەڵامدانەوەیان لەگەڵ ئەم خواستانەدا هەبێت. لەبەرئەوە پێویستە پەروەردە بەو سیفەتەی کە هۆیەکی کارایە، هاوشانی ئەم گۆڕانگارییانە بێت، ئەویش پاڵپشت و ئاڕاستەکاریی گۆڕانکارییەکان بێت. ببێتە پەروەردەییەکی دروست، وەڵامدەرەوەی دۆخی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییەکانی بێت. لە ڕاستیدا پەروەردە خۆی لە چەند ئامانج و میتود و شێوازێکی جێگیر و نەگۆڕ نابینێتەوە، بەڵکو بەردەوام بۆ پێداچوونەوەی دۆخەکانی کۆمەڵگا و ڕاستییەکانی هەوڵ دەدات، پێداویستییەکانی نوێ بکاتەوە و پڕی بکاتەوە و چارەسەری گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگە بکات، کە ڕۆژانە لە گۆاڕنکارییدان.

گومانی تێدا نییە، ئەو گۆاڕنکارییانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێن، ڕەنگدانەوەی گرنگییان دەبێت لە بوار و میتۆد و شێوازی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و پەرتووک و ئەو شێوازانەی باسی دەکات، بەوپێیەی بابەتەکان باس لە ئادەمیزاد و ژینگەی دەوروبەری دەکەن.

لەم ڕێگەیەوە گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی ستراتیژێک لە ستراتیژەکانی بواری بیرکردنەوەی تێرامانی لە پسپۆڕی مێژوودا.
٢- توێژینەوەکە یەکەم توێژینەوەیە کە لە بواری هێڵکاری ئێسکەماسی ( Fishbone Diagram) و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی مێژوو لە کوردستان (بەپێی زانیارییەکانی توێژەر) لەگەڵ فێرخوازەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ئەنجام دراوە.
٣- توێژینەوەکە دەبێتە پێگەیەک بۆ توێژەران و فێرخوازانی خوێندنی باڵا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە و پەرەپێدانی.
٤- سوودی هەیە بۆ دەزگا و دامەزراوە پەروەردەییەکان، بۆ ئەوەی سوود لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ببینن.
٥- ئاراستەکردنی پلاندانەران و داڕێژەری میتۆدی وانەی مێژوو و شێوازی وتنەوەی بۆ هەموو قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، کە بایەخ و گرنگی بدەن بە لایەنی سۆزداری بابەتەکان و جەخت بکەنەوە لەسەر پێویستی ئەنجامدانی چالاکی لەنێو پۆلی خوێندنگەوە و دەرەوەیدا.
٦- گرنگی هەیە لە بواری بیرکردنەوەی تێراماندا و دەکرێت ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن سوودی لێ ببینن.

## ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە (Research Objectives):

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی کارایی بەگەڕخستنی هێڵکاری ئێسکەماسی لە چوارچێوەی فێربوونی هاریکاری گروپیدا، لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی لە بابەتی مێژوو لە لای فێرخوازان، ئەویش لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە گریمانانەکانی توێژینەوەکەدا.

## ١-٤: گریمانەکانی توێژینەوەکە (Research Hypothesis):

لەبەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە ئەم گریمانەدانە داڕێژرا:

١- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥)، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشینە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانە دەخوێنن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوا لە ژینگەی هاریکاریدا، لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی پاشینە، لای فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانە دەخوێنن.

٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥)، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی پاشـــینە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانە دەخوێنن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشـــیکاوا لە ژینگەی هاریکاریدا، لەنێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی پاشـــینە، لای فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانە دەخوێنن.

٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥)، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی پێشینە و پاشینە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانە دەخوێنن لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوا لە ژینگەی هاریکاریدا.

٤- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ئاماژەی (٠،٠٥)، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تـاقیکردنـەوەی بیرکردنەوەی تێرامـانی پێشـــینە و پـاشـــینـە لای فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە بەڕێگەی ئاسایی وانە دەخوێنن.

## ١-٥: سنووری توێژینەوەکە (Limitation of Research):

سنووری توێژینەوەکە لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- سنووری مرۆیی: فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

٢- سنووری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠١٤- ٢٠١٥).

٣- سنووری شوێن: خوێندنگای (گەلاڕێزانی کچانی بنەڕەتی) لە شاری سلێمانی.

٤- ســـــنووری بابەت: بەشـــــی مێژووی کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پۆلی هەشـــــتەمی بنەڕەتی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردســـــتانەوە دانراوە بۆ ســـــاڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥).

کە لەم بابەتانە پێکهاتووە:

بەندی یەکەم: سەردەمی پێغەمبەر (د.خ).

بەندی دووەم: دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا.

بەندی سێیەم: کوردستان لە سەردەمی ئیسلام.

بەندی چوارەم سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی.

بەندی پێنجەم: دەوڵەتی عەبباسی.

## ١–٦: دیاریکردنی زاراوەکانی (Term Definitions):

### ١–٦–١: هێڵکاریی ئیشیکاوا (Ishikawa diagram):

آ– هێڵکاریی ئیشیکاوا: بریتییە لە هێڵکارییەک کە لە شێوەی ئێسکی ماسیی دایە، بەکار دێت بۆ شیکردنەوەی کێشەیەک لە ڕێگەی چارەسەرکردن و شیکردنەوەی کێشە لاوەکییەکان کە بوونەتە هۆی دروست بوونی کێشە سەرەکییەکە. (**دعیم: ئینتەرنێت: الثلاثاء، 31 كانون ثاني 2012، 16:05**)

ب– هێڵکاریی ئیشیکاوا: کە هێڵکاریی دەرئەنجام و هۆ یان ئێسکی ماسییش ناسراوە، بریتییە لە هێڵکارییەکی شێوە ئێسکی ماسی، کە لە لایەن زانای یابانی کارۆ ئیشیکاواوە داهێنراوە، کە بەکار دێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەییەک ئەویش بە دیاریکردنی کێشە سەرکییەکە، پاشان گەڕان بە دوای کێشە لاوەکییەکان و دیاریکردنیان و چارەسەرکردنیان، بە چارەسەرکردنی کێشە لاوەکییەکان کێشە سەرەکییەکە چارەسەر دەبێت. (**العامري: ٢٠/ ٤/ ٢٠١٥**)

ج– پێناسەی ڕێککاری هێڵکاریی ئیشیکاوا:

بریتییە لە هێڵکارییەک لە شێوەی ئێسکی ماسیدا کە کێشە سەرەکییەکە لە سەری ماسییەکە دادەنرێت و کێشە لاوەکییەکانی تر لە بەشەکانی تری ئێسکی ماسییەکە دادەنرێت، بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە لاوەکییەکان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کێشە سەرەکییەکە چارەسەر دەبێت.

### ١–٦–٢:ژینگەی هاریکاری بە گروپ:

آ- السعدنی ١٩٩٣ بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: بریتییە لە شێوازێکی وانەوتنەوە بە شێوەی گروپی بچووک کە پێک هاتبن لە (٢بۆ ٧) فێرخواز لە ڕووی ئاستی تێگەیشتنەوە جیاوازن، ڕێگەیان دەدرێت کە پێکەوە کار بکەن بە شێوەیەکی کارا بە بەدەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش، وە هەر یەکێک لە تاکەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت لە سەر بنەمای ئەنجامی گروپەکەی. (**السعدني: ١٩٩٣: ٢٠٥**).

ب– فێربوونی هاوکاریکردن بە گروپ: شێوازێکی فێرکردنە تیایدا فێرخوازەکان دابەش دەبن بۆ چەند گروپێکی بچووک کە هاوشێوەیەی یەکتر نەبن، ئاستی ژیری جیاواز لەخۆ دەگرێت، ژمارەی ئەندامانی هەر گروپێک لەنێوان (٤-٦)ئەندامە، لەنێوان فێرخوازەکانی هەر گروپێکدا هاوکاری و یارمەتیدان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و ئامانجە هاوبەشەکان. (**القحطاني: ٢٠٠٠: ١٠٠**).

ج- مطر به وەرگرتن لە منسـی وا پێناسـەی دەکات: شـێوازێکە تیایدا پۆلەکە بۆ چەند گروپێکی بچووک دابەش دەکرێن، کە هاوشـێوە نەبن لە ئاسـتی دەسـتکەوتدا، ئامانجێکی هـاوبـەش کۆیـان دەکاتـەوە، کـاریـان جێبـەجێکردنی ئـەرکێکی داواکراوە، لـەگـەڵ ئـەرکی لێپرسـیراوێتی فێربوون و فێرکردنی هاوڕێکانیان، ئەم شـێوازە پشـت دەبەسـتێت بەم بنەمایانە: هاوکاریی ئەرێنی و کارلێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فێرخوازەکان و بەرپرسیارێتی تاک و کارامەییەکانی هاوکاری و چارەسەرکردن بە گروپ. (**منسی: ٢٠٠٣: ١٨٣**).

د- شێوازێکی فێربوونە کە تیایدا فێرخوازەکان دابەش دەبن بۆ چەند گروپێکی بچووک کە هاوشـێوە نەبن لە دەسـتکەوتدا (التحصـيل)، بە شـێوەیەک هەر ئەندامێکی گروپەکە لە ئەندامەکانی ترەوە فێر دەبێت بە شـێوەیەکی هاریکاریانە بۆ ئەنجامدانی فێربوونی کارامەییەکان بە هاوکاری مامۆستا وەکو سەرپەرشت و چاودێری کارەکانیان.

**پێناسەی کارڕایی بۆ ژینگەی هاریکاری بە گروپ:**

- هەلوێسـتێکی فێرکاری/ فێربوونە، فێرخوازەکان بە شـێوەی گروپ کار دەکەن و کارلێکی ئەرێنی ئاڵوگۆڕ دەکەن، کە تیایدا هەر تاکێک هەسـت بەوە دەکات کە لێپرسـراوە لە بەرانبەر فێربوون و فێرکردنی ئەوانی دیکە، ئەویش بۆ گەیشـتن بە ئامانجێکی هاوبەش، دەکرێنە بە چەند گروپێکی بچووکەوە کە ژمارە ٢-٦ فێرخواز بێت، ڕێگایان پێدەدرێت بەیەکەوە کار بکەن بە شـێوەیەکی کارا، هاوکاری یەکتر بکەن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانیاریی هەموویان و هێنانەدی ئامانجی فێرکردنێکی هاوبەش).

### ١-٦-٣: بیرکردنەوەی تێڕامانی Reflective thinking:

آ- بە ڕای (**عبد الهادي و مصـطفى**) بیرکردنەوەی تێڕامانی: "جۆرێکی بیرکردنـەوەی شـیکاریانەی قووڵە، کە لە ئەنجامی تێڕامان و شـیکردنەوە و لێکدانەوەوە دروست دەبێت، ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات کە مۆرکێکی بابەتیانە وەربگرێت و کەسـێتیەکی دروسـتی هەبێت لە ڕووی زانسـتییەوە کە ئارامگر و هەوڵدەر و بەتوانا بێت، بۆ ڕاڤەکردنی بابەتێک بە شێوەیەکی دروست". (**عبد الهادي ومصطفى: ٢٠٠١: ٢٢١**)

ب- برکات ئاوا پێناسەی دەکات:"توانای فێرخوازە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەلوێست و ڕووداوەکان و سـەرەنجراکێشـەکانی فێرکردن بە وریاییەوە و ڕاڤەکردنی بە شـێوەیەکی قوڵ و لەسەرخۆ بۆ گەیشتن بە بڕیاردانێکی گونجاو، لە کات شوێنێکی گونجاودا، ئەویش بۆ هێنانەدی ئامانجە پێشنبینیکراوەکان". (**برکات: ٢٠٠٥: ١٠٨**)

ج- پێناسـەی میسـر عوداتمیسـر عودات (٢٠٠٦): (پرۆسـەیەکی چالاکیی بیرکردنەوەی هۆشمەندانەی بیروباوەڕ و کارامەییەکانی تاکە، بە شێوەیەک بتوانێ لە ڕێگەیەوە بگات بە دەرئەنجام و چارەسەری ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. (**عودات:٢٠٠٦: ٧٠**)

د- " شـــێوازێکی بیرکردنەوەیە کە پەیوەســـــتە بە هۆشـــیاریی خودییەوە یان مەعریفەی خودییەوە، یـان تێرامـانی خودییەوە، پشـــــت دەبەســـــتێت بە چـاودێریکردنی نەفس و تێروانینێکی قووڵ بۆ شتەکان و دەوروبەر. (**سعادة: ٢٠١١: ٤٣**)

و- (جابر ٢٠٠٣) وەها پێناســەی دەکات کە :"ســتراتیژێکی وانەوتنەوەیە، چەند هەنگاوێکی یەک لەدوای یەک دەگرێتەخۆ، لەســـــەر کارلێکی نێوان فێرخواز و مامۆســـــتا و بابەتێکی زانســتی جەخت دەکاتەوە، بۆ وەدەســتهێنانی زانیاری نوێ و تەواوکردنی و ڕێکخســتنی لەگەڵ زانیارییە هەنووکەییەکان کە لای فێرخوازانە بۆ گەیشـــتن بە کۆتاییەکانی و دەرئەنجامی نوێ." (**جابر: ٢٠٠٣: ٦**)

ر- پێناسەی کارڕایی بیرکردنەوەی تێڕامانی: چالاکییەکی بیرکردنەوەی یە، کە فێرخوازانی نموونەی توێژینەوەکە ئەنجامی دەدەن، گوزارشـــــتە لەو نمرانەی کە لە تاقیکردنەوەی لاوەکی و تاقیکردنەوەکە بە گشــتی بەدەســتی دێنن، ئەویش کە لە لایەن توێژرەوە ئامادە کراوە.

**١-٦-٤: دەستکەوت** Achievement:

آ- (عبادە) بەم شـێوەیە پێناســەی دەکات:" ئاســتی پێگەیشــتنی فێرخوازە لە دەســتکەوتی خوێندندا"، (**عبادە: ٢٠٠١: ١٤٦**)

ب- (شحاتە و ئەوانی دیکە) ئاوا پێناسەی دەکەن:" بڕی خوێندنی وەدەستهاتووە، واتە ئەو زانیاری و زانینەی کە فێرخواز وەری گرتووە و بە نمرە گوزارشـــــتی لێدەکرێت، ئەویش لە تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکراوە، بە شـــــێوەیەک تیایدا پێوانەی ئاســـــتە دیاریکراوەکان دەپێورێت." (**شحاتە و ئەوانی دیکە: ٢٠٠٣، ٨٩**).

**پێناسەی کارڕایی دەستکەوت:**

"بریتییە لە هەموو ئەو زانیاری و کارامەیانەی کە فێرخواز بە دەســـــتی دەهێنێت، لە بابەتێکی دیاریکراودا لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە لایەن مامۆســـــتا پێوانە دەکرێن، بە ئامانجی دیاریکردنی ئاستی فێرخواز لەو بابەتەدا ".

# ٢: بەشی دووەم

## ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشووتر

## Literature review Study

### ٢-١:ئەدەبیاتی توێژینەوەکە

### ٢-١-١: هێلکارییە مەعریفییەکان

#### ٢-١-٢: ستراتیژی ئیشیکاوا

#### ٢-١-٣: فێربوونی هاریکاری

#### ٢-١-٤: جۆرەکانی بیرکردنەوە

### ٢-٢: توێژینەوەکانی پێشووتر

# ٢: بەشی دووەم
## ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشووتر

### ٢-١:ئەدەبیاتی توێژینەوەکە
### ٢-١-١: هێلکارییە مەعریفییەکان:

تیۆرەکانی تێگەیشتن بەو تەکنیکە بە سوودانە دادەنرێن کە بەکار دێن بۆ بەهێزکردنی دەستکەتی خوێندن و پاڵپشتکردن و پتەوکردنی، مانای زیاتر دەخاتە سەر چەمکەکان و زیاتر شۆڕ دەبێتەوەی بۆ نێو تێگەیشتنەکانی فێرخواز و چەمکەکانی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا بێت، پەیوەستبوون و هاوشێوەیی لەنێوان ڕەگەزەکانی بابەتە فێرکارییەکاندا فەراهەم دەکات، هێڵکاری مەعریفییەکان بەکار دەهێنرێن بۆ پلاندانان و فێرکردن، هەروەکو ئامرازێکی هەڵسەنگێنەر بەکار دێت بۆ فێرخواز، دەتوانرێت پێشکەش بە فێرخوازان بکرێت لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قۆناغی زانکۆ. (**عطاالله: ٢٠٠١: ٤٢٤**).

زۆربەی ستراتیژە فێرکارییە پەسەندبووەکان و کاری مێشکی لەسەر ئەم جۆرە تیۆر و ئاڕاستانە بیناکراون، یەکێک لەو ستراتیژیانە ڕێکخستنەوەی شێوەیە ( Gregory Organizer) بریتییە لە ئامرازێکی بیرکردنەوەی بەکەڵک، هەل دەبەخشێتە فێرخواز بۆ ڕێکخستنەوەی زانیارییەکانی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی؛ بریتییە لە نواندنێکی بینراو بۆ ڕاستی شتەکان و چەمکەکان کە بە لای زۆرێک لە فێرخوازانەوە پەسەندە بۆ یارمەتیدانیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان و ڕێکخستنیان هەروەها بۆ تێگەیشتن و پوختەکردنەوە و پێکهێنانی هزرە ئاڵۆزەکان یارمەتیان دەدات. ئەم ستراتیژە سوود و کەڵکی زۆرە بۆیان لە کاتێکدا کە پێویستیان بە هەڵبژاردنی بیرۆکەیەک بێت، وردەکارییە گرنگەکان و هەوڵی دۆزینەوەی زانیارییە ونبووەکان و دۆزینەوە پەیوەندییە ناڕوونەکان دەدات. ( Gregory & Chapman: 2002)

### ٢-١-١-١: ڕێکخستنەوەی شێوە و تیۆری سکیما:

کەسێک بۆ بیرکردنەوە لە زانیارییەک، دەبێت سەرەتا لێی تێبگات، لەپێناو تێگەیشتنیدا دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بۆ بکات، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەکانی لەگەڵ زانیارییەکانی پێشووتری، پێویستە فێرخواز ئەوەی فێری بووە بیبەستێتەوە لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لە پێشدا زانیویەتی و وەری گرتووە، بۆ ئەوەی فێربوونەکەی مانایەک ببەخشێ، ئەمەش مانای تیۆری سکیما دەگەیەنێت، تیۆری سکیماش دەڵێت خەڵکی بۆ بیناکردنەوەی ئەو زانیارییەی هەیەتی هەڵدەستێت بە بەستنەوەی زانیارییە نوێکانیان بەو گەشەپێدانەی دروست بووە لەسەر کارامەییەکانی

پێشـــووی، کاتێک ئەم زانیارییانە تێکەڵاو بە زانیاریەکانی پێشـــووی دەبێت، مانایەک بۆ زادیاردیە نوییەکانی دروســـت دەبێت کە ئەمەش کاری خۆیەتی بۆ گەڕانەوەی ئەو زانیارییانە. (Dalrymple: 2005)

## ٢-١-١-٢: ڕێکخستنەوەی شێوە و هەر دوو نیوە گۆی مێشکی لای ڕاست و چەپ:

هەر دوو نیوەی گۆی مێشک هەڵدەستن بە چەند ئەرکێکی جیاواز، بەشی لای چەپی مێشک دەست دەگرێت بەسەر بەشی لای ڕاستی جەستە، هەروەها ڕێکخستنی زمان و لێکدانەوە. فێرکردن بە شـێوەیەی ئاسـاییانە لە خوێندنگەدا جەخت دەکاتەوە لەسـەر ئەم بەشـە، بەڵام نیوەی لای ڕاست لە مێشک دەست دەگرێت بەسەر جووڵەی لای چەپ لە جەستە، هەروەها ڕێکخســـتنی ئەرکی نازارەکی وەک جیاکردنەوەی شـــێواز و جۆرەکان، ڕێکخســـتنی ڕیتم، هەروەها چارەسەرە وێنەییەکان (السلطی: ٢٠٠٤: ٣٤).

فێرکردن، کاریگەییەکی کارای دەبێت کاتێک هەر دوو بەشـــەکانی مێشـــک کار دەکەن، لە کاتێکدا زانیارییەکان دەخرێنە ڕوو بۆ فێرخوازان بە شێوەی بینین و بیستن، هەر دوو لەم نیوەی گۆی مێشکە کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی یەکسان و هاوکات، کە ئەمەش وەها دەکات فێرخوازەکە زیاتر خەیاڵاندن و بەرهەمی هەبێت بۆ تێگەیشتن و چەمکەکان. (Jensen:1998:26).

## ٢-١-١-٣: ڕێکسختنەوەی شێوەکان و شێوازی فێرکردن:

شـــێوازی فێربوون، ڕێگەیەکی فێرخوازە بۆ تێگەیشـــتن و بیرهێنانەوەی زانیارییەکانی، کە لە ڕێگەیەوە فێرخواز زیاتر کارا دەبێت بۆ درککردن و چارەســـەرەکان و پاراســـتن، گەڕاندنەوەی ئەوانەی هەوڵی داوە فێری بێت، فێرخواز لە ڕێگەی بیســتنەوە، یان بینینەوە، یان هەستەوەرە جەستەییەکانی فێر دەبێت، توێژینەوەکان دەریان خستووە کە زۆرترین مامۆسـتای کارا ئەوانەن، کە شـێواز و ڕێگەی فێرکردنەکەیان لەگەڵ شـێوازی فێرکردنی هەمەجۆری فێرخوازەکانیان گونجاندووە، ئەو مامۆستایەی هەمەجۆری دەکات لە شێوازی فێرکردنیدا، دەتوانێت بگات بە زۆرترین فێرخواز بە بەراورد لەگەڵ ئەو مامۆستایەی تەنیا یەک شـــێوازی فێرکردن بەکار دەهێنێ، وەک وانەبێژی کە تەنیا دەتوانێت بیگەیەنێتە ئەو ژمارە فێرخوازانەی کە حەزیان بیســـتنیان باشـــە، کە ڕێژەکەشـــیان کەمترە لە(١١%)، توێژینەوەکان دەریان خستـــووە کە هەســـتی بینین بایەخێکی زۆری هەیە لە چارەســـەر فێربوونەکاندا و پارێزگاریکردن پێوەی، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨٣%) لە کاتێکدا هەســـتی بیستن تەنیا ڕێژەکەی دەگاتە (٦%). (Dalrymple:2005:17).

### ٢-١-١-٤:  بەکارهێنانی ڕێکخستنەوەی شێوەکان:

جیاوازی نێوان فێرخوازی باش و فێرخوازی لاواز لە چەندێتی فێربوونەکەیدا نییە، بەڵکو لە باشـــی توانایدایە بۆ ڕێکخســـتن و بەکارهێنانی زانیارییەکانی وەک لە فێرخوازی لە یەکەمدا بەدی دەکرێت، دەتوانرێت ڕێکخەرە شێوەییەکان لەم بارانەدا بەکار بهێنرێت:

آ-لەپێناو دروســتبوونی ورژاندنی بیرکردنەوەیدا (عصــف الذهني) لە ســەرەتای بڕگەی وانەیەکدا بۆ ئەوەی بزانرێت فێرخوازان چی فێربوون لە پێشدا.

ب- لەگەڵ پیشـــاندانی ئەرکەکان، یاخود لە ماوەی بینین فیلمی ڤیدیۆی بە شـــێوەیەک فێرخوازان دەتوانن زانیارییەکانیان ڕێک بخەن و گرنگی پێ بدەن.

ج- بۆ یارمەتی دان لە زنجیرەبەندی چەند ڕووداو و پرۆسەیەک.

د- بەستنەوەی زانیاریی نوێ بە زانیارییەکانی پێشووترییەوە کە فێری بووە.

هـ- جەختکردنەوە لەسەر تێگەیشتن.

و- لەپێناو وەرگرتنی تێبینەکان و کورتکراوەکان. (Gregory & Chapman:2002)

## ٢-١-٢: ستراتیژی ئیشیکاوا:

سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەی ستراتیژییە دەگەڕێتەوە بۆ زانای ژاپۆنی (ئیشیکاوا)، کە یەکێکە لە پێشەوایانی بواری کوالیتی، ئیشیکاوا بە یەکەم پێشەنگ لەم بوارەدا دادەنرێت، ئەویش کاتێک بانگەشەی کرد بۆ چەند کارمەندێکی خۆبەخش کە ژمارەیان لەنێوان (٤-٨) کارمەند بوون، ئەرکی ئەم کارمەندانە بریتی بوو لە ناساندنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە، پێشنیارکردن بۆ باشترین چارەسەر. (**ابراهیم: ٢٠١٣: ٦٤٢**).

ئەم هێڵکارییە، چەند ناوێکی تری پێدەوترێت وەک؛ هێڵکاری ئیشیکاوا ( Ishikawa Diagram) یاخود شیکاری هۆ و کاریگەری، یاخود هۆ و ئەنجام، یاخود ستراتیژی ئیشیکاوا (Fish Bone Strategies). ئەم زانایە پەرتوکێکی دەکرد بە ناونیشانی (ڕێنماییەک بۆ کۆنترۆڵکردنی (کوالیتی). کە تیایدا پێشنیاری کرد بۆ دانانی هێڵکارییەکی شیکردنەوە بەناوی ئیشیکاوا، بە شێوەیەکی ئێسکەکان و دڕکەکانی بەسەر هۆکاری ڕاستەقینەی بۆ گرفتێک دابەش بکرێن. سەرەتا ئەم ستراتیژییە بەکار دەهێنرا بۆ سکاڵاکانی کارمەندان لەسەر باشی (کوالیتی) و دیاریکردنی سەرچاوەی هەڵەکان یاخود کەم وکوڕییەکانی لە ڕێگەی زانینی هۆکاری ڕاستەقینەی گرفتەکەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

هۆکاری ناو زەندکردنی بە (هێلکاری ئیشیکاوا)یش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی گشتی هێلکارییەکە لە ئیشیکاوا دەچێت دوای ئەوەی گۆشتی لێ لادەبرێت، ناوچەی سەری ماسییەکە گرفتە سەرەکییەکە دەنوێنێت و هەموو ئێسکێکی لاوەکیش لە بڕبڕەی پشتی ماسییەکە، ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم گرفتە دەنوێنێت، ستراتیژی ئیشیکاوا ئامرازێکی سەرکەوتووە بۆ شیکردنەوەی گرفتەکان بە هاوبەشیکردنی بەرپرسیاریتی گرفتەکە یان ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە دەبنە هۆکاری ئەم گرفتە. ئەگەر گرفتەکە کەسی بێت، یاخود گرفتەکە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بێت یان دامەزراوەکان، ئنجا ئەگەر گرفتەکە بچووک یان گەورە بێت، ئەم هێڵکارییە بۆ شیکردنەوەی گرفتەکە و گەیشتن بە هۆکاری سەرەکی هاوکاری دەکات، پاشان بە هۆکارە لاوەکیەکان دەگات، کە پاڵپشتکراوە کراوە بە هۆکاری سەرەکی، ئەمیش کاریگەری لەسەر گرفتە گەورەکە هەیە، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامی چارەسەرێکی گونجاو. (**دعیم: ٢٠٠٢: ئینتەرنێت**).

بەکارهێنانی ستراتیژی ئیشیکاوا هاوکاری دەکات بۆ گەیشتن بە ناسینی گرفتە ئاڵۆزەکان لە ڕێگای ناسینی هۆکاری ڕاستەقینەوە، بیرۆکەی ئەم ستراتیژە پێکهاتووە لە هێڵکاری و ئاماژە و هێمای دروستکراو و دیزانکراو، بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵێک هۆکار سەرەکی گرفتەکە، کە توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت. تێبینی دەکرێت گرفتەکە لە لای چەپی وێنەکە دادەنرێت کە بریتییە لە سەری پەیکەری ئێسکەماسییەکە، کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکیش هەیە لەسەر لایەنی ڕاستی هێڵکارییەکە، چەندین لقی لێ

دەبێتەوە، هەر لقێک هۆکارێکی لاوەکی دەنوێنێت  لە هۆکاری سەرەکی، وە لەوانەیە هۆکاری لقییەکان پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەبێت، دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی پەیوەندی هەیە بە گرفتەکەوە لە ڕێگەی لقەکانەوە دەبێتە ڕێگایەکی ڕاست و دروست بۆ پێشنیازکردنی چارەسەرەکان و گەیشتن بە ئەنجام. (**الدبسي: ٢٠١٢: ٤٥**)

## ٢-١-٢-١: چەمکی ستراتیژی ئیشیکاوا:

چەمکی ستراتیژی ئیشیکاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کارەکانەوە، کە خۆی لە شێوەی ئیشیکاوادا دەبینێتەوە، چەندین ڕوونکردنەوە بۆ دیارکردنی چەمکی ئەم ستراتیژە کراوە:

-هێڵکاری ئێسکەماسی هەروەها کە بە هێڵکاری هۆ و ئەنجام یان بە هێڵکاری ئیشیکاواش ناسراوە، هێڵکارییەکە بۆ چارەسەرکردنی ڕەگی کێشەکان بەکار دێت، ئەویش بە چارەسەرکردنی ئەو هۆیانەی کە بوونەتە دروستبوونی ئەو کێشەیە، هەنگاوەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

- دیاریکردنی گرفتەکە و دانانی لە هێڵکاری ناوچەی سەری ماسییەکەدا لە لایەن مامۆستاوە.
- فێرخوازان هەڵدەستن بە گەڕان بە دوای هۆکاری سەرەکی و نووسینی لەسەر ئێسکی سەرەکی لە هەیکەلی ماسییەکەدا.
- فێرخوازان هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی هۆکارە لاوەکییەکان کە دەکەونە ژێر ئێسکی سەرەکی ماسییەکە و لەسەر ئێسکە بچووکەکان دیاری دەکرێن.
- فێرخوازان ئەو هۆکارانەی پێی گەیشتوون تاقی دەکەنەوە، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر باش جیای دەکەنەوە و تاقی دەکەنەوە.
- دیاریکردنی هۆکاری ڕاستەقینەی گرفتەکە و کۆکردنەوەی زانیارییەکان.
- هەڵبژاردنی چاسەرێکی گونجاو و پەیوەندیدار کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هۆکارەکانەوە هەبێت. (**Walsh:2000:207**)

دەتوانرێت ئەو ڕێوشوێنانەی پێشوو ڕوون بکرێنەوە لە ڕێگای ئەمانەی خوارەوە:

لە کاتێکدا ئەم ستراتیژە بۆ هاوکاریکردنی فێرخوازان دانراوە بۆ گەیشتن بە چاسەرەرێک بۆ گرفتەکە، بە شێوەیەک ئەو هۆکارە چاوەڕوانکراوانەی کە ڕوو دەدەن دەردەخات، هەڵبژاردە چاوەڕوانکراوەکان لە بەرچاو دەگیرێت لەکاتی دانانی پلانی کار و شیکردنەوەی هۆکارەکان، یان دەرئەنجامەکان، تیایدا پۆلەکە دابەش دەکرێت بۆ گرووپی چوار فێرخوازی، مامۆستا گرفتی سەرەکی لەسەر ناوچەی سەرەکیی ماسییەکە لەسەر وایت بۆردەکە دیاری دەکات، تیایدا درێژ دەبێتەوە بۆ بڕبڕەی پشتی ماسییەکە، کە بە دەوریدا ئیسکی بچووک هەیە، مامۆستا داوا لە فێرخوازانی گروپەکان دەکات، کە هەر فێرخوازێک

هۆکارێک یان دوو هۆکار یان زیاتری چاوەڕوانکراو، کە ڕووداوی گرفتەکەن بنووسێت، ئەم هۆکارانە دەنووسرێت لەکاتی پێشکەشکردنی هۆکارە چاوەروانکراوەکانی فێرخوازان، مامۆستا گفتوگۆ ئاڕاستە فێرخوازان دەکات، ئەگەر هۆکارەکە قایلکەر بوو ئەوا لەسەر لقی ئێسکەکانی ماسییەکە دەینووسێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت هەوڵ دەدات بەڵگەیەکی قایلپێکراوی بۆ بدۆزێتەوە، دوای تەواوبوونی نووسینی هۆکارەکانی گرفتەکە، مامۆستا داوا لە فێرخوازەکان دەکات کە هەر یەکەیان سێ هۆکاری گرفتەکە بنووسێت و لای خۆی بپارێزێت، دوای ئەم کارە، مامۆستا داوا لە گروپەکان دەکات بۆگفتوگۆکردن لەسەر ئەو هۆکارانەی کە تاکەکانی گروپەکان هەڵیان بژاردووە و ڕێکەوتوون لەسەر ئەو سێ هۆکارە بنچینەییەی کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گرفتەکە.

لێرەدا گروپەکان هۆ و بیانوی گونجاو دەدۆزنەوە بۆ بەرگریکردن لە هۆکارەکانیان پاشان سێ هۆکارەکە لە بەردەم فێرخوازانی پۆلدا پیشان دەدرێن لە لایەن گروپەکانەوە، هۆکارەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دادەنرێن بەپێی گرنگییەکانی گرفتەکە.

بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە فێرخوازەکان هزر و بیرکردنەوەیان ڕێکخراو دەبێت، هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی شی دەکەنەوە، ئەمەش ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات تاکو هزرێکی لق و پۆپدار و جۆراوجۆر بەکار بهێنن، گوێ بگرن لە بیروبیرکردنەوەی کەسانی تر و ڕێز لە بیروبۆچوونیان بگرن. (Hall & Strongman:2002: 33-35)

## ٢-١-٢-٢: هەنگاوەکانی ستراتیژی ئیشیکاوا:

ڕەیامی و ئەوانی دیکە هەنگاوەکانیان بەم شێوەیە دیاری کردووە:

١- دابەشکردنی بابەتەکە بۆ چوار بەشی یەکسان.

٢- لە سەری ماسییەکەدا کێشە سەرەکییە یان کاریگەرییەکە دەنووسرێت.

٣- داوا لە فێرخوازانی هەر گروپێک دەکرێت لە کۆتایی هەموو ئێسکێکی سەرەکیی ماسییەکەدا هۆکاری ئەو کێشەیەی کە بووەتە هۆی دروست بوونی گرفتەکە بنووسرێت و ڕوون بکرێتەوە.

٤- داوا لە هەموو گروپەکان دەکرێت کە بە گفتوگۆ گرنگترین ئەو گرفتەکان دیاری بکەن و ڕێکیان بخەن بە پێی گرنگییان.

٥- دوای ئامادەکردنی لیستەکان لە لایەن گروپەکانەوە داوایان لێ دەکرێت، کە بە شێوەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ لە لایەن هەر گروپێکەوە دەنگ بۆ ٣ هۆکاری سەرەکی بدرێت، وە بە پێی گرنگییان ڕێک بخرێن.

٦- هەر یەکێک لە گروپەکان ئەنجامەکانی بۆ گروپەکانی تر دەخاتە ڕوو.

٧- دوای پیشاندانی کارەکە لە لایەن هەموو گروپەکانەوە، دەربارەی خاڵە جیاوازەکانی ئەنجامەکانی گروپەکان گفتوگۆ دەکرێت.

٨- له كۆتاییدا هەر گرووپێک بە هەڵسـەنگاندن و بەرگریکردن لە دیدگای خۆی، لە ڕێگەی فاکت و ئەرگۆمێنت و نموونەوە پشـتڕاسـتی دەرئەنجامەکانی دەکاتەوە. **(الريامي و اخرون:٢٠٠٤: ١٢٩-١٣٠)**

**هێڵکاریی (١) کە هەنگاوەکانی ستراتیژی ئێسکی ماسی ڕوون دەکاتەوە**




سایتی الموهوبين (http://almohoben.com/?p=315)

## ٢-١-٢-٣: لایەنە ئەرێنییەکانی (پۆزەتیڤ) بەکارهێنانی ستراتیژی ئیشیکاوا:

ئیشیکاوا لایەنە ئەرێنییەکانی ستراتیژی ئیشیکاوا پوخت کردۆتەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١- بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە لە پرۆسەی فێرکرندا هەلێکی باش دەدات بۆ فێربوون لە ڕێگەی کارلێکی گروپەکانەوە، کە یارمەتی دەدات بۆ هاوکاریکردنی هەر تاکێک لە کارامەییەکانی بەشداربووەکانی تر.

٢- هاوکاری دەکات بۆ جەختکردنەوە لەسەر هۆکاری ورد و ڕاستەقینە و دوور کەوتنەوە لە پێشنیازە پەرتەوازەبووەکان.

٣- هاندانێکە بۆ فێرخواز تاکو هەنگاو بە شێوەیەکی بەردەوام بنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی زانیاریی ورد دەربارەی ئەو هۆکارەی پێیگەیشتوون.

٤- توانای هەیە شیکردنەوەی بۆ هەر گرفتێک لە هەر بوارێکدا بکات.

٥- پرۆسەیەکی مەشقپێکراوی ڕاستەقینە دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری گرفتەکان و بە شێوازێکی زانستی.

٦- بۆ بەدواداچوونی تێگەیشتنەکانیان هاوکاری فێرخوازان دەکات.

٧- هاوکاری فێرخوازان دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی چەمکی دەقەکان.

٨- هەل دەدات بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی هزرەکانی نێو دەق. (Costa & Germiston: 2001: 3-7)

گرتنەبەری قۆناغەکان و هەنگاوەکانی چارەسەری گرفتەکان دادەنرێت بە ئامانجێکی بایەخدار لای فێرخواز، ئەمە دەبێتە دروستبوونی شێوەیەک لە میتۆد بۆ بیرکردنەوەی، لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو گرفتەکانی داهاتوو ببێتەوە، کە دەبێتە ئاستەنگێک بۆ پەروەردەکرنێکی ڕاستەقینە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم ستراتیژییە گەیشتن نییە بە وەڵام و چارەسەری بنەبڕی گرفتەکە، لە ڕاستیدا و لە زۆربەی بارەکاندا تەنیا وەڵامێک بۆ گرفتەکە دروست نییە، بەڵکو لێرەدا مەبەست فێربونی فێرخوازانە بۆ چارەسەری گرفتەکان لە ڕێگەی قۆناغەکانەوە، بە شێوەیەک گرفتەکە لێک دەدەنەوە و داتای زیاتر کۆدەکەنەوە لەسەری و چارەسەری چاوەڕوانکراو دەدۆزنەوە، بە هێنانەوەی باشترین ئەڵتەرناتیف و جێگرەوەیەکی تر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە هەڵدەستن. لەگەڵ ئەمانەدا هەندێک لە پسپۆڕان ڕەخنەیان لە هێڵکارییەکەی ئیشیکاوا گرتووە، ئەوەیش ئەوەیە کە تیایدا فێرخوازان ناتوانن لایەنی بەهێز و لاوازی هۆکارەکان جیا بکەنەوە، لە بەرئەوەی هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئەو بارودۆخەی هۆکارەکانی تیا دەرکەوتووە نییە، یان ئەو دۆخە ڕاستەقینەیەی تیایدایە یان بووتە هۆی دروستبوونی. (Walsh: 2000:210)

## ٢-١-٢-٤: ڕۆڵی مامۆســتا لە پراکتیزەکردنی ســتراتیژی ئیشــیکاوا لە وانەوتنەوەدا:

پێویســتە مامۆســتا ڕۆڵێکی کارای لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم ســتراتیژییەدا هەبێت، تاکو دەرئەنجام و ڕێگەیەکی ڕاست و دروست بەرهەم بهێنێت لە قۆناغی پراکتیزەکردنیدا:

١) ئاڕاستە و ڕێنمایکردنی فێرخوازان بۆ خوێندنەوەی ناونیشانەکە کە دەکەوێتە ناوچەی سەری ماسییەکەوە، پاشان پرسیارکردن لە خودی خۆیان، پێویستە هاوکارییان بکرێت بۆ خولڤاندنی زۆرترین پرسیاری لاوەکی، لەگەڵ بەکارهێنانی ستراتیژییەکەدا.

٢) بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەنجامدانی زۆرترین پرســیار، ئەویش بەپێی ئەو کاتە گونجاوەی دانراوە بۆ گەشــەی فێرخوازان، هەر چەندە ئەو پرســیارانە زۆر بن، کە فێرخوازان دەیکەن، لەگەڵ بەرەوپێشــچوونی کات بە بەکارهێنانی ســتراتیژییەکە لە ماوەیەکی کورتدا، ســتراتیژیەکە کاراتر دەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کورتکرنەوەی ماوەی تایبەت بە پرسیارەکە، کە دەبێت لە (٥) خولەکی وانەکە زیاتر نەخایەنێت.

٣) پێویســتە پرســیارەکان دووبارە بکرێتەوە لەگەڵ فێرخوازاندا لەکاتی وەڵام دانەوەیان، هەتاوەکو زانیارییەکە بەتەواوی جێگیر دەبێت، لەگەڵ فێرخوازەکانی تر پرســیارکان دووبارە نەکرێتەوە.

٤) نووسینی بیروهزری تایبەت بە بابەتەکە لەسەر وایت بۆرد. **(البرکاتی: ٢٠٠٨: ٩٨)**

## ڕەیــامی و ئەوانی دیکە بە وەرگرتن لە (Walsh & Jsattes:2000) بەم جۆرە ڕۆڵی مامۆستا دیاری دەکەن:

١- پۆلەکە بۆ چوار گروپ دابەش دەکات.
٢- مامۆستا کێشە سەرەکییەکە دەخاتە سەر سەری پەیکەری ئێسکی ماسییەکە.
٣- مـامۆســــتـا داوا لە فێرخوازان دەکـات کە هۆیەک یـان زیـاتر کە بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو کێشەیە بنووسن.
٤- مامۆســــتا ئەم هۆکارانە لەســــەر ئێســــقانی بچووک کۆدەکاتەوە، هەر کۆمەڵە ئێسقانێک کۆمەڵێک هۆکار دەنوێنن.
٥- مامۆســــتا داوا لە فێرخوازانی ناو پۆل دەکات و ڕێنماییە نوێیەکانیان ئاڕاســــتە دەکات تا قەناعەتیان پێ بکات.
٦- ئەگەر هۆکارەکە قەناعەت پێهێنەربوو، ئەوا مامۆســتا لەســەر ئێســکە لاوەکییەکان دەیان نووســێت و کۆیان دەکاتەوە، وە گەرنا مامۆســتا هەوڵ دەدات بیانووەکانی بهێنێتەوە بۆ ئەوەی ببنە قەناعەت پێهێنەر.
٧- مامۆستا داوا لە هەموو فێرخوازان دەکات، بۆ هەر گرفتێک سێ هۆکار بگرنەبەر.

٨- پاش کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی پێشوو، مامۆستا داوا لە کۆمەڵەکان دەکات دەست بە گفتوگۆکردنی بکەن، ئەو هۆکارانەی کە تاکەکانی کۆمەڵەکە هەڵەیان بژاردووە و لەسەر سێ هۆکاری جەوهەری ڕێک بکەون و کۆکبن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشەکە دادەنێت. (**Walsh & Jsattes: 2000: 10**)

## ٢-١-٢-٥:ڕۆڵی فێرخواز لەم ستراتیژییەدا:

ڕەیامی و ئەوانی دیکە ڕۆڵی فێرخوازیان لەم ستراتیژەدا بە شێوەیە داناوە:

١- هەر یەکێک لە فێرخوازەکان هۆیەک یان زیاتر کە بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو کێشەیە دیاری دەکەن.

٢- هەر فێرخوازێک ئەو هۆکارەکی کە دیاری کردووە ئاڕاستەی فێرخوازەکانی دیکە دەکات.

٣- هەر فێرخوازێک تەبەنی سێ هۆکاری گرفتەکە دەکات و لای خۆی دەیپارێزێت.

٤- فێرخواز گفتوگۆ دەربارەی مەبەستی ئەو سێ هۆکارەی کە گروپەکەی هەڵیان بژاردووە دەکات و ڕێککەوتوون لەسەری، کە کرۆکی کێشەکەیە.

٥- گروپەکە بەڵگەی پێویست بۆ بەرگریکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەو هۆکارە دەهێنەوە.

٦- نمایشکردنی سێ هۆکارەکە بۆ فێرخوازانی تری پۆلەکە لە لایەن گشت گروپەکانەوە، بە پێ گرنگی گرفتەکە ڕێک دەخرێن. (**الدبسي: ٢٠١٢: ٣١**)

**بەڵام بەرەکاتی (٢٠٠٨) ڕۆڵی فێرخواز لەم ستراتیژەدا بەم شێوەیە دیاری دەکات:**

١- بابەتەکە دەخوێنێتەوە یان دەیبینێت یان گوێ لێدەبێت، بیرۆکە پێشنیازکراوەکان وەردەگرێت و لێیان تێدەگات.

٢- ئەو پرسیارانە دەخاتەڕوو کە وەڵامی پێداویستییە زانەکییەکان دەداتەوە، کە لەسەر مەعریفەی پێشووتر دامەزراوە.

٣- بیرکردنەوەی سەربەخۆ لەو بابەت و بیرۆکانەدا مومارەسە دەکرێت کە خاوەنی بابەتێکن.

٤- ئەو بیرۆکانەی لە بابەتەکەدا هاتوون بۆ چەندین تەوەرەی بنەڕەتی و لاوەکی پۆلێن دەکرێن.

٥- لەسەر ئەنجامدانی بیرکردنەوەی هاریکاری لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵەکاندا ڕاهێنان دەکات.

٦- لە ناو پۆلدا گفتوگۆکان و وتووێژەکان ئەنجام دەدرێن.

٧- ئەو هەڵانەی لە زانیارییەکانی پێشوو و ڕاستییە هەڵەکاندا هەن و ڕیشەیان داکوتاوە ڕاستی دەکاتەوە. (**البركاتي:٢٠٠٨: ١٠٠**)

### ٢-١-٢-٦: تایبەتمەندییەکانی ئەم ستراتیژە:

١- ڕێکخستنی بیرکردنەوەی فێرخواز و هۆکار و کارگەرییەکان شیکار دەکەن.

٢- ڕێ دەدرێت فێرخواز بیرکردنەوەی فرەلایەن و جۆراوجۆر بەکار بهێنێت.

٣- وا لە فێرخوازان دەکات کە گوێ لە ڕای ئەوانی تر بگرن و ڕێزی بگرن. (Costa:2001: 7)

## ٢-١-٣: فێربوونی هاریکاری

### ٢-١-٣-١: کارلێکی نێو پۆل لە شێوازی فێربوونی هاریکاری بە گروپ:

کارلێکی پۆل پرۆسەیەکی مرۆیی سروشتییە، تیایدا فێرخوازان و مامۆستایان لە پۆلدا ئەنجامی دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک و گۆڕینەوەی بیرۆکە و کار و کردارەکان، ئەویش بۆ هێنانەدی هاوشێوەییەک یان بارێکی خۆگونجان و کەشێکی ئاسایش و هێمن و پەیوەندییەکی دروست. لە کارلێکی نێو پۆلدا دیالۆگ ڕۆڵێکی گرنگ و بنچینەیی دەگێڕێت لە فێربونی هاریکاری بە گروپ، بە شێوەیەک کار دەکات بۆ دۆزینەوەی ژینگەیەکی پۆلی کارلێک، کە تیایدا فێرخوازەکان هەموو کارامەییە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن لەنێو خۆیاندا بەکار دەهێنن، پێویستە لەسەر مامۆستا پارێزگاری لە بەردەوامی دیالۆگەکە بکات، ئەو کارلێکەی دروست دەبێت لەنێوان فێرخوازەکاندا، بە بەشداریکردنی هەموو ئەندامانی نێو پۆلەکە دەبێت، گفتوگۆیەک دروست دەبێت لە ئاستێکی بالادا، خۆی لە کاردانەوە پێچەوانەکانی فێرخوازان لە فێربوونی باودا بە دوور دەگرێت، کە تیایدا بە پێداچوونەوەی کردار و شیکاری ڕاهێنانەکان و تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدرێت، پرسیارکردن لە لایەن مامۆستاوە کە لەوانەیە کەس نەزانێت تەنیا مامۆستا نەبێت، کە ئەویش تەنیا وەڵامێکی ڕاستە، بەڵام لە گفتوگۆ دروستەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپدا، فێرخوازەکان لەگەڵ یەکدی و مامۆستادا دەکەونە قسەکردن و دەربڕینی بۆچوونە جیاوازەکان، کە دەبێتە کاریکی وروژێنەری بەرەنگاری لای فێرخوازەکان لە پرۆسەی پرسیارکردندا، هەڵە و ڕاست قبوڵ ناکرێت و مامۆستاش لەنێو گروپەکاندا دەسوڕێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی شێواز یاخود کارامەییە فێرکارییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان یان بۆ پێشکەشکردنی فیدباک بۆ فێرخوازان لە پێناو کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەرکەکانیان.

پرۆسەی کارلێک لەنێو پۆلدا، لە ئەنجامی کاریگەر چەندین هۆکارەوە دروست دەبێت، گرنگترینیان قەبارەی پۆلی خوێندن، ژینگەی پۆل لە ڕووی ماددی و مەعنەوی، پێکهاتەی دەروونی، شێوازەکانی بەردەوامی نێو پۆل، بێجگە لەمانە چەندین سوود دەگەیەنێتە تاک و کۆمەڵگا. (**فهمی: ١٩٨٩: ٥٣**)

کارلێکی نێو پۆل دەمانگەیەنێتە ئەوەی تایبەتمەندییەکانی پۆلێکی هاریکاری بە گروپ دیاری بکەین و چۆنێتی بەڕێوەبردنی بزانین، هەتاوەکو کارلێکێکی ئەرێنیمان چنگ بکەوێت ئەویش بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی فێرکردن.

## ٢-١-٣-٢: تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی پۆلێکی هاریکاری بە گروپ:

مامۆستای پۆلی سەرکەوتوو پەرۆشی دۆزینەوەی کارلێکی نێوان فێرخوازەکانە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مامۆستا بەشدارییەکی ئەرێنیانەی هەبێت لەنێو پرۆسەی وانەکەدا و کەشێکی جووڵاو و چالاک و وروژێنەر دروست بکات، کە ئەمەش رۆڵی دەبێت لەوەی فێرخواز رێزی مامۆستاکەی بگرێت و گوێڕایەڵی رێنماییەکانی بێت و بەچێژ و خۆشی و پەرۆشییەوە لە بابەتەکان تێبگەن، ئەرکی فێرکارییان بە گوێرەی شێوازە دروستەکان، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی پەروەردەی ئەنجام بدەن. پۆلی خوێندن وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت لەنێوان تاک و گروپەکاندا، پابەندە بە بنەمایەکی پەروەردەییەوە، فێربوونی هاریکاری بە گروپ یەکێتی نێو فێرخوازان دەپارێزێت، کە کارامەییەکانی بڕوابوون بەخود و توانا بۆ تێگەیشتن و پەیوەندیکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ شتە جیاوازەکان و نرخاندنی کاری هاوکاریکردنی بە گروپ و ڕەهەندەکانی خود لەخۆ دەگرێت. هەروەها فێربوونی هاریکاری بەگروپ، چەندین جۆری جیاواز لە ئامانج و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، کە تیایدا فێرخوازان فێری هاریکاری بە گروپ و هاویکاری یەکتر و گفتوگۆ و مشتومڕ و هاوبەشیکردن و ڕێزگرتن لەنێوياندا دروست دەبێت. چەندان توێژینەوە هەن کە ئاماژە بە ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی پۆل دەدەن، توێژینەوەی الشاکري (١٩٩٢)، ڕەهەندەکانی بەم شێوەیە داناوە":

١- ڕێکخستنی پۆل.
٢- ئامادەکردنی کەشی پۆل.
٣- کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەی فێرخوازان."

هەروەها توێژینەوەکە دەستنیشانی بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لەنێو مامۆستایان و ڕاهێنەران و ڕێبەران و پەروەردکاران دەکات، لە دەرککردنیان بە ڕاستی کۆنترۆڵکردنی کاری ڕەفتاری فێرخوازان دەکات، کە تیایدا جیاوازی بەدی دەکرێت لە بۆچوونەکانی مامۆستایان و بەڕێوەبەران و ڕێبەران، سەبارەت بە ئامادەکردنی کەشی پۆلی خوێندن. هەروەها توێژینەوەکە جەختیکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە مامۆستایان زۆر بە باشی پۆلی خوێندن ڕێک دەخەن، ئەو مامۆستایانەی ئەزموونی زۆری هەیە لە مەشق و ڕاهێناندا، سەرکەوتوو ترن لەو هاوپیشانەی کە خزمەتیان کەمترە، (ئەلعەبود ١٩٩٥) ڕوونی کردۆتەوە کە: ئاڕاستەی نوێ، بەرپرسیارێتی یارمەتیدانی منداڵان لە ئەستۆ دەگرێت، لە

بەردەوام بوون لە خوێندن و بایەخدان بە هاندانیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە و کاروباری ژیانیان بە شـێوازێکی داهێنەرانەتر و ئازادتر، لەبەر ئەوە بایەخدراوە بە ژینگەی پۆل بۆ پەرەپێدانی گیانی داهێنان لای فێرخوازان و دەرکەوتنی ڕێوشوێنی کار و دیارکەوتنی بۆچوونەکانی تاک و گروپ، کە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانیان، ئێستا گرفتی سەرەکی مامۆستا لەنێو پۆلدا، تەنیا نواندنی توندوتیژی نییە تاوەکو وا لە فێرخوازانی بکات دابنیشـن بەبێ دەنگی و پارێزگاری لە سیستمی پۆل بکەن، بەڵکو ڕۆڵی مامۆستا ئێستا بریتییە لە پەرەپێدانی کەشی باو بە ئامانجی پێشخستنی مرۆڤ و پەیامەکانی بەپێی پێوەرە پەروەردەییە دروستەکان، بە ئامانجی زیاتر بەرهەمهێنانی ناوخۆ، کە لە سۆنگەی پێداویستییەکانی شێوازی بەڕێوەبردنی پۆلدا خۆی دەبینێتەوە بۆ ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی شێوازی نوێ بۆ زیادکردنی بەرهەمی نوێتر لە نێو پۆلدا، پێویستە مامۆستا بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بێت لەنێو پۆلەکەیدا، لە هەمان کاتدا ڕاوێژکاریش بێت بۆ گروپەکە لەبەر ئەوەی سەرچاوەیە بۆ فێربوون. بەڕێوەبردنی پۆل پێویستە لەژێر سایەی نەریت و فەلسەفەی کۆمەڵگە و ئامانجەکانی بێت و گونجاو بێت بۆ ژینگەیەکی پەروەردەیی لە ڕێکخستنیدا. (**سعدات و الحربي: استخدام إستراتيجية: بدون سنة: سايتي الاوكة**)

(ئەلرائقی ١٩٩٠) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بە دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان کاری فێرخواز و ژینگەی پۆلدا دەدات، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە ژینگە پۆلەکان هەمەجۆرن، بە هەمەجۆری بابەتی وانەکان، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کاری فێرخوازان، ژینگەی پۆل پەیوەندی هەیە بە هەندێ گۆڕانکاری نەزانراوەوە، وەک: ژمارەی فێرخوازانی نێوپۆل و تێکرایی نەهاتنیان، شوێنی خوێندنگە لە کام ژینگەدایە، پێشکەوتووە یان دواکەوتوو، ڕەزامەندی فێرخواز لە خوێندنگەکەی، هەروەها دەرئەنجامەکان جەختیان کردۆتەوە لەسەرئەوەی کە زیادی ژمارەی فێرخواز پەیوەستە بە ژینگەی پۆلەکەوە، تیایدا پەیوەندییەکان کەم دەبنەوە و کارە فەرمییەکان زیاد دەکات. کۆی گشتی نەهاتن (غياب) لەو پۆلانەی کە زۆرترین کێبڕکێی تێدایە زیاد دەکات، مامۆستا بڕیار دەدات و پشتگیری کەم دەبێت و بایەخ بە فێرخواز نادات، ئەو پۆلە تاکیەکان ڕێکخستن و هێزی کێبڕکێی تێدانییە، بۆی دەرکەوتووە ڕەزامەندنی فێرخوازان باشتر دەبێت لەو پۆلانەدا یان وانانەدا، کە بەشداریکردن و هەست بەلایەنگیری بایەخپێدانیان زیاد دەکات، هەروەها ڕوونیکردۆتەوە ئەنجامدانی پرۆسەی مەعریفی و هەڵچوونی فێرخوازان باشتر دەبێت لەو پۆلانەدا، کە ژینگە ڕاستەقینەکانیان لەگەڵ ئەو ژینگانەدا دەگونجێت فێرخواز پێی باشە، ئەو ئاستەش دادەبەزێت لەو پۆلانەدا، کە ژینگە ڕاستەقینەکانیان لەگەڵ ئەو ژینگانەدا جیاوازە کە فێرخواز پێی باشە نییە.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە ئەو شێوازەی زۆرترین فێرخوازان پەسەندنی دەکەن، ژینگەیەکی فێربوونی هاریکاری بە گروپە، لەبەر ئەوەی هاوبەشکردنێکی کارایی تێدایە لەگەڵ فێرخواز و هاوڕێکانی، هەروەها پابەندبوون و چەقبەستووی جووڵەی چالاکییەکانی

تێدا نییە، لەبەر ئەوە فێربوونی هاریکاری بە گروپ فێرکردنێکی کارایە لەگەڵ هەموو بەشەکانی پرۆسەی فێرکاری دەگونجێت، مامۆستا ڕۆڵی لە ڕاگەیەنەرەوە دەگۆڕێت بۆ پلاندانەر و سەرپەرشتیاری و هەڵسەنگێنەر و بەهێزکردن، هەروەها فێربوونی هاریکاری بە گروپ هەل دەداتە فێرخواز بۆ سەربەخۆیی لە بیرکردنەوەدا، هەستکردن بە بەرپرسیاریتی، ڕێگا خۆش دەکات بۆ فێرخواز کە ئاستی تێگەیشتنیان بالاتر بێت، تیایدا کارامەییەکان و سیفاتەکانی سەرکردە لە فێرخوازەکاندا دەردەکەوێت، ئەو پۆلەی پراکتیزەی فێربوونی هاریکاری بە گروپ تێدا ئەنجام دەدرێت، هاریکاری فێرخوازەکانی دەکات بۆ باشتر گوێگرتن و ڕێزگرتن لە بۆچوونەکانی یەکتر، هەروەها کەشێکی کێبرکێی بەهێز دروست دەکات لەنێوان فێرخوازەکاندا، کە ئەمەش کەشێکی دروستە بۆ فێربوون.

ئەو پۆلانەی فێربوونی هاریکاری بە گروپیان تێدا پراکتیزە دەکرێت، هەندێ جیاوازی و تایبەتمەندی لە چاو پۆلێکی باودا هەیە، هەروەکو (عقل و ابو غزاله ٢٠٠٥) جیای دەکەنەوە بەم خاڵانە:

١-پەیوەندیی ئەرێنی لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا هەیە.

لە پۆلی باودا مامۆستا تاکە سەرچاوەیە، هەر ئەوە کە زانست و زانیاری دەداتە فێرخواز، بەڵام لە پۆلی هاریکاری بە گروپ فێرخوازەکان بەشداری و هاوبەشی دەکەن لە پێدانی زانست و زانیاری، مامۆستا زانیارییەکی ئەکادیمی و کارامەییەکی فێرکاریی هەیە دەیداتە فێرخواز، بەڵام لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ زانیارییەکان پێشکەش دەکا لەسەر بنەمای کارامەیی زانیارییەکانی کەسێتی فێرخواز و ستراتیژییەکان و ئەو ڕۆشنبیرییەی هێناویانە لەگەڵ خۆیاندا لە ژینگە جیاوازەکانیان.

٢-دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا:

مامۆستایان و فێرخوازان دەسەڵات و ڕۆڵەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، لە پۆلی هاریکاری بە گروپدا بە شێوازێکی ڕوون دیاریکراوە، بەڵام لە پۆلی باودا تەنیا مامۆستا دەسەڵاتدارە و ئامانجەکان دیار دەکات و جێبەجێی دەکات و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات بەوەی چی فێربوون؟ بەڵام فێربوونی هاریکاری بە گروپ فێرخوازەکان خۆیان ئامانجەکانی فێرکردن دیاری دەکەن، ئەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدەن، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، هەل دەداتە هەموو فێرخوازان بۆ پێشاندانی کارامەیی و زانیارییەکان و شێوازی فێربوون، بەمەش ڕێزگرتن لە خودی خۆیان زیاد دەکات، بیرکردەوەیان گەشە دەکات.

٣- ڕۆڵی مامۆستا لە پۆلی هاریکاری بە گروپ ڕۆڵی نێوەندگیرییە لە پرۆسەی فێرکاریدا:

بەشداریکردنی مامۆستایان و فێرخوازان لە دابەشکردنی دەسەڵات و ڕۆڵ و زانیارییەکانیان، دووپاتی دەکاتەوە ڕۆڵی مامۆستا لە پۆلی هاریکاری بە گروپ ڕۆڵێکی

نیوەندگیرییە، کە ئەم ڕۆڵەش هاریکاری فێرخواز دەکات بۆ بەســـتنەوەی زانیاری و کارامەییە نوێیەکانی بەیەکەوە و فێریان دەکات چۆن نرخ و بەها بۆ شتەکان دابنێن.

٤- سروشتی پێکهاتەی فێرخواز لە هاریکاری بە گروپ:
پێشـــینەی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکان و بەها و بۆچوونە جیاوازەکان، پێویســـتە بۆ هێنانەدی فێربوونێکی کارا، هەروەها ئەم شێوازی فێربوونە خواستە سەرەکییەکان ئامادە دەکات بۆ زیاتر تێگەیشـــتنی لە بۆچوونە جیاوازەکان، ئەمەش هەل دەداتە فێرخواز بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە فێرکارییەکییان بە شـــێوەیەکی کاراتر، پەرە دەدات بە کارامەییەکانی بیرکردنەوەکانیان و هاوبەشـــیکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکانی پرۆســـەی فێرکارییەکان. **(الحیلة: ٢٠٠١: ٦١)**

٥- کارامەییە بنچینەییەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی هاریکاری بە گروپ:
پراکتیزەکردنی فێربوونی هـاریکـاری بـە گروپ و شـــێوازەکـانی تر وا دەخوازێت، کـە مامۆستا خاوەنی کارامەییە پێویستییەکان بێت بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەیدا، لە کارامەییە پێویســـتیەکانی مامۆســـتا پراکتیزەکردنی فێربوونی هاریکاری بە گروپە و بە کاراییکردنی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی فێرکاری و کارامەیی پلاندان و بونیادی چالاکیی فێرکارییە بەو پێیەی کە مامۆســـتا ئەو کارامایینەی نەبێت ئەوا ناتوانێت شـــێوازی فێربوون لەنێو پۆلەکەیدا پراکتیزە بکات. (**جامل: ٢٠٠٢: ٦١**)

## ٢-١-٣-٣: ئامرازەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپ:

هاریکاریکردن و کێبڕکێ دوو شتی پێکەوە گرێدراون، ئەویش لە کاتێک دەبن کە ئەندامانی گروپێک زیاتر بایەخ و گرنگی بدەن بە هێنانەدی ئامانجەکانی گروپەکەیان، بایەخی زیاتر بدەن بە یەکتری، پێدەچێت ناکۆکییەکی دیاریکراو لەنێوایاندا ڕوو بدات، ئەمەش بەپێی ئەوەی جۆنسۆن (Johnson) و هاوڕێکانی (١٩٩٥) باسیان لێوەکردووە:
1-فێرکردنی فێرخواز و ڕێوشـــوێنگرتنەبەر و کارامەییە پێویســـتەکان بۆ بەڕێوەبردنی ململانێی بیرکردنەوەی ئەکادیمییەکان کە پەیوەستە بە گروپە فێرکارییەکان.
2-فێرکردنی فێرخواز و ڕێوشـوێنگرتنەبەر و کارامەییە پێویسـتەکان بۆ دانوسـتان لەپێناو گەیشـــتن بە چارەســـەری بونیاتنەرانەی ململانێکانیان، نێوەندگیری لە ناکۆکییەکانی نێوان هاوڕێکان و گروپە فێرکارییەکاندا. (**خضر: ٢٠٠٦: ٦٧**)
بۆ بەکارهێنانی (وروژێنەری بیرکردنەوەی ) دەتوانرێت مەشـــق و ڕاهێنان بە فێرخواز بکرێت، (کیپ هۆفەر) بەم شێوەیە پێناسەی وروژێنەری بیرکردنەوەی دەکات: گرتنەبەری چەند کۆمەڵەیەکە کردارێکە، بە مانای بەکارهێنانی مێشـــکە بۆ ورژواندنی گرفتێک لە گرفتـەکـان، کـە هـەموو هزرەکـانی لـەگـەڵدا کۆبۆتـەوە، بۆ دۆزینـەوەی چـارەســـــەرێکی

داهێنەرانە، وروژێنەری بیرکردنەوەی تەکنیکێکی داهێنان و خەیاڵاندنی پراکتیکییە، کە لە بازاری کاردا بەکار هاتووە، پاشـــان هاتۆتە نێو بواری پەروەردەوە، کە ئەمەش بۆتە یەکێک لە باشترین ئەو شێوازانەی جێی بایەخی ئەو توێژەرانەیە کە گرنگی بە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدەن. (**ابو ناجي: ٢٠٠٢: ٧١**)

## ٢-١-٣-٤:ڕاسـپێردراوەکانی دانیشـتنەکانی وروژێنەری بیرکردنەوەی لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ:

ئەمەش وا دەخوازێت گروپەکان ئامادە بکرێن، بەتایبەتی لە دانیشـــتنی یەکەمدا بۆ وروژاندنی بیرکردنەوەی ، بە شێوەیەک (جروان) جەخت دەکاتەوە لەسەر چوار ڕێسا، کە پێویستە چاودێری بکرێت لە شێوازی وروژێنەری بیرکردنەوەی لەنێوان تاکەکاندا، بەم شێوەیە:

١-نابێت هیچ ڕەخنەیەک بگیرێت لە هەر ئەندامێکی گروپەکە هەر چەند بۆچوونەکەی بێبایەخ بێت.

٢-هاندان بۆ پێدانی زۆرترین ژمارەی بیرکردنەوە.

٣-جەختکردەوە لەسەر چەندێتی، هاندانی بۆ زیادکردنی.

٤-بیرۆکە پێشـنیارکراوەکان هەموو خاوەنێتی، بەواتای دەتوانرێت وەرگرتن و داڕشـتن و پێکهێنانی بیرۆکەی تر یان چارەســـەری تر ئەنجام بدرێت کە وەرگیرابێت لە بیرۆکە پێشنیارکراوەکەی پێشووەوە.

**جروان** بە وەرگرتن لە (**الهويدى ٢٠٠٢**) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چەند ڕەگەزێک و هەنگاوێک هەن، گرنگن بۆ ســەرکەوتنی پرۆســەی وروژێنەری بیرکردنەوەی ، بەوپێیەی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپ لەنێو گروپەکاندا:

أ. ڕوونی گرفت و بابەتی توێژینەوەکە لای بەشـــداربوان و ســـەرکردەی چالاکی، پێش دەستپێکردن بە دانیشتنەکە.

ب. ڕوونی بنەما و ڕێســـاکانی کار، هەموان پابەندن پێوەی، بە شـــێوەیەک هەر بەشداربوویەک دەبێ ڕۆڵی خۆی ببینێت، بیرۆکە و پێشنیاز پێشکەش بکات بێ ئەوەی بە تانە و تەشەر و هیچ کەسێک بریندار بکات.

ج. دەبێ مامۆسـتا و سـەرکردەی چالاک بێت باوەڕی تەواوی هەبێت بە بەهای شـێوازی وروژێنەری بیرکردنەوەی لەنێوان ئامرازەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، لە هاندان بۆ داهێنان و بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانیاریی فێرخوازی گروپەکان لەنێو پۆلدا. (**الهويدي: ٢٠٠٢: ٣٥**)

## ٢-١-٣-٥: هەڵسەنگاندنی فێربوونی هاریکاری بە گروپ:

هەڵســـەنگاندن و بەدواچوون لە فێربوونی هاریکاری بەگروپ جیاوازە لە چاو فێربوونی باودا. بەدواداچوون و هەڵسـەنگاندن لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ، بەپێ ئەو ئامانجانە دەبێت کە پلانی بۆ دانراوە، کە خۆی لە کردار و ئەنجامدانی پرۆسـە و وتە بیسـتراوەکان

دەبینێتەوە، جەخت دەکاتەوە لەسـەر ئەو پرۆسـانە و دەرئەنجامانەی لە ڕێگەی فێربوونی هاریکاری بە گروپەوە دروسـت دەبن، دەتوانرێت ڕێنمایی فێرخواز بکریت بۆ گرنگی و بایەخی کاری هاریکاری بە گروپ، لە ڕێگەی گرنگیدانی فێرخوازان بە یەکدی و گۆڕینەوە کار و کۆششـەکان لەگەڵ ئەندامانی گروپەکاندا، هەسـت بە گۆشـەگیری ناکەن لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان. بەدواداچوون لەم ڕێگایانەوە ئەنجام دەدرێت:

١-هەڵسـەنگاندنی جۆری کارلێک لەنێوان ئەندامانی گروپەکە لە ماوەی کارکردنیان بۆ گەیشـتن بە فێرکردنی هەندێکیان تاوەکو ئەوپەڕی سـنووری فێرکردن، ئەویش لە ڕێگەی تێبینکردنی کار و ئەنجامدانی گروپەکان لە کاتی کارکردندا.

٢-هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆسانەی کە گروپەکان ئەنجامی دەدەن بۆ پێشکەشکردنی فیدباکی هەموو گروپەکان و پێدانی دەرفەت بۆ هەڵسەنگاندنی تاکەکانی لە کاتی کارکردندا.

٣-گروپەکان دەرئەنجامی هەڵسەنگاندن بۆ ئامانجی کارەکانیان دەخەنە ڕوو، کە پەیوەستە بە چۆنێتی باشی کارلێک و ئەو ڕێوشوێنانەی دەیگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی.

٤-هەڵسـەنگاندنی کار و ئەنجامدانی تێکڕای گروپەکانی پۆلی خوێندن لە کۆتایی هەموو وانەیەکدا ئەویش لە ڕێگەی گفتوگۆ و خستنەڕوو و پرسیارکردن و تێبینەکانەوە.

٥-ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان لەسـەر ئاسـتی هەموو گروپەکانی پۆلی خوێندن، لەبەر ئەوەی نموونەکانی هەڵسـەنگاندن دەبێت بەپێی ئەوە دروسـت بکرێت کە پلانی بۆ دانراوە، بە جۆرێک نموونەی وا لەخۆ بگرێت بۆ بەسـەرکردنەوەی ئەرکەکانی ماڵەوە یان تاقیکردنەوەی وەدەسـتهێنان و یان چالاکییە زانستییەکان و کارامەییە فێرکارییەکان. (**جامل:٢٠٠٢: ٧٢**).

## ٢-١-٣-٦: جۆرەکانی فێربوونی هاریکاری بەگروپ:

### ١-گروپە فێرخوازییە هاریکارییە فەرمییەکان:

گروپە فێرخوازییە هاریکارییە فەرمییەکان: بریتیین لە کۆمەڵێک گروپ کە ڕەنگە وانەیەک یان چەند هەفتەیەک بخایەنێت، فێرخوازازان تیایدا پێکەوە کار دەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هاوڕێکانیان لە گروپەکەدا بە سـەرکەوتووی ئەرکی فێرکاریی پێسـپێردراوییان ئەنجام داوە. هەر ئەرکێکی فێرکاری لە هەر وانەیەکی خوێندن بۆ هەر میتۆدێک کە بتوانرێت بە شـێوەیەکی هاریکارییانە بنیات بنرێت، هەروەها پێداویسـتییەکانی هەر وانەیەک یان هەر ئەرکێک دەکرێت سـەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گروپە فێرخوازییە هاریکارییە فەرمییەکان بگونجێت.

### ٢- گروپە فێرخوازییە هاریکارییە نافەرمییەکان:

وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵێک گروپ، کە مەبەستی تایبەتیان هەیە و پێدەچێت چەند خولەکێک یان وانەیەک بخایەنێت، ئەم جۆرە گروپانە لە کاتی فێرکردنی ڕاستەوخۆدا بەکار دەهێنرێن، کە چالاکی وەک وانەبێژییەک، یان پێشـکەشـکردنی نمایش، یان شـریتی

ڤیدیۆییەک بێت، بە ئامانجی سەرنج ڕاکێشانی فێرخوازان بۆ ئەو وانەیەی کە فێر دەبن، ئامادەکردنی فێرخوازان لە ڕووی دەروونییەوە بە جۆرێک یارمەتی فێربوونیان بدات یان یارمەتیان بدات لە دانانی پێشبینییەکان، سەبارەت بە وانەکە و دڵنیابوون لە چارەسەرکردنی وانەکە، لە ڕووی بیرکردنەوەی یەوە و پێشکەشکردنی کۆتایی وانەکە.

**٣- گروپە فێرخوازییە هاریکارییە بنەڕەتییەکان.**

کۆمەڵە گروپێکی دوورمەودا و ناهاوشێوەی ئەندامێتی جێگیریی هەیە و مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ئەندامەکانی پاڵپشت و کۆمەک و هاندانی پێویست پێشکەش بکەن، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی ئەکادیمی. گروپە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی پابەند و هەمیشەیی و دوورمەودا دەدەنە فێرخواز، کە ڕەنگە ماوەی ساڵێک یان کەمتر بخایەنێت، تاوەکو دەرچوونی ئەندامانی گروپەکە بەردەوام دەبێت. (**الحيلة:٢٠٠١: ٩٧**)

## ٢-١-٣-٧: هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، ئەمانەی خوارەوەن:

١-دیاریکردنی ئامانجی وانەکە.

٢-دیاریکردنی قەبارەی تەنیا یەک گروپ کە دەبێت ناهاوجۆر بن.

٣-دیاریکردنی ئامرازە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی چالاکی وانەکە و ڕێکخستنی.

٤- باسکردنی ئەرکە فێرکارییە خوازراوەکان بۆ فێرخوازان و جێبەجێکردنی.

٥-دیاریکردنی بەرپرسیارێتی تاک بەرامبەر گروپەکە.

٦-پێدانی زانیاریی تایبەت دەربارەی کارکردن لە فێربوونی هاریکاری بە گروپ، وەک بە نزمی قسەکردن و بە هێمنی گفتوگۆکردن، نابێت جووڵە هەبێت لە دەرەوەی بازنەی گروپەکەدا.

٧- تێبینەکانی مامۆستا بۆ گروپەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکان.

٨-خستنە ڕووی هەندێک لە ئەرکە سەرەکییەکان لە لایەن مامۆستاوە، وەک هێڵکاری و وێنەکانی ڕوونکردنەوە کە پەیوەستە بە وانەوەکەوە.(**ابو ناجي:٢٠٠٢: ٥٧**)

## ٢-١-٣-٨: سوودەکانی فێربوونی هاریکاری بە گروپ:

١- دەستکەوت زیاد دەکات.

٢- بابەتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە یادەوەرییدا دەمێنێتەوە.

٣-بەکارهێنانی زیاد لە پرۆسەکانی بیرکردنەوەی باڵا.

٤-زیادکردنی بۆچوونی ئەوانی دی.

٥-پاڵنەری ناوەکی زیاتر.

٦-ڕێزگرتنی زیادتر لە خود. (**زيتون: ٢٠٠٩: ٧٧**)

## ٢-١-٣-٩:بنەماكانی پێكهێنانی گروپ:

١- نابێت گروپ ژمارەی ئەندامەكانی لە ٣ كەمتر و ٦ زیاتر بێت.
٢-مامۆستا دەبێت جەخت لەسەر ناهەمەجۆری لە تاكەكانی گروپەكەدا بكاتەوە، بە واتای ئەمانە لەخۆ بگرێت، باڵا، مامناوەند، لاواز لە دەستكەوتدا.
٣-مامۆستا دەتوانێت شێوازی هەڕەمەكی یان مەبەستدار هەڵبژێرێت، بۆ ئەندامانی هەر گروپێك.
٤-ڕێكخستنی فێرخوازەكان لە پۆلدا بە شێوەیەكی وەها كە بتوانن كارەكانی وانەكە بە ڕوونی ببینن و ماوەش هەبێت لەنێو گروپەكاندا.
٥-دابەشكردنی ڕۆڵەكان لە گروپەكەدا، سەركردەیەكی دەبێت بۆ هاوڕێكانی كار دەكات بۆ ڕێكسختنی كاری گروپەكە و بەهێزكردن و پاڵپشتكردن بۆ هێنانەدی ئامانج و گەڕان بەدوای زانیارییەكان و لێپرسراوە بە ئامادەكردنیان.

## ٢-١-٣-١٠: ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی هاریكاری بە گروپ:

یەكەم: پلاندانان .
دووەم: ڕاڤەكردنی ئەركەكان و پاڵپشتی ئەرێنی لەگەڵ خوێندكاران لەكاتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە گروپەكاندا.
سێیەم: بەدواداچوون و دەستێوەردان.
چوارەم: هەڵسەنگاندن و چارەسەركردن. **(سعدات و الحربي: استخدام إستراتیجیة ئینتەرنێت: سایتی الألوكة)**

## ٢-١-٣-١١: نموونەكانی فێربوونی هاریكاری بە گروپ:

چەند نموونەیەكی فێربوونی هاریكاری بە گروپ هەن ئەمانەن:
١-نموونەی دابەشكردنی فێرخوازان بەپێی ئاستی وەدەستهێنان: ئەم نموونەیە (كیت، دیفری، وسلافن) دایاننا، تیایدا فێرخوازەكان دابەش دەبن بۆ گروپی ناهاوشێوەیەی یەكتر لە ئاستی كار ئەنجامدانیان (باڵا، مامناوەند، لاواز)، هەر گروپێك پێكدێت لە (٣-٥) فێرخواز، مامۆستا كارامەییەكان پێشكەش بە فێرخوازەكان دەكات و نموونەكە دەخاتە ڕوو، دوای ئەوە ئەندامانی گروپەكە مەشق و ڕاهێنان لەسەر كارامەییەكە دەكەن و زانیارییەكانیان پێشكەش دەكەن (فیدباك) ئەنجام دەدەن و هەڵەكان ڕاست دەكەنەوە.
٢-نموونەی ڕێكخستنی تێكچڕژاو: ئەم نموونەیە هەر دوو (ارتسوف وكولیجس) دیاریان كردووە، بەو شێوەیەی هەر فێرخوازێك لە گروپەكە بەشێكی وانەكەی بۆ دیاری دەكرێت، دەبێت بە شێوەیەكی ورد بیخوێنێتەوە، پاشان ڕادەسپێردرێت بۆ خوێندنەوەی بۆ ئەندامانی تری گروپەكە، بەمەش ئەندامانی گروپەكە هاوكاری یەكتر دەكەن، بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ئەو بەشە. **(السامرائي و الاخرون: ٢٠٠٠: ٣٥)**

٣- نموونەی فێربوون پێکەوە: ئەم نموونەیە لە لایەن (جۆنســـۆن Johnson) دامەزرا، هەموو گروپەکان ڕادەسپێردێن بۆ ئەنجامدانی کارێک، دوای ئەوەی مامۆستا فێرخوازەکان دابەش دەکات بۆ گروپەکانی ناهاوشـێوە لە وەدەســتهێناندا، ژمارەی هەر گروپێک (٣-٦) فێرخواز دەبێت، هەموو ئەندامانی گروپ هاوکاری یەکتر دەکەن لەوبابەتەی پێیان دراوە، مامۆســـتا بەدواداچوون بۆ کار و ئەنجامی گروپەکان لە کاتی وانەکەدا دەکات، لە کاتی پێویســتدا دەســت تێوەر دەدات، دوای ئەوەی کاتی تایبەتکراو بۆ کاری گروپەکان کۆتایی دێت، مامۆســتا هەڵســەنگاندن بۆ گروپەکان دەکات. بەهای فێربوونی هاریکاری بە گروپ لـەوەدایـە ڕێگـەخۆش دەکـات بۆ فێرخواز تـاوەکو ڕوونکردنـەوە و بۆچوونـەکـانیـان و هەڵسەنگاندنیان و هاوبەشیکردنیان لەگەڵ یەکتردا بکەن. **(سعادة و الاخرون:٢٠٠٦: ٤٤)**

توێژەر دەگاتە هەڵهێنجانی ئەم خاڵانە:

آ- ژینگەی ماددی دەبێ (حەوێنەر وسـەرنج ڕاکێش بێت) و ئامێر و تەکنیکی و سـەرچاوە پێویســتییەکانی کەرەســـەی فێرکردنی بۆ دابین کرابێت، بە شـــێوەیەک ڕێکخرا بێت کە دەرفەتی فێربوونی تاکی و فێربوونی بە گروپ بۆ فێرخواز دابین بکات.

ب- بە ڕوونی پیشـــان بدرێت کە فێرگە کە جەخت لەســـەری چی دەکاتەوە و هەوڵی بەدەســـتهێنانی چی دەدات و بایەخ بە چی دەدات و نرخ و بەهای چی دەزانێت، ئەو کەســـانەی کاری تێدا دەکەن وەکو بەڕێوەبەر و مامۆســـتایان و فێرخواز و ئەوانی تر، دەبێت هەر یەکە و پێشبینییەکی ڕوون بۆ ڕۆڵەکانیان بکەن.

ج- ژینگەیەکی ئارام بێت، فێرخواز هەست بە ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکی و هەڕەشەکردن نەکات.

د-ژینگەیەک بێت، چاودێری وردی فێرخواز بکات و وا بکات فێرخواز پەرۆشـــی فێرکردن و گەشـــە بکات، هەموو توانا و کۆشـــشـێکی بۆ فێربوون بەکار بێنێ، هەموو هەوڵێکی بۆ کۆشـــشـــکردنی خوێندنەکەی بێت و ئارام بێت، هەموو وزە و توانایەکی بخاتە گەڕ بۆ وەدەستهێنانی زانست و زانیاری.

هـــ- ژینگەکە مۆرکێکی هاریکارییانەی هەبێت، بەواتای پرۆسـەی فێرکردن پرۆسـەیەکی هاریکارییانە بێت، مامۆســـتایان و فێرخوازان پێکەوە بەشـــداری بکەن، ڕۆڵی مامۆســـتا ڕێنمایکەر بێت نەک سەرچاوەی زانیارییەکان.

و- ژینگە لەســەر کۆنترۆڵکردنی خۆبەرێوەبردن بنیاتبنرێت، واتە فێرخوازان لەم ژینگەیەدا فێر دەبن چۆن کۆنترۆڵی ڕەفتار و هەڵسـوکەوتی خۆیان بکەن، تاوەکو بە شـێوەیەک بێت فێرکردن و گەشەکردنیان ئاسان بێت.

ز- بڕیارەکان مۆرکێکی هـاریکـارییـانەی هـەبێت، ئـەویش تـەنیـا لـە لایـەن بـەڕێوەبـەری خوێندنگە یان مامۆستا یان فێرخوازەوە نەبێت.

ڕ- کارلێکی ئەرێنی لەنێوان فێرخوازان خۆیان و مامۆســـتایاندا لەنێو پۆل و دەرەوی پۆلیشدا هەبێت.

## ٢-١-٣-١٢: بنەماکانی فێربونی هەرەوەزی:

بۆ ئەوەی فێرکردن بە شـــێوەیەکی هەروەزییانە بێت، پێویســـتە چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، کە دادەنرێت بە بنەماکانی فێربوونی هەرەوزییانە هەروەکو (**مطر**) بە وەرگرتن لە (**الحیلة: ٢٠٠١**) لەم خاڵانەدا باسی لێ دەکات:

١- هاوکاریی ئەرێنی.

٢-کارلێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فێرخوازەکاندا.

٣-لێپرسینەوەی تاکەکان.

٤-کارامەیی لە هاوکاریی بە کۆمەڵیدا.

٥-چارەسەر بە کۆمەڵ. (**الحیلة: ٢٠٠١: ٩٧**)

## ٢-١-٣-١٣: ڕێوشوێنەگرتنەبەری فێربوونی هەرەوەزی:

ئەو ڕێو شـــوێنانەیە، کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ هەســـتان بە هەر کاریکی وتنەوەی وانە بە شـــێوەی هەرەوەزییانە، لە ســـەرەتادا پێویســـتە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدرێن: پلاندانان، پاشـان جێبەجێ کردنی، دوای ئەوە هەڵســەنگاندن، لە فێربوونی هەرەوەزییانەدا (التعاونی) ئەم هەنگاوانە دەگیرێنە بەر:

١-دارشـــتنی ئامانجەکان، کە ئامانجی وانەوتەوە دەگرێتە خۆ، بڕیاردان لەســـەر قەبارەی گروپەکە و دامەزراندنی فێرخوازەکان لە گروپە فێرکاریەکاندا، ڕێکخســـتنی پۆلی وانەکە، پلاندانان بۆ کەرەســە فێرکارییەکان بۆ بەهێزکردنی زیاتر پاڵپشـتی ئاڵوگۆڕکردنی ئەرێنی، دانانی ڕۆڵەکان لەسەر بنەمای پشتگیریی ئاڵوگۆڕی.

٢-ڕێکخســـتنی ئەرک و پشـــتگیری ئاڵوگۆڕکراو، کە تیایدا باس لە ئەرکە ئەکادیمییەکان دەکرێت، بنیاتنانی کاری هەرەوەزی ئاڵووگۆڕی ئەرێنی بەرەو هێنانەدی ئامانج، گەشـــەی بەرپرســـیارێتی تاکی، پێکهێنانی گیانی هاریکاری لەنێوان فێرخوازەکاندا، باســـکردنی پێوەرەکانی سەرکەوتن، دیاریکردنی ڕەفتاری ئارەزوومەندانە.

٣-چاودێریکردن و دەســـت تێوەردان و هەڵســـەنگاندن، کە تیایدا چاودێری ڕەفتاری فێرخوازەکـان دەکرێت، هـاوکـاری پێشـــکـەش دەکرێت بۆ ئـەنجـامـدانی ئـەرکـەکـە، دەستتێوەردانی مامۆستا لە فێرکردنی کارامەیی هەرەوەزیدا و هەستان بە پێشکەشکردنی دەرئـەنجـامی کۆتـایی وانـەکە، هـەڵســـەنگـانـدنی جۆری فێرکردنی فێرخواز و بڕەکـەی، لە کۆتاییدا نرخاندنی ئەو ئەرکانەی گروپەکە هەســـتاون بە ئەنجامدانی. (**الهويدي:٢٠٠٢: ٧٨**)

## ٢-١-٣-١٤: لایەنە ئەرێنییەکانی فێرکردنی هەرەوەزی وەک ستراتیژییەکی وانەوتنەوە:

١-پێدانی زانیارییەکی فرە لەسەر بابەتەکە.
٢-دۆزینەوەی پێکهاتەیەک یاخود بونیادێکی فێرکاری لای فێرخواز، کە پشتببەستێت بە فێربوونی لە ڕێگەی هاوبەشیکردنێکی کاراوە لەگەڵ یەکدی.
٣- دابینکردنی هەلی فێرکاری بۆ بەکارهێنانی گروپ وەک نموونە و شێوازی وتنەوەی وانەی گونجاو.
٤-بەهێزکردنی ڕێزگۆڕینەوە لەنێوان فێرخوازەکاندا.
٥-دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی فێرکاری، کە بەکار بێت بۆ ڕێ و شوێنگرتنەبەرێکی گونجاو کە ببێتە پاڵپشت و بەهێزکردنی کاری بە کۆمەڵ و کاری هەرەوەزی لەنێوان فێرخوازەکاندا.
٦-بەهێزبوونی بیرکردنەوەی زانستی و داهێنانە. (**الحيلة: ٢٠٠١: ٦٥**)

## ٢-١-٣-١٥: دەستکەوتی فێرخواز لە ڕێگەی فێربوونی هەرەوەزییەوە:

١-بەرزکردنەوەی کۆی گشتی فێرخواز و نمرەی تاقیکردنەوە ئەکادیمییەکانی.
٢-بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان فێرخوازانی گروپە هەرەوەزییە فێرخوازاییەکاندا کە پێکەوە کاردەکەن.
٣- هەستێکی بەهێزی دروست دەخوڵقێنێت بۆ لایەنگیری گروپە فێرخوازاییە هەرەوەزییەکان لە کاردا.
٤-بنیاتنانی ئاڕاستەی ئەرێنی لە ڕێگەی کاری جددی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.
٥- هەستکردن بە ئاسوودەی و ڕەزامەندی لە بەرادبەر ئەوانی دیکەدا لە گروپە هاوبەشەکاندا.
٦- ئامادەکاری و ئارەزوومەندی بۆ هاوبەشیکردن و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ گروپەکاندا کە فێرخواز تیایدا بەشدار دەبێت.
٧- دۆزینەوەی تەواوکاری لەنێوان فێربوونی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی پەیوندی لەنێوان گروپە فێرخوازیەکاندا.
٨-خوڵقاندنی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان ئەو فێرخوازانەی پاشخانێکی ڕەگەزی جیاوازییان هەیە.
٩- توانا بە فێرخواز دەدات بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکانیان و گفتۆگردن بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بەر چاو فێرخوازە هاوڕێکانیان و پتەوکردنی پشت بەستن بەخۆ و تێگەیشتن لە خود.

١٠- دۆزینەوەی ئارەزوو بۆ فێربوون لە خودی فێرخوازدا و پەســـەندکردن و دانانی هاوڕێکانیان وەک سەرچاوەیەکی زانین و زانیاری.
١١-زیاکردنی ڕەفتاری ئەرێنی و کەمکردنەوەی ڕەفتاری خراپ و گێرەشـــێوێنی لە لای فێرخواز.
١٢- دۆزینەوەی ئاڕاســـتە ئەرێنییەکانی فێرخواز بەرانبەر مامۆســـتا و ئەو بابەتانەی کە دەیەوێت بیلێتەوە. (**جونسون، دیفید وجونسون، روجر: ١٩٩٨: ٤٤-٥١**).

## ٢-١-٣-١٦: کارامەییەکانی فێربوونی هەرەوەزی:

کارامەییەکانی فێربوونی هەروەزیی بە داخوازییەکی پێشـــەنگ دادەنرێت، کە بۆ فێربوونی ئەکادیمی خوێندنگا پێویســـتە، بەمەش پڕۆســـەی وەدەســـتهێنانی فێرخواز باشـــتر دەبێت، لە کاتێک فێرخوازان لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن، پێش فێرکردنی کارامەییەکان دەبێت چوارچێوەیەکی هەرەوەزی و هاوکارییانە بدۆزرینەوە، پێویســـتە ڕاســـتەوخۆ فێرخوازان فێری کـارامـەییـە هـەرەوەزییـەکـان بکرێن لـە پێشـــدا و هـەر کـاتێک فێرخواز فێری کارامەییە هەروەزییەکان بوو زۆر باشـــتر دەبێت، ئەو کارامەییانەی کە فێر دەکرێن پێویستە بەم شێوەیە بن:
١-کارکردن لەگەڵ گروپەکان بێت، نابێت فێرخواز هاتوچۆ بکات لەنێو پۆلەکەدا، دەبێت لە هەمان گروپ بمێنێتەوە، لەگەڵ گروپە فێرکارییە هەروەزییەکاندا.
٢-کارکردن دەبێت بە هێمنی و لەســـــەرخۆ بێت، لە کاتی ڕێکخســـــتنی ژووەکان و گواستنەوەدا، دەبێت غەڵبە غەڵب نەکرێت.
٣-دەنگێکی نزم بەکار بهێنرێت لە کاتی ئاخاوتندا، ئەویش بۆ نزیککردنەوەی گروپە هەروەزییەکان لەگەڵ یەکتردا لەنێو پۆلەکان.
٤-هاندنی هەموو ئەندامێک بۆ هاوبەشـــکردن لە بابەتە فێرکارییەکاندا، دەربڕینی بۆچوون بە شێوەیەک کۆششی ئەو کەسە، ببێتە تەواوکردنی کۆششەکانی گروپە هەروەزییەکە و پتەوکردنی، ئەگەر بێتوو ڕۆڵەکان ڕێک بخرێن و دابەش بکرێن بۆ ئەوەی هەر یەکە و بەشی خۆی بەرکەوێت لە هاوبەشکردندا، گونجاوترە. (**خطاب:١٩٨٩: ٤٤**).

## ٢-١-٣-١٧: ستراتیژییەکانی فێربوونی هەرەوەزی:

ئەو باســـانەی لەســـەر فێربوونی هەرەوەزی کراون چەندین جۆر ســـتراتیژیان لەخۆ گرتووە، کە لێرەدا ناتوانرێت هەموویان باس بکەین، بەڵام لێرەدا توێژەر ئاماژە دەدات بە ئەوانەی، کە زۆر بڵاو و بەکار هاتوون بۆ بەکارهێنانی لە وتنەوەی وانەکاندا، کە تیادا هاتووە لە توێژینەوەکانی سلاڤین (Slavin, 1980)ە، کە تیایدا پشتگیریەکی زۆر و پشت

پێبەســـــتراوە لە لایەن توێژەران و بەکارهێنەرانی ئەم ســــتراتیژانەوە، لەســــەر وتەی (Slavin, 1980) ئەمانەی خوارەوەیە:

**١-ستراتیژیی دابەشکردنی وەدەستهاتووی گروپە فێرخوازییەکان:**

ئەم ســــتراتیژییە (Slavins) بەکاری هێنا و گەشـــەی پێداوە، کار دەکات لەســـەر تیمی فێرخوازی، دوای دابەشکردنیان بۆ گروپەکان کە هەر گروپێک پێک دێت لە(٤-٥) فێرخواز لە ئاستە جیاوازی وەدەستهاتوو، ڕەگەز، توخم، مامۆستا لێرەدا وانەکان پێشکەش دەکات، فێرخوازەکان بە شـــێوەی تیم کار دەکەن و هاریکاری یەکتر دەکەن و تاقیکردنەوەی کورتیان (Quizzes) لەســـــەر ئەنجام دەدرێت، کە ماوەکەی لە ١٥ خولەک زیاتر نەخایەنێت، کە تیایدا ڕێگا نادرێت فێرخوازان هاوکاری یەکتر بکەن لەم بارەدا، نمرەکانی تاقیکردنەوەکە دەبێتە نمرەی تیمەکە، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستمی دابەشکردنی تـاقیکردنـەوە (Achievement Division) دەبێـت، بـەرزترین شــــەش نمرەی ئـەو فێرخوازەی بەدەســـتی دەهێنێت لەنێو تیمە جیاوازەکاندا لەنێوانیاندا بەراورد دەکرێت، بەرزترین نمرەش لەو شـــەش نمرانەی کە فێرخواز بەدەســـتی دێنێت و فێرخوازان وەری دەگرن لەنێو ئەندامانی تیمەکە هەشـــت خاڵ بە گروپە بچووکەکان دەدرێت، کە تیادا فێرخوازی ســـەرکەوتوو کاری تیادا دەکات، ئەو نمرەی تریش لە شـــەش نمرەکان، ٦ خاڵ دەدرێتە تیمەکە، بەم شـیوەیەش بۆ تاقیکردنەوەکانی تر (Quizzes) ئەنجام دەدرێت، بەم شـــێوەیە ئەو نمرانەی کە تیمەکە وەری دەگرێت دەبێتە باشـــترین نمرەی فێرخواز لە تیمەکەدا. (**Sharan: 1980: 243**)

**٢-فێربوون پێکەوە: (learning Together) (LT)**

ئـەم ســــتراتیژییـە لـە لایـەن (Johnson & Johnson)ەوە پـەرەی پێدرا، لـە زانکۆی منسوتای ئەمریکی، تیایدا فێرخوازی لە پۆل دابەش دەکرێن بۆ چەند گروپ، هەر گروپێک پێک دێت لە (٤-٥) ئەندام، کە هاوشـــێوە نەبن لە ئاســـتی وەدەســـتهاتوو، هەر گروپێک هەڵدەسـتێت بە ئەرکێکی دیاریکراو هەڵدەستێت (Assignment Sheets) هەر گروپێک بە وەرگرتنی کارێکی پێســـپێردراوە، دوای ئەنجامدانی پاداشـــت و ســـتایش وەردەگرێت لە پای ئەو کاری ئەنجامی داوە، ئەم ســـتراتیژییە پشـــت دەبەســـتێت بە چالاکییە گروپییە بنیاتنەرەکان، بە شـــێوەیەک جەخت دەکاتەوە لە چۆنێتی کاری بە کۆمەڵ، کە لەنێوان ئەندامانی تەنیا یەک کۆمەڵدا دروست دەبێت.(**Stahl: 1992:44-51**)

**٣-ستراتیژی تیمی فێربوون (Student Team Learning):**

ئەم ستراتیژە دیفرس و سلاڤین (Devries & Slavin) گەشەیان پێدا، هاندانە بۆ ڕێگەی پشـتبەسـتنی ئاڵوگۆڕکراو و باشـترکردنی پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری تاکەکان، تیایدا فێرخوازان بە کۆمەڵ کار دەکەن، وەک کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی، بۆ دەســـتکەوتنی ئەرکە فێرکارییەکان، کە ئامانجێکی هاوبەشـــیان هەبێت، هەموو گروپێک یەک لاپەڕەی

کاری پێدەدرێت، هەر فێرخوازێک تاقیکردنەوە بە شـــێوەی تاک ئەنجام دەدات، هێماکانی تاقیکردنەوەکە دەگۆڕدرێن بۆ خاڵ ســـەرەڕای بوونی هێما تاکییەکان بۆ هەر فێرخوازێک، فێربوون بەم ستراتیژییە بەپێ ئەم هەنگاوانە دەبێت:

آ- پێشــەکییەکی کورت لەســەر وانەکە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی وانەوتنەوە پێشــکەش دەکرێت.

ب- فێرخوازەکان بۆ گرووپی هەرەوەزی، کە هاوشێوەی یەکتر نەبن لە دەستکەوتدا دابەش دەکرێن، هەر گروپێک ژمارەی ئەندامانی لەنێوان( ٢-٦) دەبێت، بەو شـــێوە کە لەگەڵ ژمارەی فێرخوازانی پۆلەکە دەگونجێت.

ج-فێرخوازان لە گروپاتی هەرەوەزییدا بۆ هێنانەدی ئامانجە هاوبەشــەکان کار دەکەن، بە شـــێوەیەک هەموو فێرخوازەکانی گروپێک لە گفتوگۆکان و دەربڕینی بۆچوونەکان و فێربوونی چەمکەکان بەشداری دەکەن.

د-ئەندامانی گروپێک ڕاپۆرتێک یان لاپەڕەیەک لەســـەر کاری هاوبەش پێشــکەش دەکەن، هەروەها وەڵامی پرسیارەکانیش بە شێوەی هاوبەشیکردن دەبێت.

هــــ- هەر یەک لە تاکەکانی گروپەکان لە ماوەی جیاوازدا تاقی دەکرێنەوە، گفتوگۆ لەنێو گروپەکاندا بەسەرپەرشتی مامۆستا ئەنجام دەدرێت.

و-مامۆستا هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی هاوکاری و ڕێنماییەکردن و فیدباک بۆ هەموو گروپەکان، چاودێریی کاری گروپەکان بە شـــێوەیەکی ڕێکخراوی هەرەوەزییانە دەکات. (Slavin: 1988:31)

**٤-ستراتیژیی یاری گروپەکان (Teams-Games –Tournament):**

ئەم ســـتراتیژە هەر یەک لە دیفریس و ســـلاڤین (Devries & Slavin) دایانناوە، ئەم ســتراتیژییە پشــت دەبەســتێت بە خولی هەفتانە لەجیاتی تاقیکردنەوە کورتەکان، ژمارەی ئەندامانی گروپەکان لەنێوان(٤-٥)ە، ئەندامەکانی نێو گروپەکان لەنێو خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن و خاڵ تۆمار دەکەن بۆ تیمەکانیان، گفتوگۆ بەپێی خشـــتەی خولی تۆمار دەکرێت لەگەڵ وەدەستهێنانی ئەکادیمی بۆ فێرخوازان، فێرخوازی ســەرکەوتوو لە هەموو خولێکدا شـــەش خاڵ بەدەســـت دەهێنێت بۆ گروپەکەی، گفتوگۆکەران وەک یەکن لە ئاســـتی دەستکەوت (التحصیل) بە مانای فێرخوازانی (نمرەی لاوازی وەدەستهاتوو لەگەڵ یەکتردا، ئاســـتە نمرەبەرزەکان لەگەڵ یەکتردا) کار دەکەن بۆ پێدانی هەل بۆ هەر فێرخوازێکی هاویەکســانی ســەرکەوتوو، تیمی براوە خەڵات دەکرێت، دەتوانرێت ئەم سیســتمە لەســەر زۆربەی ئاستەکان و بابەتەکان پراکتیزە بکرێت. (Slavin :1988:33)

**٥-ستراتیژی تەواوکاری یاری وێنەی پارچە پارچەکراو: (Jigsaw)**

ئەم ستراتیژییە ئەرنسون ( Aronson,1978) داهێنا کە هەر دوو ستراتیژیی(Jigsaw1) (Jigsaw2) لەخۆ دەگرێت، زۆربەی توێژینەوەکان و توێژینەوە پراکتیزەکان ئاماژەیان داوە بەوە ئەم دوو ســـــتراتیژییە تێکەڵاو بکرێت بەوەی کە هەر دووکیان لە تەنیا یەک ســـــتراتیژییدا کار دەکەن و لەژێر ناونیشـــــانی (Jigsaw)، ئەم ســـــتراتیژییە ئاماژە بە بایەخدانێکی زیاد بۆ ئەنجامدانی کاری هەرەوەزی دەدات، کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن و درککردن بە زانین هەیە و هەستکردن بە خۆشەویستی فەرهەم دەکات، ئاڕاستەی ئەرێنی بۆ بابەتە تیۆرییەکان دەردەخات، ئەم ڕێگەیە هانی پشـــتپێبەســـتنی ئەرێنی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان تاکەکان دەدات و هانی بەرپرســـیارێتی تاکی تێدایە، ئاڕاســـتەی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات، بەردەوامی و کارکردن لەنێوگروپەکاندا کارا دەکات، ژمارەی تاکەکانی گروپەکە لەنێوان(٣-٦)دا دەبێت. (**Sharan: 1980:243**)

**٦- وانەوتنەوەی بە شێوەی کۆمەڵەی بچووک (Small-Group Teaching) (SGT):**

ئەم ســـــتراتیژە هەر دوو لە شـــــاران و شـــــاران (Sharan & Sharan) دایانناوە، ئەم ستراتیژییە پلانێکی ڕێکخستنە بۆ پۆل بە شێوەیەکی گشتی، مامۆستا بابەتی وانەیەک دیار دەکات لە بابەتە گشـــتییەکاندا، فێرخوازەکان ڕێک دەخرێن بەپێی هەڵبژاردنی خۆیان بۆ بڕگە هاوبەشـــەکانی بابەتەکانی خوێندن بە شـــێوەیەکی گشـــتی، ژمارەی تاکەکانی گروپەکە(٢-٦) دەبن، ئەمانە هەڵدەســـتن بە ڕۆڵی دابەشـــکردنی بابەتەکە بۆ ئامانجە تاکییەکان، کە جێبەجێ دەکرێت لە لایەن ئەندامانی گروپەکەوە ئامادە دەکرێت و خســـتنە ڕوو بۆ هەموو فێرخوازانی پۆل دەکرێت، تیایدا هەڵســـەنگاندن بە شـــێوەیەی هاوبەش دەبێت لە لایەن فێرخوازانی پۆل و مامۆستاوە.(**Sharan: 1980: 244**).

دوای پێداچوونەوەی توێژەر بۆ هەموو ئەو ســـتراتیژە جیاوازانەی لەســـەر فێربوونی هەرەوەزی و دیارکردنیان ئەنجام دراوە، هەســـتا بە پەیڕەوکردنی ســـتراتیژی (**کۆمەڵەی بچووک**) چونکە ئەم ســـتراتیژە زیاتر فێرخوازان لەنێوان گروپەکاندا فێر دەبن، لە ڕێگەی فێرکردنی فێرخوازان لەنێوان خۆیان، ئەمەش ڕێک دەکەوێت لەگەڵ توێژینەوەکەی کانتلۆن (Cantlon١٠٨٩،) کە گەیشـتە ئەوەی کە فێرخواز (١٠%)ی ئەوەی دەیخوێنێت فێردەبێت، (٢٠%) ئەوەی دەیبیســـتێ، و (٣٠%)ی ئەوەی دەیبینێ و (٧٠%)ی ئەوەی ئەوانی دیکە باس و ڕاڤەی بۆ دەکەن، (٨٠%)ی کارامەییەکانی کەســـێتی خۆیەتی و (٩٥%) لەوەی کە ئەو فێری کەسانی تری دەکات. (**القاعود: ١٩٩٥: ١٣٤**).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فێربوونی هەرەوەزی، تێبینی دەکرێت کە ئەم هەموو ڕێو و شـــوێنانە دەگرێتەوە، بەشـــێوەیەک کە هەر تاکێکی گروپە هەرەوەزییەکان فێر دەکرێت و فێر دەبێت و دەخوێنێتەوە و دەنووســـێت و دەبینێت، ســـەرەڕای ئەمانەش لە هەمان کاتدا هاوبەشـــی

دەکات، فێرخوازان کار وەک گروپێکی هەرەوەزی بۆ گەیشـــتن بە ئامانجە هاوبەشـــەکان دەکەن، هەر گروپێک یەک لاپەڕەی کاری پێدەدرێت، هەموو فێرخوازێک تاقیکردنەوەی تاکی ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەوەشـــــدا ئەم ســــتراتیژە زۆرتر گونجاوە بۆ نموونەی توێژینەوەکە و بابەتەکانی خوێندن.

## ٢-١-٤: جۆرەکانی بیرکردنەوە:

بیرکردنەوە وەک هەر پرۆســـەیەکی تری عەقڵی دەکرێت لە چوارچێوەی چەند گروپێکدا پۆلێن بکرێت، ئەمەش لە پێناو جیاکردنەوەی جۆرەکانییەتی لە یەکتر، ڕەنگە جۆراوجۆری شـــێوازەکانی بیرکردنەوە بەڵگە بێت لەســـەر گرنگیپێدانی زیاتر لە لایەن لێکۆڵەرانەوە بە توێژینەوە لەســـەرکردن جۆرەکانی بیرکردنەوە و بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوەیان پۆلێن دەکەن:

- بیرکردنەوەی مادی یان چەقبەستوو (Concrete Thinking)
- بیرکردنەوەی پەتی (Abstract Thinking)
- بیرکردنەوەی تێڕامانی (Thinking Reflective )
- بیرکردنەوەی داهێنانکارانە (Creative Thinking)
- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (Critical Thinking)
- بیرکردنەوەی بەرچاوڕونی (Insightful Thinking)
- بیرکردنەوەی دوور مەودا (Divergent Thinking)
- بیرکردنەوەی نزیک مەودا (Convergent Thinking)
- بیرکردنەوەی بان - زانین (Metacognitive Thinking)
- بیرکردنەوەی لۆژیکی (Logical Thinking)

**(ابو جادو و نوفل:٢٠٠٧: ٣٤)**

## ٢-١-٤-٢: بیرکردنەوەی تێڕامانی (Thinking Reflective):

سەرەڕای ئەوەی بانگەشەکردن بۆ تێڕامان و بیرکردنەوەی تێڕامانی لە کایەی پەروەردەدا لەدایکبووی ســەدەی بیســت و یەکە، بەڵام پســپۆرانی بواری پەروەردە جەخت دەکەنەوە لەســەر ئەوەی کە ســەرکەوتنی ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ چاککردنی پرۆســەی فێرکردن، وابەســتەیە بە چالاکبوونی مامۆســتاوە، کە بە شــادەماری پرۆســەی فێرکردن و هۆکاری ســەرکەوتنی دادەنرێت، بە شــێوەیەک دەســتەبەرکردنی بینایەکی پێشــکەوتووی قوتابخانە، دەستەبەرکردنی پرۆگرامێکی پێشکەوتوو، ئامێرە پێشکەوتووەکان و تەکنەلۆجیای نوێ و تاقیگەی ئامادەکراو، سەرەڕای گرنگییەکانی بەڵام ئامانجە خوزراوەکانی بەدەست ناهێنێت، ئەگەر مامۆســـتایەکی بەتوانا نەبێت بتوانێت ڕۆتینەکانی بواری فێرکردن تێپەڕێنێت بۆ بەشـــداریکردن لە چالاککردنی هەڵوێســـتەکانی فێرکردندا، ئامێرە گونجاوەکانی نەبێت بۆ گەشـەپێدانی زانیارییەکانی و توانا و لێهاتوییەکانی و کەرەسـتەکانی بەردەسـتی و ئاسـتی گەیاندنیشی باشتر بکات. (**الحیلة: ٢٠٠٢: ٢٥**)

تێڕامان و بیرکردنەوەی تێڕامانی بە یەکێک لە کەرەســـتەکانی گەشـــەپێدانی بەردەوامی مامۆســـتایان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەســـەر جێبەجێکردنی پیشـــەیانەی

کارەکەیان بە شێوەیەکی هۆشیارانە، کۆمەکیان دەکات، ئاستێکی بەرزتریان لە دووربینی و تێڕوانینێکی قووڵتریان سەبارەت بە ڕۆڵ بینینیان و ڕەفتارەکانیان پێ دەدات، بە شێوەیەک کار دەکات لەسەر پەرەپێدانی و گۆڕانکاری تێیدا و باشترکردنی، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەکانی بیری تێرامانی جۆراوجۆر وەک یادداشتکردنی ڕۆژانە، تۆمارکردنی چیرۆکەکان و ڕووداوەکان، لیستەکانی پێداچوونەوە و پەڕاوی تێرامانەکان، تۆمارکردنی تێبینییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و مەنهەجیانە، هەر بەم شێوەیە بەشداریکردنی لە گفتوگۆ تێرامانییەکان لەگەڵ کەسانی تردا و لەگەڵ خوددا، وای لێدەکات کە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنەکەی هەڵوێست وەرگرێت، ئەو شتەی کە هانی دەدات لەسەر بڕیاردان سەبارەت بە ئایندەی بەشداری دەکات لەسەر باشترکردنی ئەم پێشکەشکردنە و بەردەوام دەبێتە پاڵنەر بە ئاراستەی فێرکردن و هەنگاونان بەرەو پێشەوە شانبەشانی فێرخوازەکانی. (**محمود: ٢٠١١: ١٣٣٧**)

کێشەکان دەخولێنەوە بە دەوری چییەتی بیرکردنەوەی تێرامانانیدا، ڕەنگە جۆرێک بەیەکداچوون هەبێت لە نێوان ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و جۆرەکانی تری بیرکردنەوەدا، یان با بڵێن بارێکە لە تێهەڵکێشکردنی زیاتر لە جۆرێک لە بیرکردنەوە: نزیکترین پێناسەیەک لە پێناسەکان بۆ بیرکردنەوەی تێرامانی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە بریتییە لە تێرامانی تاکە کەسی لە هەڵوێستێک کە لەبەردەمیەتی و شی دەکاتەوە بۆ ڕەگەزەکانی. هێڵکاری تەنگژەکە دەکات لە پێناو تێگەیشتن لێی تا دەگاتە دەرەنجامەکانی، پاشان دەرەدنجامەکان هەڵدەسەنگێنێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پلانەی بۆی داناوە، بیرکردنەوەی تێرامانی گرنگی بە پشکنینی بنەماکانی بیرکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەی پرەنسیپەکانی دەدات، بە پشتبەستن بە بەڵگەکان. (**سعاد:٢٠٠٨: ٢٠٦**)

بیرکردنەوەی تێرامانی پێناسە دەکرێت بە بیرکردنەوەیەک، کە کەسێک تێرامان بۆ هەڵوێستێک دەکات، ئینجا شیکار و لێکدانەوە بۆ ڕەگەزەکانی دەکات و هێڵکاری پێویست دەکێشێت بۆ تێگەیشتنەکانی بە ئامانجی گەیشتن بە دەرنجامەکانی هەڵوێستەکە، هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان لەبەر ڕۆشنایی هێڵکاری بابەتەکان دەبێت، بە ئەمەش پێویستە هەڵوێستەکە شیکاری ڕەگەزە جۆربەجۆرەکان و گەڕان بەدوای پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێو ئەو ڕەگەزانە بکرێت، لەم بارەدا بۆ چۆنێتی شیکاریی هەڵوێستەکە دەبێت هاوکاری فێرخواز بکرێت. (**ابراهیم: ٢٠٠٥: ٤٤٧**)

## ٢–١–٤–٣: گرنگی فێرکردنی تێرامانی:

فێرکردنی تێرامانی، هاوکاری مامۆستایان دەکات بۆ پێدانی سەربەستی و ئازادیی زیاتر و دوور کەوتنەوە لە ڕەفتارە ڕۆتینەکان و کارلێکردن بۆ سەرنجڕاکێشان و دیاریکردنی ڕەفتارەکان و دوورکەوتنەوە لەم پرسیارە:" من نازانم بۆچی ئەمڕۆ ئەم کارە دەکەم؟

دیوی بە وردی باسی کردووە، کە گەشەی بیرکردنەوەی تێڕامانی تاکەکەسی لە ڕێکخستنی کارامەییەکانی و تێڕامانی بۆ توانای وێناکردنی بۆچوونەکان لە فێرکردنی نوێدا دێتە ئاراوە. بایەخی ئەم بابەتە خۆی لە پەیوەندیی نێوان فێرکردنی تێڕامانی و گەشەی پیشەیی مامۆستادا دەبینێتەوە. لەم بارەیەوە "فاریل" جەخت لەسەر بوونی پەیوەندیی لەنێوان تێڕامان و گەشەکردن دەکاتەوە، پێی وایە: تێڕامان دەبێتە هۆی گەشەکردنێکی خێرا، دووپاتی دەکاتەوە کە گەشەکردن لە سۆنگەی تێڕامانەوە بەرهەم دێت، کە ئەویش دەبێتە هۆی چاکسازیی پرۆسەکان لەنێو پۆلەکانی خوێندنا، یاخود لە هەڵوێستە فێرکارییەکاندا دروست دەبێت.

پیادەکردنی وتنەوەی وانە لە لایەن مامۆستایانەوە بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە دروست دەبێت، بە شێوەیەک کە پابەندن بەدوو هۆکارەوە:

١-پەیوەندیی نێوان ئەو هەوڵانەی لە وتنەوەی وانەکان و کارامەییەکانی پێشووتری فێرخوازان دەیدەن.

٢-پەیوەندیی نێوان ئەو هەوڵانەی لە وتنەوەی وانەکان و ئامانجە کەسییەکانی فێرخوازان دەیدەن. (**عبد الوهاب: ٢٠٠٥: ١٧٧-١٧٨**)

## ٢-١-٤-٤: فێرکردنی تێڕامانی لە ڕووی زمان و زاراوەوە:

وشەی تێڕامان لە زمانی ئینگلیزیدا چەند واتایەکی هەیە. لەو واتایانە تیشکدانەوەی ڕووناکی یان دانەوەی گەرمی یان دانەوەی تیشکە لەسەر ڕووتەختێک، هەروەک چۆن ئاماژە دەدات بە بیرکردنەوە و جەختکردنەوە لەسەر ئەو شتەی لە عەقڵدا ڕوو دەدات، هەروەها واتاکانی تری لە زمانی ئینگلیزیدا گەڕانەوەیە بۆ دواوە و بیرکردنەوەیە لە بابەتێک یان بیرۆکەیەک یان ئامانجێک (**Wehmeier:2005:1270**).

بۆ دەرخستنی چەمکی فێرکردنی تێڕامانی دەبێت لە دوو ڕووەوە لەسەری بوەستین؛ یەکەمیان لە ڕووی زمانەوانییەوە و دووەمین لە ڕووی زاراوەییەوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی تێڕامان لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژەیە بە چەندین مانای جیاواز؛ لەوانە شکانەوەی ڕووناکی یا گەرمی یا تیشک لەسەر ڕوویەک، هەروەها ئاماژەیە بە بیرکردنەوە و چڕکردنەوەی بایەخ لەسەر ئەوەی لە ئەقڵدا ڕوو دەدات، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بەمانای گەڕانەوە بۆ داوە و بیرکردنەوە لە بابەتێک یان بیرۆکەیەک یان ئامانجێک دێت.(**merriam-webster.com/: online dictionary**)

وەرگێرە عەرەبەکان وشەی تێڕامانیان (التأمل) بەکار هێناوە لە بەرامبەر وشەی (Refection)ی ئینگلیزیدا، ئەمەش بەکارهێنانێکی باوە لە نووسینە فەلسەفییەکاندا و ئاماژەیە بۆ سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە پرۆسەی بیرکردنەوە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی

بیرکردنەوەکەی یا کارەکەی لە شـــتێک، تێڕامان لە زمانی عەرەبیدا واتە تاوتوێی کرد و سەیری ئەنجامەکەی کرد.
تێڕامان لە (لسـان العرب) بەم شـێوەیە هاتووە: (تأملت الشـیء) لە شـتێک تێڕاماوم، واتە سەیرم کرد و تاوتوێم کرد. **(ابن منضور:٢٠٠٣: ٦٥)**.
فەرهەنگی (معجم الوسـیط)یش تا ڕادەیەکی زۆر لە چەمکی زاراوەیی ئەم وشـەیە نزیک بۆتەوە و دەڵێت: "(تأمل) تێڕامان واتە لە شتێک تێڕاماوە، (تأمل الشیء وفیه): واتە تاوتوێی کرد و سەرلەنوێ سەیری کردەوە بۆ دڵنیابوون لێی.**(مصطفی و أخرون: ١٩٦٠: ٦٩٨)**
لـە ڕووی زاراوەیشـــەوە لـەبواری پـەروەردەدا زاراوەی فێرکردنی تێڕامـانی ئـامـاژەیـە بە ڕەگەز و هەنگاوەکانی ئەو کارامەییە ئەقڵییەی کە فێرخواز وەری دەگرێت، بە مانای ئەو کردەوە ئەقڵی و ویژدانیانە دێت، کە تاکەکان پێوەی ســـەرقاڵ دەبن لە دۆزینەوەی کارامەییەکانیاندا، لەپێناوی گەیشتن بە چەمکێکی نوێ. **(جروان:٢٠١٣: ٤٢)**

## ٢-١-٤-٥: گرنگی بیرکردنەوەی تێڕامانی:

١- بیرکردنەوەی تێڕامانی شـیکارکردن و بڕیاردان دەگرێتەوە، هەندێجار پێش پرۆسـەی فێرکردن دەکەوێت و هەندێجار لەکاتی پرۆسەکە یان لە دوای پرۆسەکە ڕوو دەدات.
٢- لە کاتێکدا فێرخواز بە شێوەیەکی تێڕامانانە بیر دەکاتەوە، دەتوانێت بیرۆکەکان پێکەوە ببەستێتەوە بە ئەزموونەکانی پێشتر و ئێستای و پێشبینیان بکات.
٣- ئەو کەســەی خەریکی تێڕامانە بەردەوام پلان دادەنێت و چاودێری دەکات، شـێوازی تایبەت بە خۆی لە پرۆسەکاندا هەڵدەسەنگێنێت کە وەک بڕیاردانێک دەیانگرێتەبەر.
٤- بیرکردنەوەی تێڕامانی شتێکی پێویستە بۆ فێرخواز، بەشێوەیەکە داوا دەکات کە عەقڵ و ئەو پرۆگرامەی دەیخوێنێـت تێکەڵیـان بکـات و لەگەڵ گواســـتنەوەی فێرخواز لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر بیرکردنەوەی بەهێز دەکات ئەگەر دووبارە بێتەوە لە کایەی ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکاندا.
٥- بیرکردنەوە بە یەکێک لە توانستە گرنگەکان دادەنرێت لە پرۆسەی فێرکاریدا کە لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکان وەستاوە.
٦- کۆمەکی فێرخواز دەدات لەسەر بیرکردنەوەی باش سەبارەت بە پرۆسە پێویستەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەو هەنگاوانەی بەدوایدا دێن.
٧- بەشـداری دەکات لە گەشـەپێدان بە هەسـتکردن بە بەر پرسـیارێتی و عەقڵی کراوە و داهێنانکار.
٨- تاکی تێڕامێنەر توانای زیاتری دەبێت لە سەر ئاڕاستەکردنی ژیانی.

٩- هەستی زاڵبوون دەبەخشێتە فێرخواز بەسەر بیرکردنەوەکانی و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە.
١٠-هەستی متمانە بە خۆبوون گەشەپێدەدات لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەرکەکانی قوتابخانە و ژیانی ڕۆژانەی. (**عبد الوهاب: ٢٠٠٥: ١٧٧-١٧٨**)

## ٢-١-٤-٦: قۆناغەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی:

قۆناغەکانی بیرکردنەوە لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر دەگۆڕێت، هەروەک چۆن پرۆسەکانی بیرکردنەوە بەیەک ئاڕاستەی دیاریکراو و جێگیر ناڕوات، بەڵکو بە پێی پێویستییەکانی هەڵوێستەکە بە بەکارهێنانی میکانیزمە جیاوازەکان دەگۆڕێت. زانایان زۆریان هەوڵداوە بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمە ستراتیژییەکان بۆ هەموو شێوازەکانی بیرکردنەوە کە یارمەتیدەرە لە دەستخستنی ئەم شێوازانە لە لایەن فێرخوازانەوە.

**عەمران بە وەرگرتن لە (بسام: ٢٠١٠) بەم شێوەیە قۆناغەکانی دیاری کردووە:**

١- هۆشیاربوون بەرانبەر کێشەکە.
٢- تێگەیشتن لە کێشەکە.
٣- دانانی چارەسەرە پێشنیازکراوەکان و پۆلێنکردنی داتاکان و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان.
٤- هەڵگۆزینی چارەسەرەکان - قەبووڵکردن و ڕەتکردنەوەی چارەسەرەکان.
٥- تاقیکردنەوەی چارەسەرەکان بە شێوەیەکی کردارەکی، قەبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دەرەنجامەکان. (**بسام: ٢٠١٠: ٤٧**)

بەڵام قۆناغەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی لای (سیمونز و ئەوانی دیکە) بە شێوەیەک کە بیرکردنەوە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- وەسفکردنی ڕووداوەکان بە زمانێکی واقیعی گونجاو.
٢- دۆزینەوەی پەیوەندییەکان و دەرەنجامەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانەوە.
٣- دانانی ڕووداوەکان لە چەند سیاسەتێکی گونجاودا.
٤- بەکارهێنانی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان کە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی جێبەجێکراون. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بەڵام (روس) قۆناغەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

١- بەدەمەوە هاتنی کێشەکە لە میانەی جێبەجێکردنی هاوشێوە لە نێوان کێشەکە و ئەو کێشانەی لە ناوکۆی هاوشێوەدا ڕوویانداوە.

٢- پشكنینی كێشەكە و تێڕوانین بۆی لە هەموو ڕەهەندەكانییەوە.
٣- بەش بەشـــكردنی چارەســـەرە پێشـــنیازكراوەكان و دۆزینەوەی دەرەنجامی چارەسەرەكان.
٤- مەبەست لە هەڵبژاردنی هەریەک لە چارەسـەرەكان و پشكنینی دەرەنجامە دیار و نادیارەكان بۆ هەموو چارەســـەرەكان، پاشـــان تاقیكردنەوە و هەڵســـەنگاندنی چارەسەری پێشنیاركراو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بەڵام (مســـتەفا) بە وەرگرتن لە (بســـام: ٢٠١٠) قۆناغەكانی بیركردنەوەی تێڕامانانە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری كردووە:
١- دەستنیشانكردنی چییەتی كێشەكە و سروشتی كێشەكە.
٢- دەستنیشانكردنی لایەنی سەرەكی و بەرپرس لە كێشەكە.
٣- چۆنییەتی ڕوودانی كێشەكە.
٤- بەســـتنەوەی پەیوەندییە واتادارەكان بە هۆكارەكان و دەرەنجامە پەیوەندیدارەكان بە كێشەكەوە.
٥- پێشكەشكردنی لێكدانەوەی مەعقولی پەیوەست بە ناوكۆی كێشەوە.
٦- دەســـتنیشـــانكردنی ڕەنگدانەوەكانی كێشـــەكە پەیوەندیدارە بە ڕەگەزەكانی پرۆســـەی فێركارییەوە.
٧- پێشنیاركردنی چارەسەری واقیعی بۆ دوورخستنەوەی ڕوودانی كێشەی پەیوەندیدار. (**بسام: ٢٠١٠: ٤٨**)
قۆناغەكانی بیركردنەوەی تێڕامانی (دۆناڵد شـــۆن) بیركردنەوەی تێڕامانی بۆ ئەم ســـێ قۆناغەی خوارەوە پۆلێن كردووە:
1-تێڕامان لەپێناوی كاردا. Reflection for action
2-تێڕامان لە كاتی كاردا. Reflection in action
3-تێڕامان بە كار. Reflection on action
بەڵام لە توێژینەوەكانیدا ســـەبارەت بە نموونەی بیركردنەوەی تێڕامانی، بایەخی زیاتری بە تێڕامان لەكاتی كاردا داوە وەک لە دوو جۆرەكەی تر. (**عودات: ٢٠٠٦: ٧٤**).

## ٢-١-٤-٧:ڕۆڵی فێركردنی تێڕامانی لە باشكردنی فێركرندا:

(جۆن دیۆی john Dewey ) وتوویەتی: "فێركردن كاریگەرتر دەبێت و ئەگەری ئەوە زیاترە كە ببێتە هۆی گۆڕان لە ڕەفتاردا، كاتێک كە بە كارامەیی دەســـت پێدەكات، بە دیاریكراوی بەو كارامەییەی كە كێشە و گرفتی تێدایە".

(دێوی) بەم جۆرە پێناسەی بیرکردنەوەی تێڕامانی کردووە: بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە کار، بە نیازی باشکردن و بیرکردنەوەی قووڵ، بیرکردنەوەی تێڕامانی ڕەگەزی هۆشیاری بە ئەنجامدان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی مانایەک بۆ ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت.(**دوانی: ٢٠٠٣**)

لەپێناوی ئەمەشدا پیادەکارانی تێڕاماو هەڵدەستن بە دروستکردنی گەنجینەیەک لە کارامەیی و لێزانی پیشەیی، کارامەییە سەروو بیرکردنەوە (Meta skills) کە یارمەتیان دەدات لە تاوتوێکردنی بیرکردنەوە و بنکەی زانینیان و قووڵبوونەوە لە تێگەیشتن لە پرسە ئاڵۆزەکان، ئەمەش پێویستی بە تاوتوێ و گفتوگۆ و هاوکاری و ئامادەی بۆ بەرگەگرتنی بڕێکی زۆرتر لە بەرپرسیاریتی هەیە، لە ئەنجامداندا هەروەک چۆن پێویستی بە ئارامگرتن و سووربوون و توانایی پێکەوە گرێدان و درککردن بە پەیوەندییەکان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و ئەو مانایانەی کە بۆ ئێستا هەڵگرتووە هەیە. (**قطامي:٢٠٠١: ١٠١**).

(جۆن دێوی john Dewey ) تێڕامانی بە ڕێگەی زانستییەوە گرێداوە، چونکە تێڕامان شێوەیەکی تایبەتە لەبیرکردنەوە کە لە گومان و کارامەیی لەو هەلوێستانەی ژیانەوە و دروست دەبێت کە مرۆڤ پیایدا تێدەپەڕێت، ئەمەش بەرەو گەڕانی ئامانجدار پاڵی پێوە دەنێت بۆ تێگەیشتن لە شتێک بە یارمەتی ئەو دەرەنجامانەی کە لای کەڵەکەبوون و لە ئەزموونەکانی پێشووەوە وەرگیراون، بەمەش فرمانی تێڕامان، بریتییە لە گۆڕینی حاڵەتێک کە پەنهانی و سەرسامی و پشێوی تێدایە بۆ حاڵەتێک لە ڕوونی و ڕێکی کە بەشێوەیەکی کاتی بەندە بەو دۆخ و درەنجام و چارەسەرانەی کە پێی دەگەین و هەمیشە سەرەتایین و بە زۆریی جێگیریی ڕێژەییان هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و تاقیکردنەوە و مشتومڕی بەردەوام.(**العاني و أخرون: ٢٠٠٦: ٥٥**).

هەر یەکە لە (**زینخنەر و لستین ١٩٩٦**) بیرۆکەیەکی جوانیان خستۆتە سەر چەمکی تێڕامان، ئەمان دان بە بیرۆکەکانی (دێوی و شۆن)دا دەنێن و ڕەهەندێکی تری بۆ زیاد دەکەن، کە ئەویش ڕەهەندی کۆمەڵایەتی تێڕامانە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تێڕامان و گفتوگۆی نێوان گروپە نزیکەکان لە تێڕامان و گفتوگۆی تاکی باشترە، تێڕامان پرسێکە کە تەنیا لە ڕێی کایەی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام دەدرێت، تەنیا لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵگەیەوە بەرهەمدار دەبێت، کە مامۆستاکان بە شێوەیەکی هاریکاریانە کاری تێدا دەکەن.

پەروەردەکاران پێویستیان بە تێڕامان هەیە، چونکە فێرکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ناڕۆتینیە و پێویستی بە هەوڵ و کات و بڕێکی زۆر لە دانایی و زانایی هەیە، چونکە لە چوارچێوەی کایەیەکی فرەگۆڕاودا ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش وا دەکات کێشەکانی پەنهان بن. (**الفتلاوي و هادي: ٢٠١٤: ٦٣**).

لەم چوارچێوەیەشــدا دەکرێت کە وەک جێگرەوەیەک بۆ پرۆســەکانی گەشــەی پیشــەیی ئاسایی سەیری پیادەکردنی تێرامان بکرێت کە دەبێتە هۆی:

١-زیادکردنی هۆشیاری خۆیی بە پیادەکردنی پیشەیی.

٢-پەرەپێدانی زانینێکی نوێی پەیوەندیدار بە پیادەکردنی پیشەیی.

٣-تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی پیادەکارە تێراماوەکان دەبێتەوە.

هەر یەکە لە (سۆستەرمان و کوتکامبStormin & Cutcamb ) بیرکردنەوەی تێرامانی بـە هێزێکی کـاریگـەر دادەنێن بۆ گۆڕینی فێرکردن، پێیـان وایە کە میتۆدێکی کـارایـە بۆ پەرەپێدانی پیشـــەیی، ڕێگەیەکی تەواوی بیرکردنەوە و کردارییە کە لەســـەر فێربوون و ڕەفتار چڕ دەبێتەوە، ئەو دوو کەســە لە کتێبەکەیاندا باسـیان لەوە کردووە کە پیادەکردنی تێرامانی ئەو ئامرازەیە، کە پیادەکاران بە هۆیەوە دەتوانن ئاسـتێکی بەرزتر لە هۆشـیاری بەخۆبوون سەربارەت بە سروشت و کاریگەریی ئەنجامدان پەرەپێبدەن، هۆشیارییەک کە چەندین دەرفەتی گەشەی و پەرەسەندنی پیشەیی دەرەخسێنێت. (**الخليلي**:**٢٠٠٥: ٤٤**).

لەو قسەیەی پێشوەوە دەگەینە ئەوەی کە پیادەکاری تێرامانی دوو ڕۆڵی گرنگ دەگێرێت، یەکەمیان: دەکرێت کە بە ئەکتەری درامی بچوێنرێت و لە لایەکیترەوە ڕەخنەگریشــــە لە هەمان کاتدا کە لەناو جەماوەردا دانیشـــتووە و چاودێریی ئەنجامدان دەکات و شـــی دەکاتەوە، بیرکردنەوەوی تێرامانی زاراوەیەکی کۆنە، کە بۆتە جێی بایەخی زۆرێک لە گەورە پەروەردەکاران لە نووســـینەکانیاندا، لە بواری دەروونزانی پەروەردەییدا، لەوانە (بینت binit و جەیمس jemes و دیوی dewey)، بەڵام لەگەڵ هەڵکشـــانی فێرگەی ڕەفتاریدا بایەخدان پێی کەمبۆتەوە، تا ئەوکاتەی (دێوی و شـۆن dewey & schon) لە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتدا هاتوون و دەسـتیان کردووە بە نووسـین دەربارەی گرنگی بیرکردنەوەی تێرامانی لە ئامادەکردنی مامۆســـتایاندا لە کاتی خزمەتدا، لەدوای ئەمانیش چـەنـدین کـەســـی تر بـایـەخیـان بـەم بوارە داوە و گۆڕانێکی خێرا لـە لێکۆڵینـەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی لای مامۆســتایان ڕوویداوە لەبەر ڕۆشــنایی ئەوەی کە کارامەیی فێرکاریی وردە وردە بنیات دەنرێت لە ڕێی تێپەڕبوون بەچەند هەڵوێســـتێکی فیرکاری دیاریکراوەوە.

(بینتگتۆن Binticoon) بەم جۆرە پێناســەی فێرکردنی تێرامانی کردووە: بریتییە لە بینین لە ڕێی کارامەییەوە یا بریتییە لە ئاوێنەیەک کە ڕەنگدانەوەی کارامەییەکانی کەســـەکەیە و بیرۆکەی فێرکردنی تێرامانی بەرز نرخاندوە و لە ڕێی ئاماژەدان بە بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان تێرامان و پەرەسەندندا و ئاڕاستەکردنی ئەو پەرەسەندنەی کە لە پرۆسەی تێرامانەوە دروســت بووە، بە پێویســـت زانیوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی باشـــکردنی ئەو پیادەکردنانەی فێرکارییەی کە لەناو پۆلدا ڕوو دەدەن، لەگەڵ ئەنجامە فێرکارییەکانیان و دابینکردنی پەرەســـــەندن لە ڕێگەی دابینکردنی پاڵنەر بۆ هەر یەکە لە مامۆســـــتایان و

فێرخوازان، لە ڕێی چرکردنەوەی بایەخ لەسەر پرۆسەی شیکردنەوە و فیدباک و کۆنترۆڵکردنی بەردەوام و ڕێکخستنی پیادەکردنەکانی فێرکردن و فێربوون کە لە پۆلدا ڕوو دەدەن. (**قطامي:٢٠٠١: ١٠٣**).

بە ڕای ئێمەش بیرکردنەوەی تێرامانی بریتییە لە گەڕانێکی زەینی چالاک و هۆشیار و لەسەرخۆی تاک بە ناو باوەڕ و کارامەیی و چەمکەکان و ئەو ئەنجامدانانەی خۆیدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕەوشەی کە تیایدا کار دەکات، ئەمەش وای لێدەکات کە بتوانێت گرفتە کرداری و زانستییەکان چارەسەر بکات و زانینێکی ناوەکی بهێنێتە سەر هۆشیاریی خۆی، واتایەکی نوێوە دابهێنێت، ئەم واتایەش یارمەتی داتاشینی ئەنجامگیری دەدات بۆ کارامەییە هەستییەکانی و بەرەو ئەوەی دەبات، کە تیۆرێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات بۆ ئەو پیادەکردنانەی کە دەخوازێت لە ئایندەدا بەدی بهێنرێت.

فێرکردنی تێرامانی لە ڕێی بایەخدانی زیاتر بە فێرخواز و پێدانی ئازادی پێویست پێی لە پۆلدا پیادە دەکرێن.

## ٢–١–٤–٨: فێرخوازی تێراماو:

لای زۆرێک لە فەیلەسوفانی پەروەردە و ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، ئەوە بۆتە شتێکی بەڵگەنەویست کە پێویستە فێرخوازان فێری چۆنیەتی تێرامان بکەین.

گەشەی فێرخوازان و کارامەییەکانی بیرکردنەوەیان وەک پێشکەوتنی زانستەکان لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی پارێزگارە، ئەگەر مامۆستایان نەتوانن دەرک بەمە بکەن، ئەوا ڕەنگە پاڵ بە فێرخوازەکانیانەوە بنێن بۆ پاراستنی باوەڕەکانیان بۆ ئەوەی خۆیان لە دارمانی مەترسیدار ڕزگار بکەن، لەوانەیە ڕێوشوێنگرتنەکانی ئامێرییانەی وانەوتنەوە ببێتە هۆی تێکشاندنی بەشێکی کەسێتی، ئامادەکردنی ئەو کەشەی کە تیایدا فێرخوازان هەست بە ئازادی بکەن، بۆ ڕزگاربوونی لە جۆرە چەسپاوەکانی باوەڕ بێ ئەوەی یەکسەر داوای بەرگری لێکردنی بکەن، بۆ وانەوتنەوەیەکی سەرکەوتوو.

ئاسانە کە مامۆستا بیرۆکەیەکی هەڵە وەربگرێت، ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەی هانی گەشە بدات، دەبێت داوای ئەو لە فێرخواز بکات کە بە بەردەوامی پشتگیری لە هەموو بیرۆکەیەکی نوێ، مامۆستای باش بەگشتی دەبێت بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ گشت بیرۆکەکاندا بکات، کە شایەنی لێکۆڵینەوەی جددی بن، ئەوان ڕێز لە بیرۆکەکان دەگرن، بە هەمان ئەوەندەی کە ڕێز لە فێرخوازان دەگرن. (**الهويدي:٢٠٠٢: ٥٧**)

بەم پێیەش سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت بەردەوام هانی فێرخواز بدرێت، هیچ شتێک وەک دوورخستنەوەی هەڵەشانەی فێرخوازان یا بیرۆکەکان زیان بە کەشی تێرامان لە پۆلی خوێندندا ناگەیەنێت، هەروەها وەک (پۆزتەر Poziter) پێی وایە دەبێت وا سەیری هەر فێرخوازێک بکرێت کە کەسێکی دەگمەنە. (**ابراهيم: ٢٠٠٢: ٤٧**)

دەبێت مامۆســـتاکان بەپێی دیدگای تێڕامانی، کەشـــێکی وا ئامادە بکەن کە تیایدا ڕێز لە چوارچێوە بنەڕەتییەکانی کەســـێتی بگرن، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە ئەو ئاکامانەی کە لە ڕفتاری ئەو باوەڕانەوە دەکەونەوە کە جێگەی یەکتر دەگرنەوە، دەبێت بە شـــێوەیەکی تاک لایەنە تەماشـا نەکرێت، دەبێت کەسـی پەیوەندیدار نەبێتە لایەنێک لە پرسـەکەدا، لەم کەشـەدا کە کەسـی نییە، فێرخوازەکان دەتوانن کە گونجانی بیرۆکەیەکی دیایکراو لەگەڵ مانا و باوەڕە بنەڕەتییەکانیان تاوتوێ بکەن، بە مەرجێک ئازاد بێت لە تاقیکردنەوەی چەندین جۆری کات دانراوی ســـەرلەنوێ بنیاتنانەوەدا، ڕەنگە بە تەواوی دان بە جۆرێک لە ســـەرلەنوێ بنیاتنانەوەدا بنێت بە شـــێوەیەکی ئەقڵی، بەڵام ئەگەر فێرخواز خرایە ژێر فشـــارەوە بەر لە کاتی خۆی بۆ ئەوەی کە پابەندییەک دروســـت ببێت، ئەوا ڕەنگە کە هەڵوێستێکی بەرگریکارانە وەربگرێت و هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئەقڵانییەوە پاســاو بۆ باوەڕە بنەڕەتییەکانی بهێنێتەوە، یا لەوانەیە باوەڕە نوێیەکە پەســەند بکات بێ ئەوەی بیر بکاتەوە بە تەواوی دابڕی بکات، بۆ ئەو بەشـە سـنوردارەی ژیانی هەڵبژێرێت کـە پـەیوەســـتـە بـە میتۆدێکی دیـاریکراوەوە یـان گروپێکـەوە، کـە ئـەمـەش لـە لایـەن بیرکردنەوەی تێڕامانییەوە بەتەواوەتی ڕەت دەکرێتەوە، لەبەر ئەو کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە خراپانەی کە هەیەتی، چونکە فێرخواز پێویســـتی بەوەیەکە فێر ببێت و هەوڵ بدات لە پرۆســـەیەکی گەشـــەی بێوەیدا بێت، نەک لە هەندێک جۆری باوەڕدا وەک چەند کەسانێک پێیان وایە. **(الفتلاوي و هادي: ٢٠١٤: ٧٦)**

تا فێرخواز کۆنترۆڵ بەســـەر ئەو پرۆســـەیەدا بکات و بەرەوپێش بچێت، ئەوا پتەوییەک گەشـــە پێدەدات کە وای لێدەکات بتوانێت کە بەرەنگابوونەوەی ڕوو لە زیاد بوو دژ بە باوەڕەکانی بێترس لەو تێچکوونە مەترسیدارە ئەنجام بدات، کە تووشـی کەسـێتی دەبێت، ڕەنگە ئەو کاتە تەنیا فێری ئەوەنەبێت کە بە ساغی لەو هەڵوێستانە دەربچێت کە پێویستی بە چەند جۆرێکی تێڕامانی هەیە لە بونیاتنانەوەیدا و هەستیارێتی بۆ گونجان بەهێز بکات. بەم شێوەیە توانای فێرکردنی زیاتری خۆی دەبێت، فێرکردنی فێرخواز لە ڕێگەی چالاکییە عەقڵییەکانەوە دروست دەبێت، نەک تەنیا زیادکردنی چەند کردارێک.

ئێمە مەبەسـتمان لەمانە هەمووی ئەوەیە هانی فێرخواز بدەین بۆ هەسـتکردن بە گومان و هیلاک بوون لەپێناوی ئەوە پشـکنین بۆ وتە و ئەزموونەکان بکات. سـروشـتی گرفتەکە لەچی دابوو؟ مەبەســـتەکانم چی بوو؟ چیم کرد؟ چی ڕووی دا؟ لەم تێبینیانەوە کۆمەڵێک گرفت دروسـت دەبێت کە لە ڕاسـتیدا تێکچوونێکە لەنێوان نیاز و کرداردا و لەنێوان کردار و کاریگەریەکانیدا، ئەمانەش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە هاندانی فێرخواز بۆ گەڕان. لە قۆناغی کۆتایی پرۆسـەکەدا پێکهێنانەوە بەدی دەکرێت بۆ سـەرلەنوێ دروسـتبوونەوەی چەمکەکان و ئەزموونەکانیان.

## ٢-١-٤-٩: فێرکردنی تێڕامانی:

ئەو ستراتیژیانەی فێرخوازان بەکاری دەهێنن لە پیادەکردنی تێڕامان، گرنگترینان ئەمانەن:
آ- نووسین: لەپێناو قۆستنەوەی بیر و بیرکردنەوەی مامۆستا و شێوازی بیرکردنەوەی، لەپێناو گەیشتن بە دەرئەنجامێکی بیرکردنەوەی نوێ، کە دەتوانرێت هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت.
ب-گەڕانەوە بۆ گۆڤارەکان (گۆڤارە وەرزی و ڕۆژنامەکان): بۆ وەستان لەسەر زانیاری نوێ لە بابەتێکی پیشەیی یان ئەنجامدانی توێژینەوە و هەروەها ڕووداوی ڕۆژانە کە پەیوەندییان پێوەی هەیە.
ج-لێکۆڵینەوەی بار (دراسة الحالة): چالاکییەکی ڕێکخەرە، کە هەموو زانیارییەکان دەردەخات لەسەر پرسێکی دیاریکراو یان حاڵەتێک کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە.
د- هەڵوێستی فێرکاریی بە کۆمەڵ: وەک لاساییکردنەوە و ڕۆڵبینین و فێربوونی هاوکارانە و وتنەوەی وانەی بچووکراوە. (Microteaching)
هـ- فێربوونی ئەلیکترۆنی: بە واتای مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و ئەوانی دیکەوە.
و-بەکارهێنانی چیرۆک و حیکایەت و خوازە بۆ ڕاڤەکردنی بیرۆکە و ڕوونکردنەوەی ماناکان و وروژاندنی هزر.

پیادەکردنە تێڕامانیانە کە بە شێوەیەی تەواو دروست دەبێت لەنێوان مامۆستا و فێرخوازدا لە ڕووی نووسین و قسەکردن بە نموونە. خستنەڕوو و نووسینی هەندێ سەرنجەکان کە دەبێتە یەکانگیرکردنی فێرخواز و مامۆستا لە هاوبەشکردنی بیرکردنەوەدا.

نموونەی پرسیاری مامۆستا بۆ گەشەدان بە بیرکردنەوەی تێڕامانی لە لای فێرخوازان وەک ئەمەی خوارەوەیە:

* ئایا ئەوەت خوێندووەتەوە کە فلانە کەس دەربارەی ئەو خاڵە چی دەڵێت؟
* من بەوە زۆر سەرسامم، ئایا دەتوانیت زیاتر فراوانی بکەیت؟
* ئەوە بۆچوونە یان ڕاستی ؟
* ئایا بەش بەشکردنی ڕستە دەبێتە هۆی باشکردنی دەربڕینەکانت؟
*ڕوونکردنەوە لێرەدا یارمەتیمان دەدات.
* با پێکەوە لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆ بکەین.
* ئایا ئەمە لەگەڵ ئەوەدا ڕێک دەکەوێت کە لە سەرەتایی لاپەڕەکەدا هەیە؟
* خاڵێکی جوانە، بە مێشکمدا نەدەهات، بیپارێزە و زیاتر ڕوونی بکەرەوە .
* باوکت بەمە ڕازییە؟

* نووسین ئاماژەیە بۆ پشتگوێخستن لێرەدا، جارێکی تر هەوڵ بدەرەوە.
* ئەمەت باش ڕوونکردەوە، ئەی چۆن پراکتیزەی دەکەیت؟ **(البعلي: ٢٠٠٦: ٩٩)**

دیارترین دەرئەنجامەکانی ئەو مامۆستایانی ستراتیژی تێڕامانی، بەکار دەهێنن:
(گفتوگۆ لەسەر بیرۆکەکان، دۆزینەوەی هۆکاری پەیوەندیدار، پلاندانان، لێکدانەوەی ئەگەرەکان و ڕازەکان، بڕیاردان، ڕێزگرتن لە بۆچوونەکان، جیاکاری و شیکردنەوە و ناساندن و بەراوردکاری، هەڵبژاردنەکان، دۆزینەوەی شێوازی نوێ، سەرەتا دانان و ڕێکخستن، جەختکردنەوە، یەکانگیرکردن، خوێندنەوەی سەرەتایی، پرسیارکردن، دۆزینەوەی کلیلەکانی چارەسەر، پێشبینیکردن، بیروباوەڕ، دەرخستنی سۆز و بەهاکان، سادەیی و ڕوونکردنەوە .. هتد.) **(جمل: ٢٠٠٥: ٤٧)**.
ئەو مامۆستایانی ستراتیژی تێڕامانی و فێرکردنی تێڕامانی بە کار دەهێنن، بەدڵنیاییەوە فێرخوازێک دروست دەکەن کە تێڕامانی دەکات لە بابەتەکان، بەمەش دەبنە:
1-سەربەخۆتر و چالاکتر و دەستپێشخەرتر.
2-بەرگەی ئەو بەرپرسیارێتیانە زیاتر دەگرن، کە دەخرێنە ئەستۆیان.
3-زیاتر هاوکار و گونجاوتر دەبن. **(الخالص:٢٠٠٨: ٧٨)**

## ٢-١-٤-١٠: ڕێگرەکانی بەردەم فێرکردنی تێڕامانی:

گومانی تێدایە نییە هەموو کارێک چەند سوودی هەبێت ئەوەندەش ڕێگری و ئاستەنگ دێتە بەردەمی، کە لەوانەیە بگۆڕێدرێت بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت، ئەگەر کۆشش ئەنجام نەدرێت و دوورنەکەوینەوە لەو ئاستەنگ و ڕێگرایانە، هەروەکو بابەتەکانی تر، ئەو ئاستەنگ و ڕێگرییانەی دێنە بەردەم بیرکردنەوەی تێڕامانی ئەمانەن:
1-بیرکردنەوەی تێڕامانی کاتی دەوێت.
2-ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵۆزە و بڕیاردان لێی لە بارودۆخێکی شاراوەیە دایە. (باری جێبەجێکردن نەک شیکردنەوە).
3-ئارەزوو بۆ گەڕانەوەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی شێواز، کە مامۆستا فێری بووە و ڕاهاتووە لەسەری.
4-دوورەپەرێز و شوێنکەوتنی تاقیکردنەوەکان، هەڵە و فێربوون لە ڕێگەی کارکردنەوە. **(ریان: ٢٠٠٥: ١٣٥)**

## ٢-١-٤-١١: ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردنی تێڕامانی:

ڕۆڵەکانی مامۆستای تێڕامانی لە فێرکردنی بیرکردنەوەی تێڕامانی فێرخوازاندا پێویستە ئەمانە جێبەجێ بکات:

١- داوای پشکنین بکات بۆ بیرکردنەوەی پێشنیازکراو.

٢- هەڵسوکەوتکردن بەپێی ستراتیژی خوێندنەوەکان. (ئەستقرائییەکان).

٣-بێزارکردنی فێرخوازان بە ئاڵوگۆرکردن.

٤-گەڕان بەدوای کاردا.

٥-ڕێزگرتن لە بەهای بۆچوونی تاک لەگەڵ پشتگوێ نەخستنی بەهای بۆچوونی زۆرینە.

٦-ڕوونکردنەوە بۆ فێرخوازان و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەیەک، کە بەڵگەدار نەبێت.

٧-گوێگرتن لە بۆچوونی کەسانی دیکە، هەتاوەکو لە مەبەستیان تێ بگات و بڕیار بدات لەسەر بیرکردنەوەکانیان.

٨-پێدانی هەل بۆ هەموو فێرخوازان بۆ گوزارشتکردنی لە بۆچوون و بیرکردنەوەی ان.

٩-بەکارهێنانی شێوازی قەناعەپێکردن و قەناعەتپێکراو، بەوپێیەی کە دوو شێوازی هەڵسوکەوتکردنی کۆمەڵایەتیی باڵان.

١٠-پێدانی هەل بە فێرخوازان بۆ دۆزینەوەی هەمەجۆری لە بۆچوونەکانەکانیاندا لەژێر سایەی ژینگەیەکی پاڵپشتکراودا.

١١-هاندانی فێرخوازان بۆ بەدواداچوونی و قووڵبوونەوە لە لایەنەکانی کێشە پێشنیازکراوەکان.

١٢-بە شێوەیەکی ئاسان باوەڕییان بەوە نەبێت، کە مامۆستا پێیان دەڵێت، لە بەرچاوگرتنی هەستی کەسانی دیکە.

١٣-ڕێپێدان بە هەڵەکردن. (**جمل:٢٠٠٥: ٤٦**)

دەتوانین وەسفی مامۆستای تێڕامانی بکەین بەوەی کە خاوەن ژیرییێکی کراوەیە، پێوەری هەمەجۆر بەکار دێنێ و ڕێز لە بۆچوونی کەسانی دیکە دەگرێت، پەرە دەدات بە سەربەخۆی بوونی بۆچوونی فێرخوازان.

## ٢-١-٤-١٢: ئەو تەکنیکەکانەی کە هاوکاری پیادەکردنی تێڕامانی دەدەن:

زۆرن ئەو ئامراز و تەکنیکانەی ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە گەشەپێدانی ڕێگەی بیرکردنەوەی تێڕامانی، گرنگترین ئەو ئامرازنە ئەمانەن:

١-دۆسێی بەڵگەیی.

٢-بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز.

٣-پارێزگاریکردن لە تۆمارە بیرکردنەوەییەکان.

٤-بەردەوامی کار لەسەر توانستەکان ئەوەندەکان.
٥-ئەنجامدانی توێژینەوە کردارییەکان.
٦-شریتی ڤیدیۆی و شریتی بیستن و شیکردنەوەی تێڕامانی بۆ فێرخوازان.
٧-هەڵسەنگاندنی خودی بە نووسراو.
٨-ستراتیژیەتی چارەسەری گرفتەکان.
٩-گفتوگۆکردن. (**الخالص: ٢٠٠٨: ٥٧**)

## ٢-١-٤-١٣:کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بیرکردنەوەی تێڕامانی:

هەندێک لە توێژینەوە پەروەردەییە کردارییەکان دەریان خستووە، کە بیرکردنەوەی تێڕامانی دەبێتە هۆی دروستبوونی دەرئەنجامی ئەرێنی لەچەند ڕوویەکەوە، کە ئەویش ئەمانەن:

١-پتەوکردنی بڕوابوون بە کارایی خود(Self-efficacy): ئەویش لەو باوەڕەوەیەی کە دەرئەنجامی پەسەندکراو دروست دەبێت.

٢-نەرمی (توانایی بۆ قبوڵکردنی بۆچوونەکانی ئەوی تر و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە گۆڕاوەکاندا).

٣-بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی (بڕوابوون بەوەی کە زانین لە بۆشاییەوە دروست نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی هاوبەشیکردنی کارا و گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێکاندا دروست دەبێت).

٤-هۆشیاری (درککردن بەو هەڵسوکەوتانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار و ڕەچاوکردنی).

٥-توانایی (لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ خود و کەسانی دیکە، بە شێوەیەک کە مامۆستایان کارامە دەکات بۆ گەڕان و بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و بینینەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە، بەهێزکردنی شێوازە ئاڵۆگۆڕەکان بۆ کارلێکی پیشەییان.

لەگەڵ ئەمانەدا توێژینەوەیەکی تر هەیە، ئاماژە دەدات بەو ئەگەرە زۆرانەی کە بیرکردنەوەی تێڕامانی لە پڕۆسەی فێرکردندا دەیخوڵقێنێت، بەم شێوەیە کورتی دەکەینەوە:

١-بەهێزکردنی هزر بۆ باشترکردنی پڕۆسەی فێرکردنی بیرۆکە نوێکان و چەمکە داهێنەرەکان.

٢-بەهێزکردنی هۆشیاریی پێویست، بۆ فێرخوازەکان و تواناکانیان لەسەر فێرکردن و بابەتەکان.

٣-دەوڵەمەندکردنی ئاراستەکان لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا.

٤-کرانەوە بۆ بیرۆکەی نوێ و شێوازی تازەگەرییانە.

٥-باشترکردنی تێگەیشتنی خود و ئامادەباشی بۆ ڕەخنەگرتن لە خۆ.

٦-بەهێزکردنی ئارەزوو بۆ لێکدانەوەی خود و زانینی خاڵە لاواز و بەهێزەکان.
٧-باشترکردنی توانای مرۆڤ بۆ فێربوون لە ڕێگەی هەڵەکانییەوە.
٨-ئامادەیی وبرەوپێدان.
٩-دەبڕینی پەرۆشیی بەرامبەر کەسانی دیکە لەنێو گروپە فێرکارییەکاندا.
١٠-جەختکردنەوەیەکی بەهێز لەسەر فێربوونی فێرخواز.
١١-هەمەجۆریکردن لە شێوازی فێرکردن و هەڵسوکەوت لەنێو پۆلدا.
١٢-فراوانکردنی هۆشیاری.
١٣-پلاندانان و پێگەیاندنێکی باش بۆ فێرکردن.
١٤-بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی پیادەکردنە کاراماییەکان.
١٥-هەستکردنێکی گەورە بەتوانای ڕایکردنی کارەکان لە پۆلدا.
١٦-بەهێزکردنی هاوکاری لەنێوان مامۆستاکاندا لە ڕێگەی بابەتەکانەوە.
١٧-پتەوکردنی هاندان و متمانە بەخۆبوون و هەستکردن بە ئاسایش.
١٨-بەهێزکردنی بڕوای ئەرێنی مامۆستایان بۆ وانەوتنەوە و پێگەی خۆییان.
١٩-بەهێزکردنی پاڵنەرەکان بۆ باشترکردنی خود و گەشەی پیشەیی.
٢٠-زیاتر گرنگی و بایەخدان بە بەکارهێنانی داتاکان.
٢١-زیاتر گرنگی و بایەخدان بە هاندانی فێرخوازان لەسەر تێڕامان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
٢٢-زیاتر بایەخدان بە شیکاری فێرکردن.
٢٣- ئارەزوو بۆ بینینی هاوڕێکان.
٢٤-مامۆستاکان سوورتر دەبن لەسەر دیتنی وانەکانیان و شیکردنەوەی ڕووداوەکان.
٢٥-ئارەزووی سەرپەرشتیار بۆ تێڕامان زیادە دەکات.
٢٦-فێرخوازەکان زیاتر تێڕادەمێنن. (**الصيفي:٢٠٠٩: ٤٦**)

لە ئەنجامی ئەم خاڵانەی پێشوو دەگەینە ئەو ئەنجامی کە بیرکردنەوەی تێڕامانی ماوەیەکی گونجاوی دەوێت، بەڵام پرۆسە کردارییەکانی کە لەنێو پۆلدا دروست دەبن لە گوێگرتن و گفتوگۆکردن و ئەنجامدانی ئەرکەکان، وەها لە فێرخوازان دەکات لە وەڵامدانەوەکانیاندا خێرا بن، پێش ئەوەی ماوەی تەواو بۆ تێڕامان کۆتایی پێ بێت، لەبەر ئەوە لەسەر مامۆستا پێویستە کە هانی بیرکردنەوە بدات لەنێو پۆلەکاندا لەو گۆشەنیگایەوە کە بیرکردنەوە پێویستی بە ماوەیەک بێدەنگی هەیە، کە ئەویش دەرفەت بدات بە فێرخواز بۆ تێڕامانی لە وەڵامەکان و وەڵامە جێگرەوەکان. مامۆستا لەم بارەدا دەتوانێت پرسیار بکات و بەرەنگاری بیرکردنەوەی فێرخوازان ببێتەوە، لەم بارەدا فێرخواز ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی ژیریی نائاسایی دەبێتەوە، ئەو بەرەنگاریەشی کە

فێرخواز لێرەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت زانینەکانی پێشـــووی بەکار بهێنێت بۆ وەدەســـتهێنانی زانینی نوێ و لە جیاتی بەکارهێنانی زانینی پێشـــووتری، هێنانەوەی زانیاریی پێشـــووی فێرخواز کە بەگشـــتی لە ڕێی شـــێوازی هەڵســـەنگاندینی ئاســـاییەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پیادەکردنی بیرکردنەوەی تێڕامانی.

ئەو مامۆســـتایەی هانی فێرخواز دەدات بۆ پیادەکردنی بیرکردنەوە لەنێو پۆلدا، پێویســـتە ئەو نموونەیە بێت، کە پەیرەوی لێ دەکرێت لە باری بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بێت، ئاماژە بنەڕەتییەکانی پرۆســـــەی بیرکردنەوە، بایەخ بە بیرۆکەی فێرخواز دەدات و شـــێوازی جێگرەوە بەکار دەهێنێت بۆ چارەســـەری گرفتەکان، هەنگاوەکانی بیرکردنەوە دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەری گرفتێک لەجیاتی خستنەڕووی دەرئەنجامەکە.

لەپێناو وەدەســـــتهێنانی کارامەیی بیرکردنەوەی تێڕامانی، پێویســـــتە لەســــەر فێرخواز بە هاوکاری مامۆستا ئەم هەنگاوانە پیادە بکات:

١-تێڕامان لە هەڵوێســتێک واتە خوێندنەوەیەکی هۆشــمەندانەی ورد، هەتاوەکو دڵنیا بێت، کە دەستەواژە و زاراوە و چەمکەکانی هەڵوێستەکە بەشێوەیەک بێت کە ئاشنا بێت.

٢-فێرخواز پشـــکنین بۆ دەســـــتەواژەکانی هەڵوێســـــتەکە بکات بە شـــێوەیەکی باش بۆ دیاریکردنی داتاپێدراوەکانی پاشـــــان داواکراو بدۆزێتەوە. (بە واتای جیاکاری هەبێت لەنێوان دراو و داواکراو).

٣-مامۆســـتا ڕێگەیەکی گونجاو هەڵبژێرێت کە یارمەتی فێرخواز بدات، بۆ دیاریکردنی ئەو کردانەی کە پێویستە ڕێکی بخات بۆ چارەسەری هەڵوێستەکە، ئەویش لە ڕێگەی گفتوگۆی شـــێوازێکی گونجاوەوە، بۆ ســـروشـــتی هەڵوێســـتەکە، کە تیایدا ڕوونی دیدگای فێرخواز دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنی کردەکان بۆ چارەسەرێکی دروست.

٤- شێوازەکە سەیر دەکرێت، واتە ئەو شێوازەی گیراوەتەبەر بۆ چارەسەری هەڵوێستە، ئەویش ئایا ئەو ڕێگەیە گونجاوە یان ڕێگەیەکی چاکترهەیە، ئەگەر ڕوون بووەوە لەکاتی گفتوگۆکردن و تۆمارکردنی هەندێ هەڵە لە لایەن فێرخوازەوە، پێویســـــتە مامۆســـــتا هۆکارەکانی بناسێت و بزانێت چۆن چارەسەر دەکرێت و پاشان ڕێڕەوێکی تر بگرێتە بەر بۆ دوورخستنەوەی فێرخواز لەم بارەی کە تێی کەوتووە.

٥-ئامانجی پیادەکردنی بیرکردنەوەی تێڕامانی ڕوونکردنەوە و تێبینیکردن و لێکدانەوەی هەڵوێســـــتە، بۆ هێنانەدی گۆڕانی ڕەفتاری و ئەنجامدانی کاری باشـــتر. گۆڕانی ڕەفتاری لە ڕێگەی زانینەوە ڕوو نادات، بەڵکو لە ڕێگەی هۆشـــــیاریی خودییەوە دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی تێبینیکردن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەوە ئەنجام دەدرێت.

## ٢-٢: توێژینەوەکانی پێشووتر

### ٢-٢-١: توێژینەوەکانی پەیوەست بە ئێسکی ماسی

| ژ | ناوی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە | گرنگترین دەرئەنجامەکان | پێشنیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د. مسلم يوسف اسماعيل الطيطي (٢٠١٣-٢٠١٤) | کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی ئێسکی ماسی لە باشکردنی دەستکەوتی فێرخوازان لە لای پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکان | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکارکردنی کارایی ستراتیژی ئێسکی ماسییە لەسەر دەسکەوتی فێرخوازان لە لای پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکان | نیمچە ئەزموونی | نموونەی توێژینەوەکە لە (١٣٩) فێرخوازی کوڕ و کچ پێکهاتبوو لە (قەسبەت ئەربید) لە وڵاتی ئەردەن | بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز کە دەکاتە (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی فێرخوازان لە تاقیکردنەوەی دەسکەوتی پاشی (البعدی) تاقیکردنەوەکە. ١- دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە | ١- کردنەوەی دەورە بۆ مامۆستایان و ڕاهێنانیان لەسەر ستراتیژەکانی وانەوتنەوە لەناو پۆل، لەناو ئەمانەشدا ستراتیژی ئێسکی ماسی، کە دەبێتە هۆی پاڵپشتیکی ماددی و مەعنەوی بۆ مامۆستا. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | چەندین جیاوازی هەن کە دەبنە بەڵگەی ئاماریی لە نێوان نمرەی ناوەندیی فێرخوازان لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی پاشینە، کاریگەری شێوازی وانەوتنەوە بەهێز دەکات لە بەرژەوەندی ستراتیژی ئێسکەماسییدا، نەبوونی هیچ جیاوازییەک کە | ٢- ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە لە لقە جیاوازەکانی زانستەکان بە مەبەستی زانینی کارایی و کاریگەری ستراتیژی ئێسکی ماسی.<br>٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان کارایی ئێسکی ماسی و ستراتیژەکانی دیکەدا. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | بەڵگە بێت لە نێوان نمرەی فێرخوازاندا لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی پاشینە، بۆ ڕەگەزەکان باشە و بەهێزی دەکات، هەبوونی جیاوازی کە بەڵگەی ئامارییە لە نێوان نمرەی فێرخوازان لە تاقیکردنەوەی پاشینە کارلێکی نێوان شێوازی وانە وتنەوە و | **(الطيطي: ٢٠١٣-٢٠١٤)** |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ڕەگەزی فێرخواز بەهێزتر دەکات و پاڵپشتی دەکات، بەتایبەتی کچان (ڕەگەزی مێ). | |
| ٢ | ئەحمەد الدبیسی ٢٠١٢ | کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکی ماسی لە گەشەی چەمکەزانستییەکان لە بابەتەکانی وانەی زانستدا | ئامانجی توێژینەوە کە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکی ماسییە لە گەشەپێدانی چەمکە زانستییەکان لەوانەی زانستدا بۆ فێرخوازانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی | میتۆدی نیمچە ئەزموونی | کۆمەڵگەی توێژینەوە کە پێکهاتبوو لە فیرخوازانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی کە هەموویان دەکەونە ناوچەی غەزلانییە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە | -بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز کە دەکاتە (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی پلەی فێرخوازانی گروپی ئەزموونکار و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پراکتیزەکردنی | کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ فێربوون لەسەر ستراتیژی وتنەوەی وانەی فیکرییەکان. - ئەنجامدان |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ی ڕیف لە دیمشق، پێکهاتبوون لە (١٥٠) خوێندکاری کچ و کوڕ، بە ڕێگەی مەبەستدار هەڵبژێردرا بوون بۆ هەر یەکێکیان (٦٠) خوێندکاری کچ و کوڕ، بەو سیفەتەی نموونەی کۆنترۆڵکار و ئەنزموون کارن. | پاشی (البعدی) تاقیکردنەوەکە. -بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز کە دەکاتە (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندی پلە فێرخوازانی گروپی ئەزمونکار و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پراکتیزەکردنی پاشی هەڵگیراو بۆ تاقیکردنەوەکە. | ی توێژینەوە بۆ دەرخستنی کاریگەری و کارلێکی ئەم ستراتیژییە لەسەر وانەکانی تری خوێندن. **(الدبسي: ٢٠١٢)** |
| ٣ | والش ٢٠٠٠ | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی ئێسکی ماسی | ئامانجی توێژینەوە کە زانینی کاریگەری | نیمچە ئەزموونی | سامپڵی توێژینەوە کە پێکهاتبوو | دەرئەنجامی توێژینەوە کە ئاماژە | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لەسەر وەدەستهێنان لە وانەی زانست، بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێگەی وتنەوەی وانەی ئاسایی | ستراتیژی ئێسکی ماسییە لەسەر دەستکەوت بە بەراورد بە ڕێگای تەقلیدی | | لە (٧٦) خوێندکار لە پۆلی نۆیەمەوە تاکو پۆلی یانزەهەمی لە ولایەتی (فەرجینیا)، بە شێوەیەک سامپڵی توێژینەوە کە دابەشکرا بوو بەسەر چوار گروپدا، دوو گروپیان مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر ستراتیژی ئێسکی ماسی ئەنجام دەدا، دوو گروپەکەی تر | بە بوونی ئاماژەی ئاماریی جیاوازی لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونکار دەدات، کە لە خوێندندا ستراتیژی ئێسکی ماسییان بەکارهێنابوو، هەر چەندە توانای سامپڵی توێژینەوەکەی کۆنترۆڵکراو بە شێوەیەکی گشتی باش بوو. | **(Walsh: 2000)** |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | کۆنترۆلکراو بوو بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئاسایی مەشق و ڕاهێنانذیان ئەنجام دەدا. | | |
| ٤ | ئەحلام عەلی حەمود ٢٠١٣ | گەڕان بەدوای کارلێکی هەر یەک لە ستراتیژی بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز و ئێسکی ماسی | -کارلێکی هەردوو ستراتیژی بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز (Thinking Aloud) و ستراتیژی ئێسکی ماسی (Fish Bone)یە، لە گەشەی ئەنجامگیری زانستی لای خوێندکاران. | نیمچە ئەزموونی | نموونەی توێژینەوە کە پێکهاتبوو لە (٦٤)خوێندکار کە دابەشکرا بوون بۆ دوو لق، ژمارەی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونی یەکەم (٣٢) خوێندکار بوون، گرووپی ئەزموونی | دەرئەنجامی توێژینەوەکە بریتی بوو لە نەبوونی جیاوازی لە نێوان ستراتیژی لە گۆڕاوی وەدەستهێنان بۆ زانیاری زانستی . | ١- -ئامادەکردنی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە میانەی خزمەتکردنیاندا، بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی نابینا لە سەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ستراتیژەکە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ٢- کارلێکی هەردوو ستراتیژی بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز(Thinking Aloud) و ستراتیژی ئێسکی ماسی (Fish Bone)یە، لەوەدەستهێنانی زانیاری زانستی | | دووەم (٣٢) خوێندکار بوون. | | (بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز – Thinking Aloud) لە فێرکردنی گشتیدابۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێناناکاریدا بەشێوەیەکی گشتی.<br>٢- جەختکردنەوە لەسەر فیرکردنی گشت نابینایاندا لە بەکارهێنانی شێوازەک |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ان و ڕێگاکانی وانه وتنەوەی مۆدێرن و دورکەوتنەوە لە شێوازە کۆنەکان کە جەختدەکاتەوە لەسەر لەبەرکردن بێ گرنگیدان بە بەشداری کردنی چالاکانە لەلایەن فێرخوازانەوە. **(حمود: ٢٠١٣)** |

**٢-٢-٢: توێژینەوەکانی پەیوەست بە بیرکردنەوەی تێڕامانی**

| ژ | ناوی توێژەر | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوەکە | میتۆدی توێژینەوەکە | نموونەی توێژینەوەکە | گرنگترین دەرئەنجامەکان | پێشنیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **إيمان الهدابية و عبدالله أمبوس عيدي (٢٠١٣-٢٠١٤)** | کاریگەری بەکارهێنانی نمونەی (مەکاریسی) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی و بەدەستهێنانی زانستەکان لای کچە خوێندکارەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی. | توێژینەوەکە کاریگەری بەکارهێنانی نمونەکانی (مەکاریسی) لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی تێرامانی و بەدەستهێنانی زانستەکانی بە ئامانج گرتووە. | نیمچە ئەزموونی | سامپڵی توێژینەوەکە لە (٥٥) خوێندکار پێکهاتبوو. لە کچە خوێندکارەکانی پۆلی شەشی بنەڕەتی لە دوو قوتابخانە لە پارێزگای (داخلییە) لە شانشینی عومان. بە مەبەست ئەم دوو قوتابخانەیە هەڵبژێردراون. ئەو کۆمەڵەیەی تاقیکردنەوەکەیان بەسەردا ئەنجامدراوە لە (٣١) کچە خوێندکار | هێمای (a = ٠,٠٥) ئاماژەکردنە بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بۆ هەبوونی جیاوازی کە بەڵگەی ئامارییین لە ئاستی بەڵگەبوون لەنێوان ناوەندییەتی ژمێریاری بۆ نمرەی کچە خوێندکارەکان لە دوو کۆمەڵەی ئەزمونکاری و ڕێکخراوەیی دا لە کۆی لێهوتوویيەکانی بیرکردنەوەی تێرامانی ، هەروەها | ا- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی وەرشەی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان پێش دەستپێکردن یان بە خزمەتکردن و ماوەی خزمەتکردنیان. تا بە میتۆدی (مەکاریسی) ئاشنابن و میکانیزمی جێبەجێکردنەکەشی بزانن. ب- گرنگیدان بە جیاوازی و جۆراو جۆری شێوازەکانی فێرکردنی خوێندکاران |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پێکهاتبوون . به میتۆدی نمونەیی (مەکاریسی) وانەکانیان خوێندبوو. کۆمەڵەی (ڕێکخراو) لە (٢٤) کچە خوێندکار پێهاتبوو. بە شێوەیەکی باو. | لە کۆی تاقیکردنەوە بۆ دەستخستنی زانستەکان کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونکارەکانە. | لە یەک پۆلدا. چەندین چالاکی بەکاربهێندرێت کە پشت بە بەکارهێنانی مێشک ببەستێت، دورکەوتنەوە لە جەختکردنەوە لەسەر یەک لایەن و پشتگوێخستنی لایەناکانی تر. ج- جاو خشاندنەوە بە باڵەخانەی میتۆد و پرۆگرامی زانستەکان، بەشێوەیەک تواناکانی بیرکردنەوەی تێرامانیوەک بەشێک لە پرۆگرامی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندن<br>تێکەڵ به<br>پرۆگرامەکە<br>بکرێت.<br>د-<br>لێکۆڵینەوەی<br>کە بکریت<br>دەربارەی<br>کاریگەری<br>بەکارهێنانی<br>نمونەی<br>(مەکاریسی)<br>لە<br>گۆرانکارییە<br>کانی تردا.<br>بۆ نمونە:<br>جۆری ئەو<br>پرسیارانەی<br>خوێندکار<br>ئاراستەیاندە<br>کات. یان<br>دەرخستنی<br>ئەو<br>جێگرەوانەی<br>خوێندکاران<br>هەیانە. یان<br>گەشەپێدانی<br>بیرکردنەوە<br>ی<br>داهێنانکاری.<br>**(الهدابية و<br>أمبوسعيدي:** | | | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ٢٠١٣-٢٠١٤) |
| ٢ | **عبد العزيز جميل عبد الوهاب القطراوي (٢٠١٠)** | کاریگەری و شوێنەواری بەکارهێنانی ستراتیژییەلێک چووەکان لە گەشەکردنی پرۆسەکانی زانست و تواناکانی بیرکردنەوەی تێرامانی لە زانستەکاندا لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی. | ئەم لێکۆڵینەوەیە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی لێکچوو لە گەشەکردنی پرۆسەکانی زانست و تواناکانی بیرکردنەوەی تێرامانی لە زانستەکاندا لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی | میتۆدی ئەزموونی | سامپڵی توێژینەوە کە لە دوو لقی (ا ، ب) پێکهاتبوون . لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، ژمارەی هەر لقێکیان (٣٢) خوێندکاربوون. توێژەر لقی (ب) بە کۆمەڵەی ئەزمونی هەژمارکرد بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵەی دووەم کۆمەڵەی ڕێکخراوبوون. ئەم توێژینەوەیە لە شاری | چەندین جیاوازی هەن کە بەڵگەی ئاماریین لەسەر ئاستی (a = ٠,٠٥) لە نێوان نمرەی ئەو خوێندکارانەی ناوەندیان بەدەستهێناوە، لە کۆمەڵەی ئەزمونکاری و ئەو خوێندکارانەی پلەی ناوەندیان بەدەستهێناوە لە کۆمەڵەی ڕێکخراودا، لە تاقیکردنەوەی پرۆسەی زانستی، کە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی | ١- گرنگیدان بە گەشەپێدانی پرۆسەکانی زانست و هاندانی خوێندکاران لەسەر جێبەجێکردن و مومارەسەکردنی لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکە جیاوازەکانیان لە خوێندنی زانستەکاندا. ٢- هاندانی خوێندکار لەسەر مومارەسەکردنی جۆرەکانی بیرکردنەوەی جیاواز و لە نێو ئەوانیشدا بیرکردنەوەی تێرامانی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بنەڕەتی، بە ئامانج گرتووە. | | غەزەی فەلەستین ئەنجام دراوە. | هاوشێوە پشتراستەدەکاتەوە وەک شێوازێکی وانە وتنەوە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونکاری . | وەک یەکێک لە ئامانجەگرنگەکان لە خوێندنی زانستەکاندا. ٣- پێویستبونی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی لێکچو لە خوێندنی هەندێ لە یەکەکانی زانستەکان لە قۆناغی ئامادەیی، چونکە پرۆسەی زانست و تواناکانی بیرکردنەوەی تێرامانی گەشەپێدەدات. **(القطراوي: ٢٠١٠)** |

# بەشی سێیەم
# توێژینەوەکە و ڕێککارییەکانی
## Research Procedure

٣-١: میتۆد و دیزاینی توێژینەوەکە
٣-٢:کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە
٣-٣:نموونەی توێژینەوەکە
٣-٤:هاوتاکردنی گۆڕاوەکانی نموونەی توێژینەوەکە
٣-٥:هەردوو ئامرازەکانی توێژینەوەکە
٣-٦: دروستی ناوەکی و دەرەکی لە دیزاینی توێژینەوەکدا
٣-٧: ئامڕازە ئامارییەکان

# بەشی سێیەم

## ڕێککارییەکانی توێژینەوەکە (Research Procedure):

ئەم بەشە هەموو ئەو ڕێککاریانە دەگرێتە خۆ، کە توێژەر لە بواری مەیدانی توێژینەوەکەدا ئەنجامیداون، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ٣–١: میتۆد و دیزاینی توێژینەوەکە (Research and design approaches):

میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی نمیچە ئەزموونی، دیزانی توێژینەوەکە بەم شێوەیەیە:

**هێڵکاری (٢)**

**میتۆد و دیزاینی توێژینەوەکە**

| گروپەکان | تاقیکردنەوەی پێشینە | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشینە | گۆڕاوی شوێنکەوتە |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بیرکردنەوەی تێرامانی | ستراتیجی ئیشیکاوا | بیرکردنەوەی تێرامانی | بیرکردنەوەی تێرامانی |
| | | | دەستکەوت | دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکراو | بیرکردنەوەی تێرامانی | ڕێگای باو (ئاسایی) | بیرکردنەوەی تێرامانی | بیرکردنەوەی تێرامانی |
| | | | دەستکەوت | دەستکەوت |

## ٣-٢:کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە (Research Population):

آ- دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە خوێندگاکانی پەروەردە و فێرکردن لە پەروەردەی ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥).

## ٣-٣:نموونەی توێژینەوەکە (Research Sample):

نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی خوێندنگای (گەلاڕێزانی) کچان لە پەروەردەی ڕۆژئاوای پەروەردەی شاری سلێمانی، ژمارەیان (٥٠ فێرخواز) بوو دابەشکرابوون بۆ دوو لق بە شێوەیەک هەر لقیک پێکهاتبوو لە (٢٥ فێرخواز)، لقی (آ) و لقی (ب). خشتەی (١)

توێژەر خوێندکارانی ئەم خوێندنگە بنەڕەتییەی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژارد، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١-گونجاوی شوێنی جوگرافی خوێندنگەکە بۆ توێژەر، کە بە ئاسانی ئامادە دەبوو لە کاتێکی گونجاودا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەبێ ئاستەنگ.

٢- بوونی ئامێر و کەرەسەی گونجاو و پێویست، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە خوێندنگەکە وەک: (ئامێری داتاشۆ و ئامێری کۆمپیوتەر)

٣- بوونی کارگێڕییەکی تێگەیشتووی خوێندنگەکە لەگەڵ فێرخوازانی توێژینەوەکە.

**خشتەی (١)**

**ژمارەی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو (نموونەی توێژینەوە)**

| گروپەکان | پۆل و لق | ژمارەی خوێندکاران |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ٨ أ | ٢٥ |
| کۆنترۆڵکراو | ٨ ب | ٢٥ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ فێرخواز |

## ٣-٤:هاوتاکردنی گۆڕاوەکانی نموونەی توێژینەوەکە:

لەگەڵ ئەوەی هەموو تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە یەک خوێندنگەدا بوون و لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری تاڕادەیەک یەکسان بوون، گروپەکانی توێژینەوەکە تاڕادەیەک وەکیەک دەرچوون، ئەمەی خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ پرۆسەی وەکیەکی ئاماری لەسەر ئەو گۆڕاوانەی کە ملکەچی پرۆسەی وەکیەکی بوون:

١- تەمەن.
٢- نمرەی خوێندکارەکان بە مانگ بۆ ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤).
٣- نمرەی زیرەکی .
٤- دەستکەوتی بڕوانامەی باوکان.
٥- دەستکەوتی بڕوانامەی دایکان.

## ٣-٤-١:تەمەن (ژمێردراو بە مانگ):

توێژەر هاوئاستی هەر دوو گروپەکانی ئەزموونکراو و کۆنترۆڵکراوی لە ڕووی گۆڕاوی تەمەنەوە لەبەرچاو گرت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ تۆماری خوێندکاران لە خوێندنگەکەیان و سەرنجدانی، لەم ڕێگەشەوە دەرکەوت کە تەمەنی هەموو تاکەکانی نموونەی هەر دوو گروپ بەنزیکەیی لە نێوان (١٣-١٤) ساڵی دایە، ئەمە لە وەکیەکی گروپەکان لە ڕووی تەمەنیانەوە دڵنیامان دەکاتەوە، توێژەر زانیاری دەربارەی ئەوگۆڕاوانە دەستکەوت، بەپێی (ڕۆژ- مانگ – ساڵ). وردەکاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا، پاشان ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێودانگی دەرهێنرا، بە ئامانجی هێنانەدی وەکیەکی هەر دوو گروپ لەم گۆراوەدا، توێژەر هەستا بە پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی شیکاری بەراووردکاری وەکیەکی، دەرئەنجامەکان بەم شێوەیە کە لە خشتەی ژمارە (٢) دیارە.

**خشتەی (٢)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی تەمەن بۆ هەر دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| | گروپی ئەزموونی ن=25 | | گروپی کۆنترۆڵکراو ن= 25 | | بەهای T | | ئاماژە* |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س̄ | ±ع | س̄ | ±ع | ژمێردراو | خشتەکی | |
| تەمەن | 177.12 | 15.98 | 168.56 | 29.73 | 1.27 | 2.02 | نائاماژییە |

*نمرەی سەربەستی (48). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لەم خشتەیەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بەهای (T) ژمێردراو (1.27) کەمترە لە بەهای خشتەکی (2.02)، کە ئەمەش بە واتای نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لەنێوان تێکڕایی هەر دوو گروپەکانی توێژینەوەکە لە تەمەندا، بەمەش گروپەکان وەکیەک دەردەچن لەم گۆڕاوەدا.

## ٣-٤-٢: نمرەی ڕابردووی فێرخوازان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤):

بۆ دەستکەوتی گۆڕاوی نمرەی گشتیی ساڵی ڕابردووی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی تۆماری نمرەی خوێندنگەوە وەدەستهاتووە، پاشکۆی (٥)، دوای بەدەستهێنانی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی دەرهات، هەروەکو لە خشتەی (٣) دیارە.

**خشتەی (٣)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی نمرەی ڕابردووی خوێندکاران لەنێوان ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| | گرووپی ئەزموونی ن= 25 | | گرووپی کۆنترۆڵکراو ن=25 | | بەهای T | | * ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س¯ | ع± | س¯ | ع± | ژمێردراو | خشتەکی | |
| نمرەی ڕابردووی خوێندکاران | 67.32 | 11.70 | 67.08 | 12.87 | 0.069 | 2.02 | نائاماژییە |

*نمرەی سەربەستی (48). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشتەی ژمارە (٤) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونی یەکسانە بە (67.32)، لادانی پێوانەی بڕەکەی بریتییە لە (11.70)، بەهای ناوەندی ژمێرەیی فێرخوازانی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (67.08) و لادانی پێوانەی بڕەکەی (12.87)، بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکسانە (0.069) و بچووکترە لە بەهای خشتەکی (2.02) لە ئاستی ئاماژە (0.05) بە نمرەی سەربەستی (48)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەر دوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە نزیکەیی هاوئاستن لەم گۆڕاوەدا.

## ٣-٤-٣: ئاستی ژیری:

بۆ بەدەستهێنانی هاوئاستی نێوان گرووپەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕووی ژیرییەوە تاقیکردنەوەی زیرەکیمان[١] بە کارهێناوە کە پێکهاتووە لە (٦٠) برگەی وێنەیی*، لەلایەن ئەحمەد زەکییەوە دانراوە، کە هەر یەکە لەو ٦٠ بڕگەیە دابەشکراوە بۆ چەنگ

[١] تاقیکردنەوەی زیرەکی/ ژیری (د.ئەحمەد زەکی ساڵح) وەک لە پاشکۆی ژمارە (٨) خراوەتە ڕوو.

کۆمەڵەیەک کە ڕووی شـــێوەوە یـان جۆرەوە لە یەکترییەوە نزیکن لە یەکتری، بەڵام دانەیەکیان کەمێک لەویتر جیاوازە، تاقیکردنەوەکە ماوەی (٥٠) خولەکی بۆ دانراوە، پاشان لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS) بە هاوکێشـەی **T.Test** داتاکان شـیکاریان بۆ کراوە، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ڕادەیەک لەم گۆڕاوەدا هاوئاســـتن، وەک لەم خشـــتەیەی خوارەدا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (٤)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی ئاستی زیرەکی لەنێوان ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو**

| | گروپی ئەزموونی ن= 25 | | گروپی کۆنترۆڵکراو ن=25 | | بەهای t | | * ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س‾ | ±ع | س‾ | ±ع | ژمێردراو | خشتەکی | |
| ئاستی زیرەکی | 34.92 | 4.16 | 35.28 | 4.65 | 0.288 | 2.02 | نائاماژەییە |

*نمرەی سەربەستی (48). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشـــتەی ژمارە (٥) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەهای ناوەندی ژمێرەیی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکســـانە بە (34.92)، لادانی پێوانەی بڕەکەی بریتییە لە (4.16)، بەهای ناوەندی ژمێرەیی فێرخوازانی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (35.28) و لادانی پێوانەی بڕەکەی (4.65)، بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکســانە (0.288) و بچووکترە لە بەهای خشــتەکی (2.02) لە ئاســتی ئاماژە (0.05) بە نمرەی ســەربەســتی (48)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەر دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە نزیکەیی هاوئاستن لەم گۆڕاوەدا.

## ٣-٤-٤: دەستکەوت خوێندنی باوک:

مەبەست لە دەستکەوتی خوێندن، بریتییە لەو ئاستە ئەکادیمییەی کە کەسێک لە بوارێکی دیاریکراودا بەدەســـتی هێناوە (الصـــراف: ٢٠٠٢: ٢١٠)، توێژەر نمرەی ئاســـتەکانی دەســـتکەوتی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەکانی فێرکردن دابەشـــکردووە، وەک (نەخوێندەوار، بنەرەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، بەکارلۆریۆس)، توێژەر بە شـێوەیەکی ئاماری داتا تایبەتەکانی دەســـتکەوتی خوێندنی باوکانی خوێندکارەکانی هەر دوو گروپەکەی ئەنجامداوە، (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو) بە بەکارهێنانی مربع کای، خشـتەی ژمارە (٥) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

## خشتەی (٥)

**بەهای هاوکۆلکەی کای دووجای دووبارەبووەوەی دەستکەوتی خوێندنی(بڕوانامە)ی باوکان هەر دوو گروپەکانی توێژینەوەکە**

| گروپ | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | بەهای کای دووجا | | * ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | خوێندنی باڵا | ژمێردراو | خشتەکی | |
| ئەزموونی | 25 | 5 | 8 | 8 | 2 | 2 | 1.60 | 9.49 | نائاماژەییە |
| کۆنترۆڵکراو | 25 | 7 | 10 | 5 | 1 | 2 | | | |
| کۆ | 50 | 12 | 18 | 13 | 3 | 4 | | | |

*نمرەی سەربەستی (4) ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشـتەی (٥) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای مربع کای ژمێردراو دەکاتە (1.60) کە ئەمەیش کەمترە لە بەهای خشـتەکی کە بریتییە لە (9.49)، بە نمرەی سـەربەسـت (4) وئاسـتی ئاماژەی (0.05). ئەمەش واتای نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز بەتێکڕایی لەنێوان هەر دوو گروپەکانی توێژینەوەکە لە دەستکەوتی بڕوانامەی باوکدا، کە ئەمەش واتای هەر دوو گروپەکە هاوئاستن لەم گۆڕاوەدا.

### ٣–٤–٥: دەستکەوت خوێندنی دایکان:

توێژەر نمرەی ئاسـتەکانی دەسـتکەوتی خوێندنی بەپێی جۆری بڕوانامەکانی فێرکردن دابەشـکردووە، وەک (نەخوێندەوار، بنەرەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، بەکارلۆریۆس)، توێژەر بە شـێوەیەکی ئاماری داتا تایبەتەکانی دەستکەوتی خوێندنی باوکانی خوێندکارەکانی هەر دوو گروپەکەی ئەنجامداوە، (ئەزموونی، کۆنترۆڵکراو) بە بەکارهێنانی مربع کای، خشـتەی ژمارە (٦) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٦)**

**بەهای هاوکۆلکەی کای دووجای دووبارەبووەوەی دەستکەوتی خوێندنی(بڕوانامە)ی دایکان هەر دوو گروپەکانی توێژینەوەکە**

| گروپ | ژمارە | ئاستی دەستکەوتی خوێندن | | | | | بەهای کای دووجا | | * ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | خوێندنی باڵا | ژمێردراو | خشتەکی | |
| ئەزموونی | 25 | 8 | 10 | 5 | 1 | 1 | 0.45 | 9.49 | نائاماژەییە |
| کۆنترۆڵکراو | 25 | 9 | 8 | 5 | 2 | 1 | | | |
| کۆ | 50 | 17 | 18 | 10 | 3 | 2 | | | |

*نمرەی سەربەستی (4) و ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشـــتەی (٧) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای هاوکۆلکەی کای دووجای ژمێرەیی دەکاتە (0.45) کە ئەمەیش کەمترە لە بەهای خشتەکی کە دەکاتە (9.49)، بە نمرەی سەربەست (4) وئاستی ئاماژەی (0.05). ئەمەش واتای نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز بەتێکڕایی لەنێوان هەر دوو گروپەکانی توێژینەوەکە لە دەســـتکەوتی بڕوانامەی دایکاندا، کە ئەمەش واتای هەر دوو گروپەکە هاوئاستن لەم گۆڕاوەدا.

## ٣-٥: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە و گریمانەکان، دوو ئامرازمان ئامادە کردووە کە ئەوانیش:" تاقیکردنەوەی وەدەستهاتوو، تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی)یە.

### آ- تاقیکرنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی:

بۆ ئامادەکردنی بیرکردنەوەی تێرامانی، پشتمان بەستووە بە پێوەری (ئایزنک و وێڵسون) کە بە زمانی عەرەبی دەســـتمان کەوتووە و پێک هاتووە لە ٣٠ بڕگە، دراوەتە کەســێکی شـــارەزا لە بواری وەرگێڕاندا، بۆ ئەوەی وەری بگێڕێتە ســـەر زمانی کوردی، دوای وەرگێڕانی ئەم پێوەرە دراوەتە دەســـت کۆمەڵێک لە شـــارەزایان بۆ ئەوەی ڕای خۆیان دەربارەی دروستی وەرگێڕان و لایەنی زمانەوانی دەرببڕن.
(٢٠) بڕگەی پۆزەتیڤە بۆ بیرکردنەوەی تێرامانی (١) نمرە بۆ بەڵێ، (سـفر) بۆ نەخێر، (١٠) بڕگە بۆ نەگەتیڤە لە بیرکردنەوەی تێرامانی، (١) نمرە بۆ نەخێر و (ســـفر) بۆ بەڵێ، بۆیە نمرەکان لە (سفر- ٣٠) دابەش دەکەین.

## ب- تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

پێوانەکردنی توانای تاکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو بەپێی چەند یاسایەکی زانستی ورد، تاقیکردنەوەکان لە دێر زەمانەوە تا ئێستا بە کار هاتوون و بە شێوەیەک گەشەیان کردووە کە دەرئەنجامێکی دروست بە دەستەوە بدەن، (**محجوب:٢٠٠٠: ٢٠٢**). دەستکەوت وەک گۆڕاوێکی پاشکۆ لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە توانای دەستکەوتی خوێندن، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ئامادە کرد، کە بریتییە لە بابەتی مێژوو لە کتێبی بڕیار لەسەردراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

### ١- دیاری کردنی بابەتی فێرکاری:

پێشوەخت بابەتە ئەزمونەکە دیاری کراوە، کە بریتییە لە بابەتی مێژووی بابەتە کۆمەڵاتییەکان کە لە پێنج بەند پێکهاتبوو لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی/ چاپکراوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق بە پێی ماوەی توێژینەوەکە و یەکەکان و لاپەڕەکانی دیاری کراوە، هەروەک خشتەی ژمارە (٨)دا دیارە:

**خشتەی (٧) یەکەکانی بابەتی خوێندن**

| ژ | بەش | یەکەکان (مفردات) | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | بەندی یەکەم | بانگەوازی ئیسلام و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی | ٧٦ |
| ٢ | بەندی دووەم | خەلیفەکانی ڕاشیدین | ١٠٣ |
| ٣ | بەندی سێیەم | کوردستان لەسەردەمی پەیدابوونی ئیسلام و خەلافەتەکاندا | ١٢٦ |
| ٤ | بەندی چوارەم | سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی | ١٤٧ |
| ٥ | بەندی پێنجەم | سەردەمی دەوڵەتی عەباسی | ١٥٦ |

### ٢- دیاری کردنی ئامانجەکان:

ئامانجە ڕەفتارییەکان گوزارشتێکی تایبەتن، کە دەتوانرێن سەرنج بدرێن و بپێورێن. وەسفی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە ڕەنگە ڕوو بدەن لە فێرخوازێکدا، لە پاش تێپەڕبوونی ئەزموونێکی زانستی (**عقیلان: ٢٠٠٠: ٤٩**). ئامانجی ڕەفتاریی باش ئەوەیە کە بە زمانێکی ورد و دیاریکراو و بە دەربڕینێکی ڕوون نووسرا بێت، کە ئەگەری ڕاڤەکردنی

به شـــێوازێکی جیا جیا کەم بکاتەوە **(قلادە : ١٩٨٢: ٨٠)**، گرنگی ئامانجەکان لەوەوە دێت کـە ڕێنمـاییکـەری توێژەرن لـە میـانـەی جێبـەجێکردنی ئـەزموونەکە و دروســـــتکردنی تاقیکردنەوە و ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە. هەر لەبەر ئەو مەبەســتەش توێژەر هەســتا بە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتارییەکان کە گەیشتە (١٥٧) ئامانج، کە لەوانە (٨٠) یادهێنانەوە و (٥٢) تێگەیشــــتن و (١٢) پراکتیزەکردن (١٣) شـــیکردنەوە. دوای ئەوە توێژەر خســـتییە بەردەم کۆمەڵێک لە پســـپۆڕ و هەڵســـــەنگێنەری بوارەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی و پەروەردەی، وەک لە پاشکۆی ژمارە (٣) دیارە. بۆ دڵنیابوون لە دروستی داڕشـــتنەکانیان، هەروەها ڕادەی گشـــتگیریان بۆ ئەو بابەتەی کە دەخوازرێت بوترێتەوە، توێژەر پشـــتی بەســـت بە ڕێژەی ٨٠% زیاتر وەک پێوەرێک بۆ قبووڵکردنی ئامانجێکی ڕەفتاری یان قبووڵ نەکردنی. ئەمەش بە جێبەجێکردنی هاوکێشـــەی (J- Copper )، **(البطش واخرون: ٢٠٠٧: ١٤٢)**. کاتێک ڕێژەی هاوسەنگی لە نێوان هەڵسەنگێنەران گەیشتە (٠,٨٠ -٠,٩٩) ئەمە ئاماژەیە بە ڕاســـتگۆیەکی بەرز (**نمر: ٢٠٠٨: ٧٠**)، هەموو بڕگەکان گەیشتنە ئەو ڕێژەیە و زیاتریشمان بەدەست هێنا، وێڕای ئەوەی کە توێژەر لەگەڵ ئەوەی هەڵستا بە ڕاستکردنەوەی هەندێک لە بڕگەکان.

## ٣-خشتەی تایبەتمەندییەکان:

دانانی خشـــتەی تایبەتمەندییەکان لەو کارە گرنگانەیە کە لە دروســـتکردنی دەســـتکەوتە پێوانەییـەکانـدا (اختبـار تحصـــیلی)دا ئـەنجـام دەدرێت، چونکـە گرنگی هـەر دوو لایـەنی ناوەڕۆک و ئامانجە ڕەفتارییەکان کۆ دەکاتەوە، بە شـــێوەیەک کە بڕگەکانی پێوەرەکە لەسەر ئەو بنەمایە دابەش دەکات (**الكبيسى :٢٠٠٧: ١٤١**).

توێژەر (١٥٧) بڕگەی داڕشت بەپێی گرنگی هەر یەک لە ناوەڕۆک و ئامانجە ڕفتارییەکان، بەپێی ئاستەکانی پۆلێنکاری بلۆم لە بواری زانیاری: (بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە) بەم شێوەیەی خوارەوە:

کێشی ناوەڕۆک = (ژمارەی لاپەڕەی بەشێک / کۆی گشتیی لاپەڕەکان) × ١٠٠

**(سمارە:٢٠٠١: ٥٣)**

کێشی بڕگەکانی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێکدا= (ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێکدا / تێکرای کۆی ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان) × ١٠٠

ژمارەی بڕگەکانی لە هەر ئاستێکدا= کێشی سەدی ناوەڕۆک × کێشی سەدی ئامانجەکان × ژمارەی گشتیی بڕگەکان

هەروەک لە خشتەی (٩) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٨)**

**نەخشەی تاقیکردنەوە بۆ ئامانجە ڕەفتارییەکانی تایبەت بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| ژ | بەند | ناوەڕۆک | ژ.لاپەڕە | ڕێژەی گرنگی جەختکردنەوە لەسەر ناوەڕۆک | گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان: یادهێنانەوە (٨٠) | تێگەیشتن (٥٢) | پراکتیزەکردن (١٢) | شیکردنەوە (١٣) | کۆی برگەکانی تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | بانگەوازی ئیسلام و پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی | ٢٦ | ٢٩,٥٪ | ٨ | ٥ | ١ | ١ | ١٥ |
| ٢ | دووەم | خەلیفەکانی ڕاشیدین | ٢٢ | ٢٥٪ | ٦ | ٤ | ١ | ١ | ١٢ |
| ٣ | سێیەم | کوردستان لەسەردەمی پەیدابوونی ئیسلام و خەلافەتەکاندا | ٢٠ | ٢٢,٧٪ | ٦ | ٤ | ١ | ١ | ١٢ |
| ٤ | چوارەم | سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی | ٨ | ٩٪ | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| ٥ | پێنجەم | سەردەمی دەوڵەتی عەباسی | ١٢ | ١٣,٦٪ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٧ |
| کۆی گشتی | | | ٨٨ | ١٠٠٪ | ٢٥ | ١٧ | ٤ | ٤ | ٥٠ |

خشتەی (٩)

جۆر و ژمارەی بڕگەکان بۆ هەر پرسیارێک لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| زنجیرەی پرسیار | جۆری پرسیار | ژمارەی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ١ | هەڵبژاردن | ١٠ |
| ٢ | هەڵبژاردن | ١٠ |
| ٣ | هەڵبژاردن | ١٠ |
| ٤ | هەڵبژاردن | ١٠ |
| ٥ | هەڵبژاردن | ١٠ |
| کۆ | | ٥٠ |

## ٤- بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

توێژەر بۆ دارشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت پشت بە تاقیکردنەوەی بابەتی بەستووە لە جۆری هەڵبژاردنی وەڵامەکان لەبەر ئەوەی باشترین جۆری تاقیکردنەوەی بابەتییە زۆر بەکار دێت و بەربڵاوە، ڕاستی و نەگۆڕی تیایدا زیاترە لە جۆرەکانی تری پرسیارەکان، توانایەکی گەورەی هەیە لە جیاکردنەوەی فێرخوازانی بەهێز و لاواز،ئاسانە بۆ ڕاستکاری لە وەڵامەکان و کاریگەری خودی زۆر کەمە لە کاتی هەڵەچنی پرسیارەکان. بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت پێکهاتبوو لە (٥٠) بڕگە و هەر بڕگەیەک (٤) هەڵبژاردنی لەخۆ گرتبوو.

## ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە:

چەمکی ڕاستگۆی تاقیکردنەوە پەیوەستە بە ڕاستگۆی توانای بەکارهێنانی (عبدالهادی، ٢٠٠٢: ١٢١) بەو واتایەی ڕاستگۆی تاقیکردنەوەیەک ئەو شتەی پێدەپێوڕێ کە شتێکی تری پێنەپێوڕێت (ملحم، ٢٠٠٦: ٢٧٠)، لە پێناو سەلماندی ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە ئەمانەی خوارەوەمان بەکارهێنا:

**١- ڕاستگۆی دەرەکی**: ڕاستگۆی دەرەکی، بریتییە لەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەری دەخات کە تقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی دەرەکی دەپێوڕێت، نەک ئەوەی کە تقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی کردەی دەپێوڕێت، واتە ڕووکەشی گشتیی تقیکردنەوەکە، بەوپێیەی هۆیەکە لە هەیەکانی پێوانەکردن، واتە دەرخەری گونجاوی تاقیکردنەوەکەیە بۆ فێرخوازان و ڕوونی و وردی لە ڕێنماییەکانیدا.(العجیلی و آخرون، ١٩٩٠: ٧٣)

لەبەرئەمە ساغکردنەوەی ڕاستگۆی دەرەکی تاقیکردنەوەکە گیراوەتەبەر بە خستنەڕووی بەسەر کۆمەڵێک لە شارەزایاندا (پاشکۆی ٤)، بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی شیاوی و

گونجاوی بۆ بابەتەکان و ڕوونی لە داڕشتنیاندا، بڕگەکان بە ڕێژەی (٨٠٪) لەسەری ڕێکەوتن و لەسەر ئەمەش ڕاستگۆی دەرەکی بۆ تاقیکردنەوەکە سەلمێنرا.

**٢- ڕاستگۆی ناوەکی:**

مەبەست لە ڕاستگۆی ناوەکی، توانای سنووری تاقیکردنەوەکە لەسەر پێوانەکردنی ئەو شتەی لە پێناویدا دانراوە، یان دەتوانێت ئەو کاتەی بۆی دیاری کراوە لە ڕەفتار بیپێوێت، مەبەست لەمەش گرتنەبەری پشکنینێکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵێک ئاگادارکەرەوە و بڕگەکانی کە تاقیکردنەوەکە لە خۆی گرتووە، بۆ دەست نیشانکردنی ئاستی وێناکردنی کایەی ڕەفتارێکی دیاریکراو کە تاقیکردنەوەکەی بۆ ئامادە کراوە تا بیپێوریت.(العزاوی، ٢٠٠٧: ٩٣)، بۆ دەسخستنی ئەم مەبەستەش تاقیکردنەوەکە خراوەتە بەردەم کۆمەڵێک لە شارەزایان لە بواری پەروەردە و دەروونناسیدا.

## شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە:

بە مەبەستی ناساندنی ئاستی قورسیی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و ئەو بەهێزییە جیاکارییەی و چالاکیی جێگرەوە هەڵەکان و ڕوونی تاقیکردنەوەکە، ڕێنماییەکان و ئەوکاتەی تاقیکردنەوەکە پێویستییەتی، توێژەر ئەم تاقیکردنەوەی جێبەجێکردووە لەسەر نموونەی پێشینە لە قوتابخانەی (ناوەندی سەفینی کچان) ئەنجامداوە بە شێوەکی هەڕەمەکی، ژمارەی فێرخوازان بریتییە (٨٨)، پاش هەڵەچنی پرسیارەکان و کۆکردنەوەی نمرەکان، هەندێ لە پرسیارەکان لابراون، چونکە وەڵامی هەندێ لە بڕگەکان نەدراونەتەوە، نمرەکان بە شێوەیەک لە گەورە و بۆ بچووک ڕێکخراون و کراون بە دوو بەشەوە بەشی سەرەوە (٤٤) وەڵام، بەشی خوارەوە (٤٤).

**آ- هاوکێشەی قورسیی بڕگەکان:**

ئاماژە دەکات بە ڕێژەی سەدەی ئەوانەی کە پشکنینیان بۆ کراوە، کە وەڵامی بڕگەکانیان بە دروستی داوەتەوە (الظاهر و آخرون، ١٩٩٩: ١٢٨)، ئاستی قورسیی هەموو بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەرهێنراوە، کە ئاستی لە نێوان (0.24-0.66)، بەمەش ئەدەبیاتی بابەتەکەیە ڕێژەی قورسیی هاوکێشەکان پەسەندە ئەگەر ئاستەکەی لە نێوان (0.20-0.80) (الکبسي، ٢٠٠٧: ١٨١: ١٧٠)، لەبەر ئەمە بڕگە باشەکان و ئاستی قورسیان پەسەندە.

**ب- هێزی جیاکاری بڕگەکان:**

ئەرکی هاوکێشەکانی جیاکاری پێویستە دەربخرێت لە دیاریکردنی ئاستی کاریگەری پرسیارێک لە جیاکاریکردنی نێوان فێرخوازە توانا بەرزەکان و فێرخوازە توانا نزمەکان،

به هەمان ئاستی کاریگەری پرسیاریک لە جیاکاریکردنی نێوان فێرخوازە توانا بەرزەکان و فێرخوازە توانا نزمەکان، بە هەمان ئاست کە تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی گشتی لە نمرەی کۆتاییدا جیای دەکاتەوە (الکبسي،٢٠٠٧: ١٧٩)، پاش دەرهێنانی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت لە نێوان (0.41-0.82)، ئەمەش بە جیاکاری دادەنرێت، چونکە هێزی جیاکاری برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە هێزێکی جیاکاری دادەنێریت ئەگەر لە (0.40) بەرەو سەرووتر بێت.(الکبسي، ٢٠٠٧: ١٨١)

## جێگیری تاقیکردنەوەکە:

مەبەست لێی وردی تاقکردنەوەکەیە، ئەگەر هەمان ژمارە لە فێرخوازان هەمان نمرەیان بە دەستهێنا (یان نزیک بوون لە یەکتری) لە هەمان تاقیکردنەوەدا و جێبەجێکردنی چەند جارێکی تر بە هەمان ڕێوشوێن (یان ڕێوشوێنی هاوشێوە) لەم بارەدا ئەم تاقیکردنەوەیە بە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر دادەنرێت. (ابو علام، ٢٠٠٥: ٣٧٠)

بۆ دەرهێنانی تاقیکردنەوەکە پشتم بەستووە بە هاوکێشەی (کۆدر- ڕیشردسۆن/K-R20). (الکبسي،٢٠٠٧: ٢٠٥)

پاش گرتنەبەری ڕێوشوێنی مامەڵەکردن لەگەڵ وەڵامی سامپڵی پێشینە کە گەیشتۆتە (٨٨) وەڵام، دەرکەوت هاوکێشەی جێگیری گەیشتۆتە (0.82) ئەمەش هاوکێشەیەکی جێگیری باشە (عبدالهادي، ٢٠٠٢: ١٢٩)، پاش گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت و ئامادە بوو بۆ جێبەجێکردن.

## ڕاستگۆی پێوەر:

پێورەی دروست، ئەو پێوەرەیە کە توانای پێوانەکردنی دیاردەیەک یان جیاکارییەکی هەیە کە بۆی دانراوە.(الزوبعي، ، آخرون، ١٩٨٥: ٣٩)

بە مەبەستی بەدواداچوون و سەلماندنی دروستی پێوەرێک وێنەی یەکەمی پێوەرەکەم خستە بەردەم ژمارەیەک لە شارەزایان کە پسپۆڕن لە بوارەکانی پەروەردە و دەروونناسی. (پاشکۆی ٤)، ئەمەش بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بۆچوون و تێبینییەکانیان دەربارەی بڕگەکانی پێوەرەکە لە ڕووی شیاوبوونیان بۆ پێوانەکردنی ئەو شتەی کە گریمانەی پێوانەکدرنی دەکرێت، هەروەها چاککردن ئەو بڕگانەی شارەزایئان بە پێویستی دەزانن، بۆ دروستی داڕشتن و گونجانی بڕگەکان لەگەڵ ئاستی سامپڵەکە، لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونی شارەزایان و پشتبەستن بە ڕێژەی ڕێکەوتنی (٧٥٪) یان بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرەکە هەموو بڕگەکان لەسەری یەکدەنگ بوون، بەمەش ڕاستگۆی دەرەکیی پێوەرەکە چەسپێنرا.

**ئەزموونکردنی تاقیکردنەوەی پێشینە:**

بە مەبەستی بەدیهێنانی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە و زانینی ڕوونی بڕگەکانی پێورەکە و ڕوونی ڕێنماییەکانی و ئەوکاتەی دەیخایەنێت بۆ وەڵامدانەوەی، پێوەرەکە لەسەر سامپڵێک جێبەجێ کرا بە سەر (٨٨) خوێندکار بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە خوێندنگای ناوەندی سەفینی کچان.

پاش هەڵچنی وەڵامەکان و ڕێکخستنیان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە، دابەشکردنی بۆ دوو نیوە (44) فۆرمی وەڵامدانەوەی بەرز و (44) فۆرمی وەڵامدانەوەی نزم، بۆ جێبەجیکردنی تاقیکردنەوەی تای (T-test) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ بەکارهێنرا بۆ شیکارکردنی بڕگەکان (منسي،١٩٩٤: ٣٢٢)، بەهای تائی ژمێراو بۆ گەورەتر بوو لە بەهای خشتەکی کە دەکاتە (2.032) لە ئاستی (0.05) بە نمرەی سەربەستی (32)، ئەمەش واتای هەبوونی جیاوازی بەڵگەدارییە لە ناوەندی ژمێرەیی بیرکردنەوەی تێڕامانی، بەمەش بڕگەکان بە جیاکاری دادەنرێت.

دارشتنی بڕگەکان و ڕێنمایی وەڵامدانەوەی ڕوون بوون، ماوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان (٤٥) خولەک بوو، کە بە کاتێکی گونجاو دادەنرێت.

**جێگیری پێوەرەکە:**

بۆ ساغکردنەوەی جێگیری پێوەرەکە، توێژەر پشتی بەستووە بە هاوکێشەی (ئەلفا-کرۆنباخ)، پاش گرتنەبەری ڕێوشوێنی مامەڵەکردن لەگەڵ وەڵامدانەوەی (٨٨) فێرخوازی کچ (سامپڵی ئیستطلاعی بۆ پێوەرەکە) دەرکەوت کە هاوکێشەی جێگیری دەکاتە (0.82)، ئەمەش هاوکێشەیەکی جێگیری باشە (علام، ٢٠٠٦: ٢٢٩) بەمەش پێوەرەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت و ئامادە بوو بۆ جێبەجێکردن، کە (٣٠) بڕگەی لە خۆگرتبوو.

## ٥-ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنەکە چوارچێوەی توێژینەوەکەیە:

ئەمەش لە ڕێگەی پابەندبوون بە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لە کتێبی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان)دا هاتووە کۆنترۆڵکراوە. لە چوارچێوەی ئەو کتێبەی بۆ خوێندن دەستنیشانکراوە بۆ فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) وەک یەک، سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لە ڕێکخستنی بابەتەکە و پرۆگرامکردنی و وتنەوەی لەنێوان تاکەکانی هەر دوو کۆمەڵەکە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**٦-ماوەی تاقیکردنەوەکە:**

دەکرێت کاتی تاقیکردنەوەی دەستکەوت هەژمار بکرێت بە (کۆکردنەوەی ئەو کاتەی کە لای خێراترین فێرخواز خایەندویەتی) + (خاوترین کات کەلای فێرخوازخایەندویەتی)،

دابەشـــکردنی بەســـەر دوودا بۆ دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی، ســـەرباری شـــیکردنەوە ئامارییەکانی پێشوو بەپێی کاتی وەڵامدانەوەی بڕگەی تاقیـ...ـکردنەوەکـ...ـە، تۆمارکردنی کـ...ـاتی خایەنـ...ـراوی یەکـ...ـەمین فێـ...ـرخـ...ـواز کە (خێراترین فێرخوازە) کە وەڵامی داوەتەوە بە (٦٠) خولەک بووە، کاتی خایـــەنراوی دوا فێـــرخواز (خاوترین فێرخواز) وەڵامی داوەتەوە بە (٧٠ خولەک) یان زیاتر بووە، واتە ناوەندی ژمێرەیی کاتی خایەنراو دەکاتە(٦٥)خولە، ئەمەش کاتی دیاریکراوی وەڵامدانەوەیەکەیە لە تاقیکردنەوەکەدا، لە ڕێی تـاقیکردنـەوەی پێشـــینـەوە (الاســـتطلاعیـە) دەرکـەوتووەکـە بڕگـەکـانی تـاقیکردنـەوە و ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوە ڕوون بوو بۆ فێرخوازان و لێی تێگەیشتوون.

ماوەی تاقیکردنەوەکە (ماوەی وانە وتنەوەکە) دیاری کردووە، بۆ کچە فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) بە (٣) مـانـگ بە تێکڕای (٢٤) بەشـــە وانەی هەفتانە. واتە بە کۆی (٧٢) بەشە وانە بۆ هەر کۆمەڵەیەک لەو دوو کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی یەکسان ئەمەش گۆڕاوەکان کۆنترۆڵکراون.

### ٧-هەستان بە پرۆسەی وانە وتنەوەوە:

توێژەر وانەکەی وتووەتەوە بە فێرخوازانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە ڕێگەی نەخشـــە و هێڵکاری ئیشـــیکاوەوە لە مانگی (٢) ســـاڵی (٢٠١٥) بۆ ماوەی ٣ مانگ، وتنەوەی وانەی بە فێرخوازانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگە ئاسایی و باو بووە، ئەمەش لە پێناو ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی گۆڕاوەکان لەسەر دەرەنجامی ئەزموونەکە.

## ٨-هاوکێشەی دەستنیشانکردنی ئاسانی و قورسی:

لە سـیفەتەکانی تاقیکردنەوەی باش بریتییە لە گرتنەبەری ڕێوشـوێنی پرۆسـەی شـیکاری ئاماری بۆ بڕگەکان بە مەبەستی زانینی:

یەکەم: هاوکێشەی دەستنیشانکردنی بەهای ئاسانی و قورسی، لە میانەی پلەی بڕگەکەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە قورســـییەکەی و ڕێکخســـتنی بەپێی ئەوقورســـییەی کە هەیە، لە کاتێکدا پەیوەندی لە نێوان ئاسانیدا ڕاستەوخۆیە، هەروەک لەمەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

دەستنیشـانکردنی بەهای ئاسـانی + دەسـتنیشـانکردنی بەهای قورسـی = ١ (١ دروسـت).

دەستنیشانکردنی بەهاکانی ئاسانی

بۆ هەر بڕگەیەک بە دەست دەهێنرێت بەپێی ئەم یاسایە:

$$\text{دەستنیشانکردنی بەهای ئاسان} = \frac{\text{ژمارەی ئەو ئەندامانەی وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە بۆ هەر بڕگەیەک}}{\text{ژمارەی گشتی ئەندامەکان/ بەشداربوان}} \times 100$$

بەلام دەستنیشانکردنی بەهای قورس = ژمارەی ئەوانەی وەلامی هەڵەیان داوەتەوە بۆ هەموو بڕگەکان × 100

ژمارەی گشتی بەشداربوان

**(النور:٢٠٠٧: ٢٠٩ )**

ئەگەر بڕگەکان دەرکەوتن هاوکێشــەی دەســتنیشــانکردنی ئاســانیان کەمترە لە (٨٠%) هاوکێشــەی دەستنیشانکردنی قورسی زیاتر لە (٢٠%).

دووەمیان: هاوکێشـــەی جیاکردنەوەی نێوان ئەوانەی نمرەی بەرزیان بەدەســـتهێناوە لە وانەی نمرەی نزمیان بەدەستهێناوە لە هەمان تاقیکردنەوەدا، لە میانە ی گرتنەبەری شیکاری ئاماریدا بەم شێوەیە:

هاوکێشەی جیاکاری = کۆی وەڵامە دروستە باڵاکان - کۆی وەڵامە ڕاستە نزمەکان 100 ×

ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەیەک

**(ملحم:٢٠٠٥: ٢٣٩)**

هاوکێشەی دەستنیشانکردنی بەهای جیاکردنەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە زیاترە لە (٣٠%)

**خشتەی (١٠)**

**هاوکێشەی ئاسانی و قورسی و جیاکاری و پێوەری ئەنجامگیری**

| برگە | هاوکێشەی دەرخستنی | | | برگە | هاوکێشەی دەرخستنی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاسان | قورس | جیاکاری / جیاوازی | | ئاسان | قورس | جیاکاری / جیاوازی |
| 1 | 64. | .36 | 60. | 14 | 63. | 37. | 45. |
| 2 | .55 | 45. | 56. | 15 | 52. | 48. | 55. |
| 3 | 70. | 30. | 55. | 16 | 60. | 40. | 68. |
| 4 | 61. | 39. | 60. | 17 | 70. | 30. | 47. |
| 5 | 48. | 52. | 34. | 18 | 60. | 40. | 48. |
| 6 | 56. | 44. | 50. | 19 | 56. | 44. | 65. |
| 7 | 35. | 65. | 55. | 20 | 47. | 53. | 56. |
| 8 | 34. | 66. | 48. | 21 | 46. | 54. | 61. |
| 9 | 71. | 29. | 56. | 22 | 46. | 54. | 57. |
| 10 | 67. | 33. | 42. | 23 | 64. | 26. | 55. |
| 11 | 68. | 32. | 40. | 24 | 64. | 36. | 62. |
| 12 | 66. | 24. | 44. | 25 | 57. | 43. | 62. |
| 13 | 58. | 42. | 60. | | | | |

## ٣-٦: دروستی ناوەکی و دەرەکی لە دیزاینی توێژینەوەکدا:

گومانی تێدانییە بەدەستهێنان و گەیشتن بە دیزاینی ئەزموونی دەگاتە پلەی کامڵ بوون لە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستندا، بە جۆرێک هەموو مەرجەکانی دروستی ناوەکی و دەرەکی لە مەیدانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا تێدا بێتەدی، ئومێدێک کە توێژەران هەیانە و چاویان تێبڕیوە و هەوڵ دەدەن پێی بگەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پاراستن و دروستی دیزاین، واتە گرەنتی بنەڕەتی بۆ گەیشتن بە چەند دەرەنجامێکی باوەڕپێکراو، هەروەک چۆن لە تایبەتمەندێتییەکانی ئەرکەکەیە کە دەبێت تیایدا هەبن.(**عباس وآخرون: ٢٠٠٩: ١٧٤**)

توێژەر هەوڵی داوە بۆ دەستخستنی دروستی ناوەکی و دەرەکی بۆ دیزاینی توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

### آ- دروستی ناوەکی:

پاراستن و سەلامەتی ناوەکی بۆ دیزاین دەستەبەر دەبێت، کاتێک توێژەر دڵنیابێت لەوەی زاڵبووە بەسەر ئەو هۆکارانەی خزێنراونەتە ناو ئەزموونەکەوە، بە شێوەیەک هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گۆڕاوەکە دانەناوە، کە شوێنکەوتەی ئەو شوێنەرانە نییە کە خودی گۆڕاوەکە دروستی کردووە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ، هۆکارە خزێنراوەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە کۆنترۆڵکراون:

#### - بارودۆخی ئەزموونەکە و ئەو ڕووداوانەی بە شوێن خۆیدا هێناونی:

توێژەر بە شێوەیەکی زۆر شیلگیرانە هەوڵیداوە بۆ بەردەستخستنی بارودۆخی فیزەکی و دەروونی بۆ فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە درێژایی ئەزموونکردنەکە، فێرخوازان تووشی هیچ پێشهات و ڕووداوێکی کتوپڕ نەهاتوون شایانی باس کردن بێت، هەروەک چۆن هەبوونی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە پاڵ کۆمەڵەی ئەزموونی لە هەمان قوتابخانەدا، گرەنتییەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم هۆکارە لەسەر ئەزموونی توێژینەوەکە.

#### - ئەو پرۆسانەی پەیوەستن بە پێگەیشتنەوە:

پشتبەستن بە ڕێگای هەڕەمەکی لە دابەشکردنی فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەکەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی گۆڕانکاریی تەمەنی کاتییان و گرتنەبەری ئەزموونەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، لەژێر بارودۆخێکی لێکچوو، پرۆسەکانی پەیوەست بە گەشەکردن و پێگەیشتن هەموو کاریگەرییەکانیان لەکارخران لەسەر ئەزموونی توێژینەوەکە، چونکە بۆ ئەندامانی هەر دوو کۆمەڵەکە ، هەلی گەشەکردن و پێگەیشتن بەهەمان ئەندازە بەردەست دەخات.

#### - ئامرازەکانی پێوانەکردن و گرتنەبەری تاقیکردنەوەی پێشینە:

توێژەر، تاقیکردنەوەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی جێبەجێ کردووە لەگەڵ فێرخوازانی هەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا و لەژێر هەلومەرجێکی فیزەکی و دەروونی بەپێی توانا، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: کە ئەم هۆکارە کاریگەرییەکەی لەسەر ئەزموونی توێژینەوەکە پەکخراوە و نەماوە.

#### - جیاوازییەکان لە ئەزموونەکەدا:

بەکارهێنانی شێوازی هەڕەمەکی لە هەڵبژاردن و دابەشکردنی تاکەکانی/ ئەندامەکانی هەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، سەرەڕای هاوتاییان لە گۆڕاوەکاندا، کە لەسەر

ئەنجامەکانی ئەزموونەکە کاریگەری دەبێت، وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێدا، کاریگەری ئەم هۆکارەی لەسەر ئەزموونکردنەکە نەهێشتووە و پەکی خستووە.

### ب- دروستی دەرەکی:

بریتییە لە پـاراســـتنی دەرەکی بە ئەنـدازەی نوانـدنی ئەنـدامـانی ئەزموونکردنەکە بۆ کۆمەڵەیەکی گەورە، کە سەر بەو کۆمەڵەیەیە، ئەندازەی توانای گشتاندنی دەرەنجامەکانی ئەزموونەکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم سەلامەتی و پاراستنە، توێژەر ئەم هۆکارانەی بە ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵیکردوون:

**- کارلێکی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ خۆبەکەنارگرتنی تاقیکردنەوەکە:**

دەســـتنیشـــانکردنی تاکەکانی ســـامپڵی توێژینەوەیەک بە شـــێوەیەکی هەڕەمەکی و دابەشـــکردنی بەســـەر دوو کۆمەڵەدا بە شـــێوەیەکی هەڕەمەکی، گرتنەبەری هاوتایی لە نێوانیاندا لە گۆڕاوەکان، کە بە شـــێوەیەکی نیگەتیڤانە کاریگەری لەســـەر دەرەنجامەکانی ئەزموون و تاقیکردنەوەکە نەبێت، کاریگەری ئەم هۆکارەی سنوردار کردووە.

**- کاریگەری ڕێوشوێنە ئەزموونییەکان:**

وانەوتنەوە بە ئەندامانی هەر دوو گروپەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە لایەن توێژەرەوە، بە هەمان پلە لە چاودێریکردن و گرنگی پێدان و شـــیلگیربوون لەگەڵیان، ناســـاندنی توێژەرەکە لە لایەن بەڕێوەبەر و دەســـتەی کـارگێڕی قوتـابخـانەکەوە وەک یەکێک لە مامۆستاکان، وە پاراستنی دۆخی قوتابخانەکە لە لایەن توێژەرەوە بە شێوەیەکی ئاسایی بە درێژایی مـاوەی ئەزموونکردنەکە، زیـادەڕۆیینەکردن لە ئەزموونکردنەکەدا و بە زۆر ســـەپاندنی لە بەردەم خوێندکارەکاندا، یارمەتیدەر بووە لە پەکخســـتنی ئەم کاریگەرییە نێگاتیڤاکان کە دەکرا لەسەر ئەزموونەکەدروست ببێت.

**- کاریگەری فرەیی لە گۆڕاوە سەربەخۆکاندا:**

پشـتبەســتنی ئەزموونەکە لەســەر دیزاینێک تەنها دوو گۆڕاوی ســەربەخۆ لەخۆ دەگرێت ئەوانیش (تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی، تاقیکردنەوەی دەســـتکەوتی خوێندن)ە، ڕێکخســـتن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکـانی تر و هۆکـارە خزێنراوەکـان، کـاریگەری ئەم هۆکارەیان مایە پوچکردووە.

## ٣-٧: ئامڕازە ئامارییەکان:

بۆ شیکردنەوەی داتان و دەرهێنانی ئەنجامی توێژینەوەکە بە لە بەرچاوگرتنی ئامانجەکان و گریمانەکان ئەم ئامڕازە ئامارییانە بەکار هاتوون:

**١– هاوكێشـــەی پێرســـۆن (دووبارەكردنەوەی تاقیكردنەوە) بۆ دەرهێنانی جێگیری تاقیكردنەوەكانی بیركردنەوەی تێڕامانی و دەستكەوت:**

$$ر = \frac{\text{ن مج س ص - (مج س) (مج ص)}}{[\text{ن مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}]\,[\text{ن مج ص}^{٢} - (\text{مج ص})^{٢}]}$$

بە شێوەیەک كە:

ر= هاوكێشەی پێرسۆن

س= گروپی ئەزموونی

ص= گروپی كۆنترۆڵكراو

ن= ژمارەی خوێندكاران

**٢– تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو سامپڵی پەیوەست بەیەكتر بۆ سەلماندنی ڕاستێتی هەندێ لە گریمانە سفرییەكان لە توێژینەوە و دەرهێنانی ئەنجامەكان:**

$$\text{ت} = \frac{\bar{\text{ف}}}{\frac{\text{ع ف}}{\text{ن}}}$$

بە شێوەیەک كە:

ف: ناوەندی ژمێرییە بۆ جیاكاریكردنی نێوان دوو هێماكە.

ع ف: لادانی پێوەرییە بۆ جیاوزییەكان

ن: ژمارەی تاكەكانی سامپڵەكەیە. **(عباس و اخرون: ٣٣٢:٢٠٠٩)**

**٣– تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ بۆ سەلماندنی (پشكنین و دەرخستنی) دروستی هەندێ لە گریمانە سفرییەكانی تایبەت بە لێكۆڵینەوە و دەرهێنانی دەرەنجامەكان:**

$$\text{ت} = \frac{\bar{\text{س}}_1 - \bar{\text{س}}_2}{\sqrt{\text{ع}^2\left(\frac{1}{\text{ن}_1} + \frac{1}{\text{ن}_2}\right)}}$$

$$\text{حيث ان: } \text{ع}^2 = \frac{(\text{ن}_1-1)\,\text{ع}_1^{\,2} + (\text{ن}_2-1)\,\text{ع}_2^{\,2}}{\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2}$$

بەشێوەیەک کە:

ع: لادانی پێوەریی هاوبەشی دوو سامپڵەکەیە.

ع١: لادانی پێوەرییە بۆ سامپڵی یەکەم.

ع٢: لادانی پێوەرییە بۆ سامپڵی دووەم

ن١: ژمارەی تاکەکانی سامپڵەکانی یەکەمە

ن٢: ژمارەی تاکەکانی سامپڵی دووەمە.

**(عباس و ئەوانی تر: ٢٠٠٩: ٣٢٨)**

**٤- چوارگۆشـــەی (کـای) بۆ بەراوردکردنی دووبـارە بووەوە چـاوەڕوانکراوەکـان و تێبینیکراوەکان، بۆ دۆزینەوەی هاوتایی لە نێوان دوو کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکەدا لە تاقیکردنەوەی کۆتاییدا بۆ دایبابان:**

$$\text{كا}^2 = \text{مج}\ \frac{(\text{ل} - \text{ق})^2}{\text{ق}}$$

بە شێوەک کە:

کا٢: چوارگۆشەی کای.

ل: دوبارەبونەوەی بینراو.

ق: دوبارەبوونەوەی چاوەڕوانکراو.

**(تۆفیق و زکریا: ١٩٧٧: ٢٩٣)**

# ٤:بەشی چوارەم
# دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنیان
Conclusions

٤-١: دەرئەنجامی توێژینەوەکە

٤-٢: خستنەڕووی دەرئەنجامەکان

٤-٣: دەرئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە

٤-٤: : ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

٤-٥: پێشنیازی توێژینەوەکە

## ٤:بەشی چوارەم
## دەرئەنجامی توێژینەوەکە
### ٤-١:دەرئەنجامی توێژینەوەکە (Research Result):

لەم بەشـــەدا هەموو ئەو دەرئەنجامە دەخرێنە ڕوو، لە ڕێگەی پشـــکنین و دڵنیابوون لە گریمانە ســـفرییەکان، لێکدانەوەی ئەنجامەکان و پاشـــان خســـتنەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان.

### ٤-٢:خستنەڕووی دەرئەنجامەکان (Explanation of the result):

دەرئەنجامەکان دەرخرێنە ڕوو لەســەر بنەمای ئەو گریمانانەی کە پێشــتر داڕێژراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

توێژەر ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێودانگی بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە دۆزییەوە بە بەکـارهێنـانی تـاقیکردنەوەی تی (T) بۆ دوو کۆمەڵەی ســـەربەخۆی یەکســـان و ئەنجامەکان خرانە ڕوو:

**گریمانەی یەکەم**

**خشتەی ژمارە (١١)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی دەستکەوت لەنێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینە**

| گۆڕاو | گرووپی ئەزموونی ن= 25 | | گرووپی کۆنترۆڵکراو ن=25 | | بەهای t | | * ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س̄ | ±ع | س̄ | ±ع | ژمێردراو | خەشتەکی | |
| دەستکەوت (دەستکەوت) | 24.36 | 4.58 | 20.84 | 5.98 | 2.34 | 2.02 | مەعنەوی |

*نمرەسی سەربەستی (48). ئاستی ئامژەیی (0.05)

لە خشـــتەی (١١) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکســـانە بە (2.34)، کە بەهاکەی کەمێک گەورەترە لە بەهای خشـــتەکی (2.02)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی ئاماژەی مەعنەویی زۆر کەمە لە نمرەی تاقیکردنەوەی پێشـــینە و پاشـــینەی تـاقیکردنەوەی دەســـتکەوت گرووپی کۆنترۆڵکراو، ڕەتکردنەوەی گریمـانەی (١)، ئەمەش

دەلالەت لەوە دەکات کە فێرخوازانی ئەم گروپە گۆڕانێکی زۆر کەم ڕووی داوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بە جۆرێک دەتوانین کە بڵێن هەر نییە.

- بوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاستی ئاماژەی (0.05) بە تێکڕایی ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی پراکتیزەکراوی پاشینە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکانیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێڵکاری ئیشیکاوەوە خوێند بوو، لە چوارچێوەی فێربوونی هاریکاری بە گروپ، فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بەپێی ڕێگەی ئاسایی وانەیان وەرگرتبوو.

**گریمانەی دووەم**

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێڕامانی لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشینە**

| گۆڕاو | گروپی ئەزموونی ن= 25 | | گروپی کۆنترۆڵکراو ن=25 | | بەهای t | | *ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س̄ | ±ع | س̄ | ±ع | ژمێردراو | خەشتەکی | |
| بیرکردنەوەی تێڕامانی | 21.20 | 2.29 | 19.00 | 2.99 | 2.92 | 2.02 | مەعنەوی |

*نمرەی سەربەستی (48). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشتەی (١٢) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکسانە بە (2.92)، کە بەهاکەی گەورەترە لە بەهای خشتەکی کە (2.02)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی ئاماژەی مەعنەویی هەیە لە نمرەی تاقیکردنەوەی پاشینەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕمانی فێرخوازەکانی هەر دوو گروپەکە، ڕەتکردنەوەی گریمانەی (٢)، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات، کە فێرخوازان سوودیان لە ئەزموونەکە بینیوە و ئاماژەیە بۆ چالاکیی ستراتیژەکە.

**گریمانەی سێیەم**

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێرامانی لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو**

| گۆڕاو | پێشینە ن= 25 | | پاشینە ن= 25 | | بەهای t | | *ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س̄ | ±ع | س̄ | ±ع | ژمێردراو | خەشتەکی | |
| بیرکردنەوەی تێرامانی | 18.88 | 3.28 | 19.00 | 2.99 | 0.413 | 2.06 | عشوائي |

* نمرەی سەربەستی (24). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشـــتەی (١٣) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکســـانە بە (0.413)، کە بەهاکەی بچووکترە لە بەهای خشتەکی کە (2.06)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی ئاماژەی مەعنەویی کەم هەیە لە نمرەی تاقیکردنەوەی پێشـینە و پاشـینەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامـانی فێرخوازەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو، ڕەتکردنەوەی گریمـانەی (٣)، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە فێرخوازانی ئەم گروپە گۆڕانێکی زۆر کەم ڕووی داوە لە بێرکردنەوەی تێرامانی بە جۆرێک دەتوانین کە بڵێن هەر نییە.

– نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاســتی دەلالەی (0.05) بە تێکڕایی نێوان ناوەندی جیـاوازی نمرەکـانی هـەر دوو پراکتیزەکردنی پێشـــینـە و پاشـــینـە لـە تـاقیکردنـەوەی بیرکردنەوەی تێرامانی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە خوێندنیان بەپێی شـێوازی باو (ئاسایی) وەرگرتبوو.

## گریمانەی چوارەم

### خشتەی ژمارە (١٤)

**دەرئەنجامی بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی تێڕامانی لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ گروپی ئەزموونی**

| گۆڕاو | تاقیکردنەوەی پێشینە ن= 25 | | تاقیکردنەوەی پاشینە ن= 25 | | بەهای t | | ئاماژە * |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | س̄ | ±ع | س̄ | ±ع | ژمێردراو | خشتەکی | |
| بیرکردنەوەی تێڕامانی | 17.00 | 2.63 | 21.20 | 2.29 | 7.63 | 2.06 | مەعنەوی |

* نمرەی سەربەستی (24). ئاستی ئاماژەیی (0.05)

لە خشـــتەی (١٤) ڕوون دەبێتەوە کە بەهای (ت)ی ژمێردراو یەکســـانە بە (7.63)، کە بەهاکەی گەورەترە لە بەهای خشتەکی کە (2.06)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی ئاماژەی مەعنەویی هەیە لە نمرەی تاقیکردنەوەی پێشـــینە و پاشـــینەی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێڕامـانی فێرخوازەکـانی گروپی ئەزموونیدا، ڕەتکردنەوەی گریمـانەی (٤)، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە فێرخوازان سوودیان بینیوە لە ئەزموونەکە و ئاماژەیە بۆ چالاکیی ستراتیژەکە.

– نەبوونی ئاماژەی ئاماری جیاواز لە ئاســتی دەلالەی (0.05) بە تێکڕایی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی هـەر دوو پراکتیزەکردنی پێشـــینـە و پاشـــینـە، لـە تـاقیکردنـەوەی بیرکردنەوەی تێڕامانی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە خوێندنیان بەپێی شێوازی باو (ئاسایی) وەرگرتبوو.

## ٤-٣:دەرئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە:

- لە ئەنجامی زانیارییە ئامارییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی ئەو هێلکارییانەی کە گرنگن بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە و دەستکەوت، وا لە فێرخوازان دەکەن کە چالاک دەبن و توانای بیرکردنەوەیان فراوانتر دەبێت.
- فێرخوازانی گروپی ئەزموونی بە شێوەیەکی گشتی ئامادەییان هەبووە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە بابەتەکانی مێژوو، زیاتر لەوەی کە حەز بە لەبەرکردن بکەن.
- فێرخوازانی گروپی ئەزموونی بەهۆی بیرکردنەوەی تێڕامانییەوە دەتوانن شیکردنەوە بۆ دیاردە مێژووییەکان بکەن و هۆکاری ئەو دیاردانە و ڕوودانیان و ئەگەرەکانی تری ئەو دیاردانە لێک بدەنەوە.
- ڕێگا باوەکانی وانەوتنەوە، ڕۆڵێکی خراپیان هەیە لە لاوازکردنی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی تێڕامانی، فێرخوازان بۆ لەبەرکردن هان دەدەن، بەبێ ئەوەی کە فێرخواز هیچ لە بابەتە مێژووییەکان تێگەیشت بێت و بزانێت هۆکاری ڕوودانی دیاردە و ڕووداوە مێژووییەکان چین.
- دەستکەوتی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی بەهۆی بیرکردنەوەی تێڕامانییەوە، زیاترە و گەورەترە لە دەستکەوتی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆلکراو کە بە ڕێگەی باو بابەتەکەیان خوێندووە.

## ٤-٤: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

- پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، زیاتر گرنگی بەو ستراتیژ و پرۆگرامانە بدەن کە زیاتر مێشکی فێرخوازان چالاک دەکەن.
- پێویستە بەردەوام وۆرکشۆپ بۆ مامۆستایانی مێژوو بکرێتەوە، لە هێلکاری و پرۆگرامەکانی تایبەت بە بیرکردنەوەی تێڕامانی ئاگادار بکرێنەوە و فێر بکرێن.
- چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و بابەتانەی کە گرنگی بە بیرکردنەوەی تێڕامانی دەدەن لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.
- هێنانی پسپۆڕ و کەسانی شارەزا لە وڵاتانی تر بۆ پەرەپێدانی ئەم بوارە.
- زیادکردنی وانەیەکی تر کە گرنگی بدات بە بیرکردنەوە، بەتایبەت وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، چونکە ئێستا لە گشت وڵاتە پیشکەوتووەکان گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدرێت.

**٤-٥: پێشنیازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەی ئێستا هەندێ پێشنیاز دەکات بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو:

- کاریگەری بەکارهێنانی نەخشــە هێڵکارییەکان لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامانی لە لای فێرخوازان لە بابەتەکانی دیکەدا.
- ئــاســــتەکــانی بیرکردنەوەی تێرامــانی لە لای فێرخوازانی بنەڕەتی لە بــابەتی زانستەکاندا.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـــێوەی دیکە لە بابەتەکانی تر و لە بوارەکانی تردا بەتایبەت لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیدا کە لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت.

# سەرچاوەکان
# References

# سەرچاوەکان

- **القران الكريم.**

**بە زمانی عەرەبی:**


- إبراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٥): **التفكير من منظور تربوي**، ط١، القاهرة: عالم الكتب.
- أبو جادو، محمد علي صالح و نوفل، بكر محمد (٢٠٠٧): **تعليم التفكير النظرية و التطبيق**، المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- ابو ناجي، سيعد (2002): **اثر استخدام التعلم التعاوني المدعم بالوسائط الفعالة في التدريس العلوم لتلاميذ الصف الاول الاعدادي علي تنمية اتجاهاتهم العلمية**، مجلة كلية التربية، جامعة اسيوط، (17) ، يناير، مصر.
- ابن منظور، جمال الدين ابي الفضل محمد بن مكرم (٢٠٠٣) **لسان العرب**، ط١، دار الكتب العلمية، ج٣، بيروت– لبنان.
- امبو سعيدي، عبدالله بن خميس و البلوشي، سليمان بن محمد (2015): **طرائق تدريس العلوم مفاهيم وتطبيقات عملية**، ط3، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان.
- اسماء، كاظم فندي و ايمان، حسن علي (٢٠١٢): **اثر استخدام خرائط المفاهيم في اكتساب المفاهيم البلاغية لدى طالبات المرحلة الاعدادية**، مجلة الفتح، العدد الخمسون.
- بركات، زياد (2005): **العلاقة بين التفكير التأملي و التحصيل لدى الطلاب الجامعيين و طلاب الثانوية العامة في ضوؤ بعض المتغيرات الديمغرافية**، مجلة العلوم التربوية و النفسية، العدد (4) ، المجلد (6) ، ديسمبر.
- البركاتي، نيفين: ( 2008 ) **أثر التدريس باستخدام إست ا رتيجيات الذكاءات المتعددة في والقبعات الست و K.W.L التحصيل والت ا ربط الرياضي لدى طالبات الصف الثالث المتوسط بمدينة مكة المكرمة**، رسالة دكتوارة غير منشورة– جامعة أم القرى، مكة المكرمة.
- بسام، محمد المشهراوي (٢٠١٠): **الدافع المعرفي و البيئة الصفية و علاقتها بالتفكير التأملي لدى طلبة المرحلة الثانوية في مدينة غزة**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية/قسم علم النفس، جامعة الأزهر -غزة.
- البعلي، ابراهيم عبد العزيز (2006): **وحدة مقترحة في الفيزياء قائمة على الاستقاء لتنمية بعض مهارات التفكير التأملي و الاتجاه نحو المادة لدى طلاب الصف الاول الثانوي**، مصر، مجلة دراسات في المناهج و طرق التدريس، العدد (111).
- التكريتي، وديع ياسين و عبدالعبيدي، حسن محمد (١٩٩٩): **التطبيقات الاحصائية واستخدامات الحاسوب في بحوث التربية الرياضية**، ط١، الموصل.
- توفيق، عبدالجبار، زكريا ثنا سيوس (1997): **الاحصاء الوصفي و الاستدلالي**، ط1، دار الكتب للنشر، جامعة البصرة- العراق.
- الثقفي،عبد الله و الحموري، خالد و عصفور، قيس (٢٠١٣): **القيم الاجتماعية و علاقتها بالتفكير التأملي لدى طالبات قسم التربية الخاصة المتفوقات أكاديميا و العاديات في جامعة طائف**، المجلة العربية لتطوير التفوق العدد ٦.

- جابر، عبدالصـــميد جابر (2003): **الذكاءات المتعدة و الفهم تنمية و تعميق**، ط1، دار الفكر العربي، القاهرة-مصر.
- جامل، عبدالرحمن عبدالسلام (2002): **طرائق التدريس العامة و مهارات تنفيذ و تخطيط عملية التدريس**، دار المناهج، عمان، الاردن.
- جروان، فتحي عبد الرحمن (٢٠١٣): **التفكير مفاهيم وتطبيقات**، ط٦، دار الفكر العربي، عمان.
- جروان، فتحي (١٩٩٩): **تعليم التفكير**، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع، ط١.
- جمل، محمد جهاد (2005): **العمليات الذهنية و مهارات التفكير**، ط1، العين ، دار الكتاب الجامعي، الامارات العربية المتحدة.
- جونســـون، ديفيد و جونســـون روجر (1998): **التعلم الجماعي و الفردي: التعارف و التنافس و الفردية**، ط1، عالم الكتب، القاهرة-مصر.
- الحيلة، محمود محمد (2002): **تكنولوجيا التعليم من اجل تنمية التفكير بين القول و الممارسة**، ط 1، المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- الحيلة، محمود محمد (٢٠٠٢) **مهارات التدريس الصـفي**، دار المسـيرة للنشـر والتوزيع والطباعة، عمان- الاردن.
- الحيلة، محمد محمود (2001): **طرائق التدريس و اســتراتيجياته**، دار الكتاب الجامعي، الامارات المتحدة.
- حصه، بنت حسن حاسن الحارثي(٢٠١١): **أثر ألسئلة السابرة في تنمية التفكير التأملي والتحصـيل الدراسـي في مقرر العلوم لدى طالبات الصـف ألول المتوسـط في مدينة مكة المكرمة**، رســالة ماجسـتير غير منشــورة، كلية التربية، قسـم المناهج وطرق التدريس، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.
- حمود، أحلام علي (2013): **استقصاء فعالية كل من إستراتيجية التفكير بصوت مرتفع وإستراتيجية عظم السمكة في تنمية الإستدلال العلمـــــــي للطلاب وتحصيلهم للمعرفة العلمية**، مجلة الاستاذ، العدد 206.
- الخالص، بعاد محمد (2008): **اثر تنمية التفكير التأملي لمعلمات رياض الاطفال باستخدام المنحي الروائي في تصـــميم البيئة التعلمية و ذكاءات الاطفال المتعددة**، رســالة دكتوراه غير منشورة، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية، الاردن.
- الخليلي، امل (2005): **الطفل و مهارات التفكير**،ط1، دار صـفاء للنشـر و التوزيع، عمان، الاردن.
- خضر، فخري رشيد(٢٠٠٦): **طرائق تدريس الدراسات الاجتماعية**، ط١، دار المسيرة، عمان– الاردن.
- خطاب، محمد (1989): **التعلم التعاوني، التعاون داخل الصــــف وخارجه (دائرة التربية والتعليم**، الأونروا، وكالة الغوث الدولية، الأردن.
- الدبسي، احمد (2012): **اثر استخدام استراتيجية عظم السمك في تنمية المفاهيم العلمية في مادة العلوم**، دراسة منشورة في مجلة جامعة دمشق، الملجد 28، العدد الثاني، سوريا.

- رزق دياب، سـهيل (٢٠٠٠): **تعليم مهارات التفكير وتعلمها في منهاج الرياضـيات**، جامعة القدس المفتوحة، قدس.
- ريان، محمد هاشـم (2005): **اسـتراتيجيات التدريس لتنمية التفكير و حقائب تدريسـية**، ط1، مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- الريامي، سعود و أبوحرب، يحيى و الموسوي، علي بن شرف، أبو جبين، عطا (٢٠٠٤): **الجديد في التعلم التعاوني لمراحل التعليم والتعليم العالي** .ط ١، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع ،الكويت.
- زيتون، كمال عبدالحميد (2009): **التدريس نماذجه و مهارته**، ط1، عالم الكتب، القاهرة.
- زلوم، عزيزة .(٢٠٠٠م): **أثر استخدام طريقة خرائط المفاهيم في تحصيل طلبة الـصف التاسـع الأساسـي لبعض المفاهيم الكيميائية المتعلقة بموضوع الماء في حياتنا**، دراسة ماجستير غير منشورة .كلية التربية ، جامعة القدس.
- الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم (1985): **الاختبارات و المقياس النفسية**، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة موصل- العراق.
- السـامرائي، هاشـم، و القاعود، ابراهيم، و عزيز، صـبحي خليل، و المومني، محمد عقله (2000): **طرائق التدريس العامة و تنمية التفكير**، ط2، اربد، دار الامل، الاردن.
- سعاد، جبرسعيد (٢٠٠٨): **سيكولوجية التفكير و الوعي بالذات**،علم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، ط١، عمان.
- السلطي، ناديا سميح (٢٠٠٤): **التعلم المستند الى الدماغ**، دار المسيرة للطباعة والنشر، عمان.
- سـعادة، جودة أحمد (٢٠١١): **تدريس مهارات التفكير مع مئات األمثلة التطبيقية**، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- سـعادة، جودت أحمد(٢٠٠٨): **تدريس مهارات التفكير مع مئات الامثلة التطبيقية**،ط١، دار الشروق للنشر و توزيع،رام الله.
- سعادة، جودت احمد، و عقل، خواز، و زامل، مجدي، و اشتية جميل، و ابو عرقوب، هدى (2006): **التعلم النشط بين النظرية و التطبيق**، ط1، عمان، الاردن، دار الشروق.
- سـعيد، عبد العزيز**تعليم التفكيرو مهاراته ( تدريبات وتطبيقات عملية)**,ط٢ .عمان ,دار الثقافة للنشر والتوزيع.اء للنشر والتوزيع.
- سمارة، عزيز (2001): **مباديء القياس و التقويم في التربية**، ط2، دار الفكر للنشـر و التوزيع، عمان-الاردن.
- السـعدني، عبجالرحمن محمد (١٩٩٣): **فاعلية اسـتخدام اسـلوب التعلم التعاوني على تحصـيل تلاميذ الصـف الاول الاعدادي في العلوم و دافعيتهم للانجاز**، مجلة كلية التربية تصدر عن كلية التربي- جامعة طنطا، العدد الثامن عشر.
- شـبر، خليل إبراهيم (١٩٩٧): **فاعلية اسـتخدام خريطة المفاهيم كمنظم متقدم في تعلم مادة العلوم** ، المجلة التربوية ، جامعة الكويت عدد ١١.
- شـحاتة، حسـن و النجار، زينب و عمارة حامد (2003): **معجم المطلحات التربوية و النفسية**، ط1، الدار المصرية اللبنانية، مصر.

- الصيفي، عاطف (2009): **المعلم و استراتيجيات التعليم الحديث**، ط1، دار اسامة للنشر، عمان، الاردن.
- الظاهر، زكريا احمد و تمرجيان، جاكلين و عبدالهادي، عزت (1999): **مباىء القياس و التقويم في التربية**، ط1، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.
- العاني، ســـناء و الجمل، محمد جهاد (2006): **التفكير النقدي، مهارة القراءة و التفكير المنطقي**، ط2، العين، الامارات العربية المتحدة.
- عباس، محمود خليل (2007): **مدخل الى مناهج البحث في التربية و علم النفس**، ط1، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان-الاردن.
- عبدالهادي، نبيل (٢٠٠٢): **المدخل الى القياس والتقويم التربوي: و اســتخدامه في مجال التدريس الصفي**، ط2، دار وائل للنشر والتوزيع عمان- الاردن.
- عبدالهادي، نبيل و مصـطفى، نادية (2001): **التفكير عند الاطفال**، ط1، دار صـفاء للنشـر والتوزيع، عمان-الاردن.
- عبدالوهاب، فاطمة (٢٠٠٥): **فاعلية اســتخدام بعض اســتراتيجيات ماوراء المعرفة في تحصـــيل الفيزياء و تنمية التفكير التأملي و الاتجاه نحو اســتخدامها لدى طلاب الصـــف الثاني الثانوي الازهري**، الجمعية المصـــرية للتربية العلمية، مجلة العلمية، المجلد الثامن، العدد الرابع، كلية التربية، جامعة عين شمس – العباسية.
- عبادة، أحمد(بدون ســـنة): **الحلول الإبتكارية للمشـــكلات النظرية والتطبيق**، دار الحكمة للنشر و التوزيع، بدون طبع، بحرين.
- العجيلي، صباح حسين (1990): **القياس و التقويم**، دار الحكمة، بغداد-العراق.
- العزاوي، رحيم يونس كرو (2007): **المنهل في العلوم التربويـة: القيـاس و التقويم في العملية و توجيهاته المعاصرة**، ط1، دار الفكر العربي، القاهرة- مصر.
- عزيز، احمد شـــهاب (٢٠١٠): اثر اســـتخدام التعليم التعاوني اســـتراتيجية Jigsaw في تحصيل طلاب الصف الاول معاهد اعداد المعلمين في مادة الرياضيات، مجلة أبحاث كلية التربية الاساسية، المجلد ١٠، العدد ١.
- علام، صلاح الدين (2000): **القياس و التقويم التربوي و النفسي: أساسياته و تطبيقاته و توجيهاته المعاصرة**، ط1، دار الفكر العربي، القاهرة-مصر.
- عودات، ميسـر حمدان (2006): **اثر اسـتخدام طرائف الصـف الذهني و القبعات السـت و المحاضـرة المفعلة في التحصـيل و التفكير التأملي لدى الصـف العاشـر في مبحث التربية الوطنية و المدنية في الاردن**، رســـالة دكتوراه غير منشـــورة، جامعة اليرموك، اربد، الاردن.
- عطا الله، ميشيل كامل (٢٠٠١) **طرق واساليب تدريس العلوم**، ط١، دار المسيرة ، عمّان، الاردن.

- الفتلاوي، جؤذر حمزة كاظم و هادي، ثابت كامل (٢٠١٤): **أثر مهارات التفكير التأملي في الأداء التعبيري لدى طلاب الصف الرابع العلمي**، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية / جامعة بابل، العدد/١٨.
- فهمي، محمد سيد ( ٢٠٠٠ ): قواعد البحث في الخدمة الاجتماعية، القاهرة،دار الهناء.
- قاسم علي الصراف(2002):**القياس والتقويم في التربية والتعليم**، دار الكتاب الحديث الإمارات، دون طبعة.
- القاعود، إبراهيم عبد القادر (١٩٨٤): **اثر طريقتي تدريس حل المشكلات والتقليدية وجنس المتعلم في تحصيل طلبة الصف الأول الثانوي الأكاديمي واحتفاظهم في مادة الجغرافيا في الأردن**، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الدراسات العليا، الجامعة اليرموك.
- اللقاني ، أحمد و الجمل، علي(١٩٩٦): **معجم المصطلحات التربوية المعروفة في المناهج و طرق التدريس** ، الطبعة الأولى، القاهرة : عالم الكتب.
- قطامي، نايفه (2004): **تعليم التفكير للمرحلة الاساسية**، ط2، دار الفكر للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- قطامي، نادية (2001): **تعليم التفكير للمرحلة الاساسية**، دار الفكر، عمان، الاردن.
- القحطاني، سالم بن علي سالم (٢٠٠٠): **فاعلية التعلم التعاوني في تحصيل الطلاب و تنمية اتجاهاتهم في الدراسات الاجتماعية بالمرحلة المتوسط**، مجلة كلية التربية، جامعة الامارات العربية المتحدة.
- القطراوي، عبد العزيز جميل عبد الوهاب (٢٠١٠): **أثر استخدام استراتيجية المتشابهات في تنمية عمليات العلم ومهارات التفكير التأملي في العلوم لدى طلاب الصف الثامن الأساسي**، كلية التربية في جامعة الاسلامية في غزة، رسالة ماجستير غير منشورة.
- الكبيسي، عبدالواحد (٢٠٠٧): **القياس و التقويم: تجديدات و مناقشات**، ط١، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.
- محمود، حسن الأستاذ(٢٠١١): **مستوى قدرة على التفكير التأملي لدى معلمي العلوم في المرحلة الاساسية بغزة**، مجلة جامعة الأزهر بغزة، سلسلة العلوم الإنسانية، المجلد 13 ، العدد1 (B).
- مصطفى، إبراهيم و الزيات، أحمد و عبد القادر، حامد و النجار، محمد (١٩٦٠): **المعجم الوسيط**، المكتبة الإسلامية للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- ملحم، سامي محمد (٢٠٠٥): **القياس والتقويم في التربية وعلم النفس**، ط٣، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن.
- ملحم، سامي محمد (2002): **مناهج البحث في التربية و علم النفس، كلية علوم التربوية**، ط2، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
- محجوب، وجيه (2000): **التعلم و التعليم و البرامج الحركية**، دار الفكر للنشر و التوزيع، عمان-الاردن.
- منسي، محمود عبدالحليم (1994): **القياس و الحصاء النفسي و التربوي**، دار المعارف، مطبعة التوني، الاسكندرية-مصر.

- منسي ، محمد (2003): **التعلم ( المفهوم _ النمـاذج _ التطبيقـات )**، ط1، مكتبـة الأنجلـو المصرية ، القاهرة.
- النور، يعقوب احمد (٢٠٠٧): **القياس والتقويم في التربية وعلم النفس**، ط١، الجنادرية للنشر والطبع، عمان، الاردن.
- نوفل، بكر محمد (٢٠٠٨): **تطبيقات عملية في تنمية التفكير باســتخدام عادات العقل**، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- نــواف، بن مقبــل بن عبيد الســران (٢٠٠٢): **أثر استخدام خرائط المفاهيم في تدريس مقرر الأحياء على تحصيل واتجاهات طلاب كلية المعلمين بحائل**، رسـالة ماجسـتير غير منشورة، كلية التربية، قسم المناهج وطرق التدريس، جـــامعة أم القــرى، لمملكة العربية السعودية.
- نبهان، يحيى محمد (2008): **الاســئلة الســابرة و التغذية الراجعة**، ط1، دار اليازوري للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
- الهويدي، زيـد (2002): **مهـارات التـدريس الفعـال**، ط1، دار الكتـاب الجـامعي، العين، الامارات العربية المتحدة.
- هادي، ثابت كامل (2014): **اثر مـهارات التفكير التأملي في الاداء التعبيري لدى طلاب الصف الرابع العلمي**، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل.
- يوسف العتوم، عدنان و آخرون (٢٠٠٩): **تنمية مهارات التفكير نماذج نظرية و تطبيقات عملية**،ط٢، الدار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان.
- يوسـف اسـماعيل الطيطي، مسـلم (٢٠١٤): **فاعلية اسـتخدام اسـتراتيجية عظم السـمك في تحسـين التحصـيل لدى طلاب الصـف السـادس الأسـاسـي في مادة العلوم**، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد الثاني والعشرون،العدد الرابع.

**به زمانى ئينگليزى:**

- Costa, A, Germiston, R (2001), Conative coaching: A foundation for Renaissance schools, nor wood, MA, Christopher Gordon phds.
- Dewey, J (1961): **Democracy and Education**. New York: Macmillan.
- Hall, T. & Strongman, N. (2002) Graphic Organizers. Wakefield, MA: national center on Accessing the General Curriculum.
- Wehmeier, sally (2005) **Oxford Advanced Learner's Dictionary**, Tehran, 7th edition.
- Walsh, S, (2000) The effect of using fish bones strategy in teaching biology Comparing with the traditional methods. Unpublished doctorate dissertation, university of Faraj, America.

- Walsh, Jsattes, (2000), ansidesahool, imbrofemen, sreatingh ighberming, learning offside, of educational research.

**ئینتەرنێت:**

- دعيم، عزيز سمعان ، الثلاثاء، 31 كانون ثاني 2012، 16:05

- https://www.linga.org/methodsofstudy-articles/MzQzMQ==

العامري، محمد بن علي شيبان: إستراتيجية عظمة السمكة Fish Bone Strategies ، ئینتەرنێت٢٠/ ٤/ ٢٠١٥:

- http://www.nlp5.com/readArticle.aspx?ArtID=912&SecID=25&DeptCatAricleID=2
- Hall, T., & Strangman, N. (2002). Graphic organizers. Wakefield, MA: National Center on Accessing the General Curriculum. Retrieved on (6/3/2013) from: http://aim.cast.org/learn/historyarchive/backgroundpapers/graphic_organizers#.Vb9m2vmqqko.
- http://www.ascd.org/ASCD/pdf/journals/ed_lead/el_198105_slavin.pdf
- Stahl, Robert J.: The Essential Elements of Cooperative Learning in the Classroom. ERIC Digest, 1994-03-00 (http://www.ericdigests.org/1995-1/elements.htm).
- Dalrymple, Jane (2005): Constructions of child and youth advocacy: emerging issues in advocacy practice, Volume 19, Issue 1.( http://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1002/chi.828/abstract).
- Jensen, Eric (1998): Teaching with the Brain in Mind, (http://www.nielsenbortel.com/uploads/2/4/0/7/24075463/teaching.with.the.brain.in.mind.pdf)
- GREGORY, G., & CHAPMAN, C. (2002). *Differentiated instructional strategies: one size doesn't fit all*. Thousand Oaks, Calif, Corwin Press
- https://www.merriam-webster.com/dictionary/reflection

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١)

## زانیاری دەربارەی خوێندکار

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی سیانی خوێندکار | | | | | پۆل | |
| مانگ و ڕۆژ و ساڵی لەدایک بوون | ١٩٩٩/٣/٢٣ | | | | لق | |
| ساڵی مانەوە هەیە | بەڵێ | | | | نەخێر | |
| بڕوانامەی باوکی خوێندکار | | | ناوەندی | | | |
| بڕوانامەی دایکی خوێندکار | | | ناوەندی | | | |

## پاشکۆی (٢)
## نووسراوی ڕێگەپێدان بۆ ئەنجامدانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

١٨٢

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی / ڕۆژئاوا
﴿ بەڕێوەبەرێتی کارگێڕی ﴾

IRAQI KURDISTAN REGION
COUNCIL OF MINISTERS
MISTRY OF EDUCATION
